Generated by Foxit PD
http://www.foxitsoftwar
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

# لێکۆڵینەوەیەك لە سەر شارۆچکەی ڕزگاری

ئامادەکردن و کۆکردنەوەی

سیروان سلێمان- سۆلاڤ عبدالسلام

*Compiled by*
*Solav A.Salam- Sirwan Sleman*

٢٠١٤



## پێناسەی کتێب

ناوی کتێب: لێکۆڵینەوەیەك لەسەر شارۆچکەی ڕزگاری

بابەت: لێکۆڵینەوە

ئامادەکردن و کۆکردنەوەی :- سیروان سلێمان- سۆلاڤ عبدالسلام

تایپ: سۆلاڤــ عبدالسلام - سیروان سلێمان

دیزاین و هەڵچنی ناووە: سۆلاڤــ عبدالسلام

دیزاینی بەرگ: ئارام لقمان

چاپخانە:-

چاپی یەکەم ٢٠١٤ - ڕزگاری

تیراژ:١٠٠٠ دانە

نرخ: ٣٠٠٠ دینار

® لەسەر ئەرکی بەڕێز " سالار محمود" پەرلەمانتاری کوردستان بە چاپ گەیەنراوە.

©مافی لە بەرگرتنەوە و بلاوکردنەوەی هەر بەشێکی ئەم کتێبە پارێزراوە بۆ دانەران.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

# دەستپێك

... نوسین یەكێكە لە هۆكارەكان بۆ زیندوو هێشتنەوەی هەر میللەتێك و جۆرێك لە ئاشنایی دەبەخشێتە نەوەكانی داهاتوو بۆ ئەوەی لە مێژوو و ڕابردووی ئەو نەتەوە یاخود ئەو ناوچەیە بزانن. بێگومان ئەویش جۆری هەیە جا بە پەرتوك بێت یاخود هەر جۆرێكی تر گرنگ خستنە ڕوو و مانەوەیە وەك خۆی ئەوەی لێرەدا باسەكەی ئێمەیە وەك ئەم پەرتوكەی بەردەستمانە هەرچەندە نەمانتوانیوە خزمەتێكی وەها بە كتێبخانەی كوردی و خەڵكی ناوچەكەمان بكەین، بەڵام هیوادارین توانیبێتمان كەلێنێك لە بۆشایی ئەم شارۆچكەی " ڕزگاری" پڕبكەینەوە لە ڕووی كلتوری و ڕۆشنبیری یەوە. شارۆچكەی ڕزگاری مێژوویێكی زۆر كۆنی نی یە چونكە دروستكردنی ئەم شارۆچكەیە خۆی لە خۆیدا زوڵمێكی گەورە و كارێكی دڕندانە بوو ، چونكە لادێكان سوتێنران و دانیشتوانەكەی هێنرانە ئێرە یاخود كەس و كاری ئەنفال كراوەكان كە كەسیان نەمابوو هێنرانە ئێرە كەواتە ئەم شارۆچكەیە مەنزڵگایەكە بۆ غەم و ئازار. هەر لەبەر ئەم هۆكارەش ناونیشانی كتێبەكەمان نەكرد بە مێژوو چونكە وەك لێكۆڵینەوەیەكی مەیدانی بووە لە نێو شارۆچكەكە.و باسكردنی زۆربەی هەرە زۆری لایەنەكانی ژیانیان بووە لە هەموو ڕووەكانەوە و هەوڵمانداوە هیچ لایەنێك بە پێی توانا پێشێل نەكەین و پەرتوكەكەش پێكهاتووە لە چەند بەشێك و پاشان چەند باس و خواستێكی ئەم شارۆچكەیە. ئەوەی



ئێمەی هاندا بۆ ئامادەكردنی ئەم پەرتووكە چەندین هۆكار بوو وە هەستمان بەچەند خاڵێكی لاوازكرد وەك نەبونی مێژووی ئەم شارە یاخود زانیاریەك كە ئەو كەسانەی دێنە ئێرە یان كەسانێك كە زانیاریەكی ئەوتۆیان لەسەری نیە ئەمە بۆ خۆی بۆخۆی گەورەترین كەلێنی لەنێو بیر و ئەندێشەی ئێمەی نوسەران دروستكرد. چونكە خۆی پێشتر بە كۆمەڵگای زۆرە مللیێ دروستكراوە ، هەروەها چەندین جار لەلایەن خوێندكارانی زانكۆ ئاگادار دەكراینەوە،كە ڕاپۆرتی دەرچوونیان لەسەر مێژووی ئێرە بێت ، بەلاَم سەرچاوە نیە.واتە نەبوونی سەرچاوەیەكی باوەڕپێكراو بۆ ئەم مەبەستە و ئەوەی ئێمەی سووركرد بۆئەوەی بەردەوامی بدەین بەتۆماركردنی ئەم مێژووە چەند خاڵێك بوو وەك ئێمەی نوسەری ئەم شارە وەها بیرمان كردەوە ئەگەر نوسەرێك بێت لەدەرەوە ئەم شارۆچكە مێژووی شارۆچكەكەمان بنوسێتەوە بەلامانەوە ناخۆش دەبوو،و دەبێت خۆمان شانی پێدا بكەین بۆئەوەی ئەگەر شتێكی كەمیش بێت هەرباشە، چونكە ئەو كات خۆمان بەرپرس دەبین بەرانبەر نەوەكانی داهاتوو و بەرانبەر شارەكەمان بە گشتی ئەوەی ئێمەی گەشبین كرد خۆمان وەك نوسەری شارۆچكەكەمان خۆمان بەدەست و پێنوسی خۆمان مێژووی خۆمان بنوسینەوە. بێگومان لە كاتی نوسین یاخود هەوڵەكانماندا بۆ نوسین و ئامادەكردنی ئەم پەرتوكە توشی گیرو گرفت دەبوینەوە گەورەترین گرفتیش ئەوە بوو ڕزگاری مێژوویەكی زۆر كورتی هەیە و هیچ سەرچاوەیەكیشمان دەست نەدەكەوت بۆئەوەی پشتی ڕاستەقینەی پیێ ببەستین،ئەوەی پشتمان پیێ

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.

Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

بەستووە چەند کتێبێك و ڕاپۆرتی خوێندکارانی زانکۆ بووە لەسەر گەرمیان یاخود ڕزگاری .ئەمانە وەك سەرچاوەی سەرەتایی بووە هۆی دەوڵەمەندکردنی ئەم بەرهەمە بەڵام بە پێی ئەزموون و ژیانی ڕۆژانەی خۆمان لێرە بە پێی ئەوەی لێرە لە دایك بووین و لێرەش ئەژین کەواتە بۆ خۆشمان سەرچاوەین ،و هەندێ شتمان بە پشت بەستن بەوە نوسیوەتەوە و نابێت ئەوەشمان لە یاد بچێت هاوڵاتیانی شارۆچکەکە بە گشتی و سەرجەم دامەزراوەکانی شارۆچکەکە بە حکومی و ناحکومیەوە هاوکارمان بوون بە پێدانی هەر زانیایەك کە پەیوەست بێت بەم شارەوە و پەرۆش بوون بۆ بەرهەمێکی لەم جۆرە چونکە خزمەتە یەکەم بە "ڕزگاری" و دووەم بە کتێبخانەی کوردی.:دەتوانین بڵێین:نیشتیمانی یەکەم بۆ ئێمە شارۆچکەی ڕزگاری یە .

ئەم کتێبە چەند بەشێك لە خۆ ئەگرێت هەر لە سەرەتای دروستبونیەوە وەك ئۆردوگاوە تاکو ئەمرۆ (واتە نوسینی کارەکەی ئێمە).

ئازیزان...بێگومان هیچ نوسین و کتێبێك بێ کەم و کورتی نابێت و کەسیش ناتوانێت بڵێت تەواو باشترینم جگە لە خوای گەورە ، بەڵام گرنگترین شت ئەوەیە بەردەوام بین و ئەزمون لە ژیان و هەڵەکان وەربگرین و ئەوەشی لە تواناماندا بێت بە پێی ئەو زانستەی خوای مەزن پێی داوین لەگەڵ سود وەرگرتن لە بابەت و نوسینی کەسانی تر توانیومانە پشتی پێ ببەستین. بێگومان دانانی کتێبێکی لەم جۆرەش کارێکی ئاسان نیە گەر هاوکاری و پشتیوانت نەبێت ڕاستە خوای گەورە



هاوکارە، بەڵام هیچ نەبێت کاتێکی زۆر باشی ئەوێت بۆ ئەوەی چ بە ئەزمون بێت یاخود وەرگرتنی زانیاری بێت یان هەر بابەتێکی پەیوەندیدار بەم شتانەوە بۆیە ئێمەش کاتێکی زۆری پێچوو تا ئەمە دروست بوو .هەروەها نەك تەنها بۆ ئەم بەرهەمە بەڵکو بۆ هەر کارێکی تر یاخود نوسینێك کە جێگەی ڕەخنە یاخود بایەخپێدانە بە گەورەیی خۆتان بمانبوورن ،بەڵام دەتوانن هاوکار بن بۆ شتی باشتر ، هەروەها بە پێی توانا هەوڵمانداوە ئەوەی لە پێمان کرابێت بیکەین بە پێی دڵسۆزی و خۆشەویستیمان بۆ شارەکەمان. ،دڵنیاتان دەکەینەوە هەرگرفتێك درکمان پێ کردبێت هەوڵمانداوە چارەسەری شیاوی بۆ بدۆزینەوە.

شایانی باسیشە هەر شارێك مێژووی نەبوو نوسەرانی شارۆچکەکە دەتوانن مێژووی بۆ بنوسنەوە بەبێ ئەوەی پشت بەهیچ سەرچاوەیەك ببەستن ، بەڵام ئێمە وەك نووسەران ئەوەمان نەکرد بەڵکو سودمان لە زۆر کتێبی مێژووی وەرگرتووە بە تایبەت کتێبی "د.دەرباز محەمەد"( **کەلار لە لادێوە بۆ شار)** کە کارێکی نایابە بۆ قەزای کەلار ئەمە با نەبێتە جۆرێك لە بردن بەڵام بۆ ئێمە سودبەخش بوو لە ڕووی دارشتنەوە یاخود شێوازی نوسین هەرچەندە شێوازێکی نوێ و جیاوازیشمان داوە بە کارەکەی خۆمان بەڵام لێرەدا نەمانویست مافی هیچ کەسێك پێشێل بکەین گەر خۆشی ئاگای لێنەبووبێت. ئەمەی ئێمە کردومانە تەنها ئەرکی سەرشانی خۆمان بووە لە ڕوانگەی هەست کردن بە بەرپرسیاریەتی بۆ "ڕزگاری" کە کارێکی لەم چەشنە بکەین بۆئەوەی

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

مێژووی شارۆچکەکەمان تۆماربکەین هیواداریین توانیبێتمان خشتێکمان خستبێتە سەر خشتێك بۆئەوەی کەلێنێکی زۆر بچوك پڕبکەینەوە لە دروستکردنی میللەتێکی خاپورکراو و ستەمدیدە لە ڕووی کلتوری و ڕۆشنبیری یەوە . پشت بە خوا لێرەوە ئەمە نابێتە کۆتا کار بۆ "**ڕزگاری**" بەڵکو دوای ئەمەش شتی باشتر و جوانتر و بە پێزتر بە ڕێوە دەبێت ، چونکە ئێستا بە هۆی تەکنەلۆژیا و ئازادی تەواوەوە دەتوانین خزمەت بە نەتەوە و شارەکەمان بکەین لە هەموو ڕووەکانەوە بە تایبەت نوسین و خوێندن و ناشبێت بۆ خۆمان هیچ بەربەستێك دروست بکەین بەڵکو گرنگ بەرەو پێشچوونە ڕاستە بێ پاڵپشتی ناکرێت بەڵام هیچ نەبێت با سەیری نوسەرانی پێش خۆمان بکەین کە تەنها ئامانجیان بەرەو پێشچون و مانەوەی نوسینی کورد بووە کەواتە ئەرکی هەمومانە بەرپرس بین بەرانبەر نەوەکان و نەتەوەکەمان بە تایبەت بۆ ئەم چەرخەی ئێستا کە چەکی دەستمان تەنها نوسین و پێنوسە بۆ بەرەو پێشچونی نوسینی کوردی لە سەرجەم بوارەکاندا.جێی خۆیەتی لێرەدا سوپاسی یەکە بە یەکە ئەو کەسانە بکەین گەر تەنانەت بە یەك وشەش بێت هاوکارمان بوون چ دۆست و هاوڕێیانمان لێرە یاخود هەر شوێنێکی کوردستانەوە بێت بۆ تەواو کردنی ئەم کتێبەلە ڕووی مەعنەوی یاخود هاندانمان بۆ کردنی شتێکی باش کە خزمەت بگەیەنێت ، دەستی ماندووبونتان دەگوشین، دڵنیابن هاوکاری ئێوەش بە باشی ڕەنگدانەوەی هەیە بەسەر کارەکانەوە. هیواداریین ئەم کتێبەش ببێتە سەرچاوەیەك بۆ ئەو کەسانەی لەمەودوا دەیانەوێت کار بۆ بەرەو



پێشچوونی ناوچەکە بکەن یاخود بینوسنەوە بە شێوەیەکی جوانترو باشتر.وە بەبێ لە بیرکردنی ئەوەی کە ڕزگاری "**پایتەختی ئەنفال**" ە . جێگەی زۆربەی هەرە زۆری کەس و کاری ئەو ئازیزانەیە کە بێ سەرو شوێن کراون لە بیابانە نەعرەتیەکانی عەرەبستاندا . لایەنی زۆری نوسینەکانمان لەسەر ئەم بابەتەیە. کورد و کوردستان بە گشتی توشی کارەساتی جۆراو جۆر بووە و دەرد و چەرمەسەری زۆری چەشتووە ، بەڵام "ڕزگاری" تا ئێستاش بریندارە و ساڕێژبونیشی جارێك مەحاڵە و فرمێسکی چاوی دایکانمان لە چاویاندا قەتیس ماون "دڕندەیی "بەعس بۆ ئەم ناوچەیە بە ڕادەیەکە کە هیچ ویژدانێك هیچ چاوێك هیچ ئایین و ئایینزایەك ، هیچ یاساو حکومڕانیەك قبوڵی ناکەن. هەر ئەم هۆکارەش وایکردووە "**ڕزگاری**" لە زۆر ڕووەوە پەراوێز خرابێت یاخود مێژوویەکی تایبەت بە خۆی نەبێت. بێگومان ناوچەیەکیش هەمیشە لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتێکدا بێت کە دژی بوەستێتەوە و سەرکوتی بکات ئەوە ناتوانێت بەرەو پێش بچێت و هیچ بکات، بەڵام سوپاس بۆ خوا ژیان هەر بەردەوامە و نەوەکانی ئێستا شایەتی ئەوە دەدەن کە دەستی کردنی هەموو شتێکیان هەیە و دەتوانن شان بە شانی هەموو وڵاتان و نوسین و بەرەوپێشچوون بکەن. ئەوانەی ئەو ساڵانەی دواتریش دیارترینن و لە کتێبەکەشماندا ئەوەی ناسیبێتمان ئاماژەمان پێداون کە لە نوسین و بە ڕۆشنبیرکردنی کۆمەڵدا دەستی دیاریان هەبووە جا بۆ ئێرە بێت یاخود بۆ کوردستان بە گشتی هیواداریین ئەمە ببێتە هاندانێك

Generated by Foxit PD
http://www.foxitsoftwar
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

بۆیان بۆ ئەوەی کارەکانیان بەرەو پێشتر ببەن و جوانتر و باشتر کار بکەن.

***ڕاستە مەبەستی سەرەکیمان دەرخستن و گرنگیدانە بە ناوچەکە"گەرمیان" و "ڕزگاری" بە تایبەت بەڵام لە هەمان کاتدا ناشمانەوێت ناوچەو ناوچەگەرێتی بکەین و جیاوازی بکەین چونکە هەموومان لە کوردستان ئەژین و هێشتا خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمان نین.هیوامانە کە کەسانی دەرەوەی "ڕزگاری"یش سودی لێوەربگرن و لێرەوە بیناسن.بەڵام سەرەکیترین ئامانجمان بوونی نەتەوەیەکی سەربەخۆ و ئازادی و بەرەو پێشچوونی کوردە.و خزمەتە بە ناوچەیەکی خاپورکراوی ئەم نیشتمانە.

solavsalamm@gmail.com

2014-04-09



## سەرنج"

ئەمەوێت ئاماژە بەوە بدەم کە کارکردنی من لەم بەرهەمەدا هێندە نەبووە کە هاوکارەکەم کردویەتی و پەرۆش بووە ئەوویش بە بوونی چەند هۆکارێك، بەڵام هەر توانیومە کارێك بکەم بە هاوکاری دۆست و هاورێیانم هەروەها بەهۆی بوونی کاری سەرەکیمەوە نەمتوانیووە هەقی تەواو بە کردنی کارەکە و هاوکارەکەم بدەم ، بۆیە برای بەرێزم "**م.سیروان سلێمان**" زۆربەی کارەکانی دەرەوەی کردووە ماندووبونی لەگەڵ کێشاوە ئەرکی من تەنها کاری کۆمپیوتەری بووە لەگەڵ چەند چاوپێکەوتنێکی کەم. بۆیە دیسانەوە ببەخشن لە کەم و کورتی.هیوادارم بەبێ بوونی هیچ بەرژەوەندیەك و جیاوازیەکی رەگەز و ڕەنگ بیروڕاو و تەمەنەوە هەموومان هاوکاری یەکبین لە بەرەو پێشچوونی کۆمەڵگەکەمان .هەروەها ئەمەوێت ئەوەش بڵێم کە چاوپێکەوتن یاخود قسەکان وەك خۆی نەنوسراوەتەوە بەڵکو ڕێککاری ڕێزمانی و زمانی پەرتوکی پێدراوە ،بۆیە سڕینەوە یان زیادکردن هەبووە، یان گەر پێویست نەبوایە هەندێ ناو هەر لابراوە . بەڵام سودی لێبینراوە وەك سەرچاوە. لەگەڵ ئەو پەڕی ڕێز و سوپاسم بۆ سەرجەم ئەو کەسانەی کە هاوکار بوون لەگەڵمان.

**سۆلاڤ**

Generated by Foxit PDF
http://www.foxitsoftwar
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

# بەشی یەکەم

## مێژووی دروستبوونی (صمود) ڕزگاری



### پێش دروست بونی شارۆچکەکە

پێش ساڵی (١٩٨٧) شوێنی ئەم شارۆچکەیە لەلایەن جوتیارانی گوندەکانی دەوروبەریەوە بەکاردەهێنرا بۆ چاندنی(گەنم و جۆ) چونکە دەشتێکی کشتوکاڵی بە پیت بوو .هەروەها تەخت و فراوان و لماوی و زۆر گەرمیش بوو.ئەم دەشتە بەناوی دەشتی (تەختە و نەختە) بەناوبانگ بووە.زۆربەی پیاوە ڕیش سپیەکان دەیگێڕنەوە:کە لە سەردەمی ئەواندا دەهاتن بۆ ڕاوکردنی (ئاسك و سوێسك). و لەنێوان گوندی( کارێزەی حەمە کەیفە و کەلاری کۆن).ئەو ڕووبەرە بەدرێژایی نێوان هەر دوو گوندەکە ئاوی لێ نەبووە،ڕێبوار نەیدەتوانی ئەو ماوە درێژە بەبێ ئاو تێ پەڕنێت چونکە بەرزی پلەی گەرما و نەبونی سەرچاوەی ئاو هۆکاری سەرەکی بووە.

لەنێوان قەزای کفری و شارەدێی کەلار دا پیاوێك هەبوو بەناوی (حاجی حەسەن فەرەج) کە پاسێکی داری هەبووە هاتووچۆی پێ دەکرد لەگوندی شێخ لەنگەرەوە دەکەوتە ڕێ بۆ گوندی بنگرد لەوێشەوە بۆ شارۆچکەی سەرقەلاّ و لەوێشەوە بۆ قەزای کفری هەموو گوندەکانی سەر ئەم هێڵە بە(پاسەکەی حاجی حەسەن) هاتوچۆیان دەکرد کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نێوان ساڵەکانی(١٩٦١ – ١٩٧٥).[١]

---

[1] کتێبی (قەزای کفری .. شارە دێی کەلار لەپەنجاکاندا و پاسەکەی حاجی لەنێوان(١٩٦١ – ١٩٧٥) چاپی یەکەم ساڵی (٢٠١٢) کەرکوك لاپەرە(١٨٦-١٩٠) لەنوسینی (محمد شاکەلی).

Generated by Foxit PDF Creator
http://www.foxitsoftware.com
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

## مێژووی دروستبونی کۆمەڵگای صمود"ڕزگاری"

زەوی ئەم کۆمەڵگایە موڵکی جوتیارەکانی کەلار بووە کە بەکاریان دەهێنا بۆ ئەنجامدانی کاری کشتوکاڵی و دانەوێڵەی وەك:گەنم و جۆ.ڕژێمی صدام بەپلانێکی بەرنامە بۆ دارێژراو لەڕێگەی ڕاپۆرتێکی نهێنی کە ئاراستەی بەڕێوەبەری شارۆچکەی تیلەکۆ و قایمقامی کەلاری کردبوو لەساڵی(١٩٨٥) پێیانی ڕاگەیاندبوو کە لەدەشتی شاکەل کۆمەڵگایەکی زۆرەملێ دروست بکرێت،بەفەرمانی (علی حسن مجید) ناسراو بە (عەلی کیمیاوی).لەساڵی(١٩٨٧) بەسێ جار لەگوندەکانی دەوروبەری کۆمەڵگاکە خەڵك کۆکرایەوە بۆئەوەی کۆمەڵگایەکی زۆرەملێ دروست بکرێت لە سنوری ناوچەی گەرمیان کە دوو شوێن دەست نیشان کرا بۆئەوەی خەڵکی گوندەکان لەوێ کۆبکرێنەوە،یەکەم:کۆمەڵگای صمود لەنزیك کەلار دووەم:شۆڕش لەنزیك چەمچەماڵ.[2] دوای دروستکردنی کۆمەڵگای صمود لەساڵی (١٩٨٧) حکومەتەکەی صدام هەستا بەدەستپێکردنی شاڵاوەکانی ئەنفال کە ئەنفالی ناوچەی گەرمیان بە(ئەنفالی سێ)دەناسرێت کە زۆرترین پشکی شاڵاوەکەی بەرکەوتووە. هەروەها پێش پرۆسە بەدناوەکەش زۆر لە گوندەکانی ناوچەکە سوتێنران و خەڵکەکەی هێنرانە ئەم کۆمەڵگایە ئەویش بەهۆی ترسی ڕژێمی ئەو کات لە پەرەسەندنی بزوتنەوەی کوردی و هێزی پێشمەرگەی

---

[2] توێژینەوەیەکی مەیدانی لەسەر(ناحیەی ڕزگاری) ساڵی ٢٠١٣ لەئامادەکردنی(کاروان عبداللە علی -هونەر علی حسن) بەسەرپەرشتی (م.یاسین ئاشور جوهر) وەکو بەشێك لەپێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆیس لەزانستی جوگرافیا.



کوردستان.بۆیە بە بڕیارێکی ناڕاست و چەپەڵی حکومەتی بەعس لە ساڵی ١٩٨٧ ئەم کۆمەڵگایە بە بێ بوونی هیچ خزمەتگوزاریەك و بە بێ بوونی هیچ پرەنسیپێکی پەروەردەیی و تەندروستی و ژیان دروستکرا لە شوێنێکی وەك بیابان و کە لە هیچ سەرچاوەیەکی خۆراك و تەنانەت ئاویشەوە نزیك نەبوو. بۆ ئەوەش دروست کرا کە خەڵکەکەی بە تەواوی بکەونە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی بەعسەوە و دوور نەبن بۆ ئەوەی چالاکی یان شتێك بکەن بۆ گەلەکەیان چونکە گەر بشیانویستایە درێژە بە خەباتی نەتەوەیی بدەن ئەوە ڕاستەوخۆ گوللە باران دەکران یان بە دڕندانەترین شێوە سزا دەدران.

-+
-++++++++
3333333333339

Generated by Foxit PDF
http://www.foxitsoftware
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

## ڕاگوێزانی گوندنیشینەکان بۆ کۆمەڵگای صمود

ساڵی(١٩٨٨) حکومەتی پێشووی عێراق هەستا بە وێرانکردنی کوردستان هەرچەندە ئەوە کاری بەردەوامی ئەو حکومەتە فاشیستە بوو ،بەڵام ئەم ساڵە بە دڕندانەترین شێوە ئەژمار ئەکرێت لە ڕووی مرۆڤایەتی ، چونکە ئەم پرۆسە بەدناوە هەر لە ناوبردنی مرۆڤی نەگرتە خۆ بەڵکو ماڵ و سامان و سروشتیشی گرتەوە. ئەم پرۆسەیە چەند قۆناغێکی گرتەوە کە ئەوەی گەرمیان بە ئەنفالی (سێ) ناودەبرێت ئەوانەی لە نوگرە سەلمان مانەوە حکومەتی ڕوخاوی بەعس چەند کۆمەڵگایەکی زۆرە ملێی بۆ دروستکردن وەك: (صمود، شۆڕش...هتد) ئەویش لەبەر ئەوەی ماڵەکانیان وێران بوو بوو وە هیچ شوێنێکیان نەبوو بۆیە لەم شوێنانە نیشتەجێ کران ئەویش بە فشاری حکومەت و بە بێ بوونی هیچ داهات و ژیانێکی دڵنیا. هەر جگە لە پرۆسەی بەدناوی ئەنفالیش زۆربەی خەڵکی گوندەکان ڕادەگوێزران بۆ ئەم کۆمەڵگایە و ماڵەکانیان دەسوتێنران و دەڕوخێنران ئەویش تەنها بۆ ئەوەی مۆرکی کوردی نەهێڵێت.بێگومان ئەم حکومەتە دڕندەیە ڕێگا نەما بە کاری نەهێنێت و تاقی نەکاتەوە بۆ ئەوەی کورد لە ناو بەرێت بەڵام هەر سەرکەوتوو نەبوو. ڕوخانی گوندەکانیش بۆ ئەو هۆکارە دەگەڕێتەوە کە گوندەکان مۆڵگەی پێشمەرگەو خەباتکارانی کورد بوو ئەویش



وای دەزانی بەم کارەی ورەی کورد ئەڕوخێنێت بەڵام بێ ئاگا لەوەی کە زیاتر گڕ دەسێنن بۆ ڕاپەڕین و هەستانەوە و سەرهەڵدان .ئەو گوندنشینانەی کە ڕاگوێزرانەوە بۆ ئەم کۆمەڵگایە بەزۆری لە عەشیرەتەکانی (جاف، گەلاڵی، تەرخانی،کەماڵەیی، باشکی، مامۆیی ،شاتری، ڕۆغزایی،یسوجانی، شەرەف بەیانی، هارونی، زەنگەنە، گێژ، زەند و داوێ، .....هتد. بوون.

Generated by Foxit PDF
http://www.foxitsoftware
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

## کۆمەڵگای صمود لەنێوان ساڵانی (١٩٨٧ – ١٩٩١)

### ساڵی(١٩٨٧)

لەساڵی(١٩٨٧) زۆر گوندەکانی ناوچەی گەرمیان لە لایەن بەعسەوە ڕوخێنران و سوتێنران جگە لەهەردوو گوندی(کارێزە) سەربەقەزای کفری و گوندی(تازەدێ) سەربەقەزای کەلار.دوای ساڵێك ئەو دوو گوندەش هەمان ڕوداویان بەسەر هات و ڕوخێنران و خەڵکەکەشی ڕەوانەی  کۆمەڵگای زۆرەملێ کران.نابێت ئەوەشمان بیربچێت باری ژیان و گوزەران و قوتی ڕۆژانەی خەڵك زۆر سەخت و ناڕەحەت و نالەبەر بوو.کۆمەڵگای زۆرەملێی (صمود) جگە لەوەی کە خەڵکەکەی توشی سەدان دەردەسەری و نەهامەتی و ماڵ وێرانی بوون و وە بە زۆر هێنرابوونە ئەم کۆمەڵگایە.ڕژێمی ئەو کات هەر بەوەشەوە نەوەستا چاودێریەکی چڕی دەکردن و شارەکەی لێکردبوونە زیندانی ئەویش بە دەورەدانی هەر چوار لای شارۆچکەکە بە ڕەبیەی سەربازی و تەلبەند کردنیشی ئەویش هیچی کەمتر نەبوو لە نوگرە سەلمان و زیندانیە نەگرەتیەکانی تر.شایەنی باسە  لەو کاتەدا حکومەتی بەعس بۆ ئەوەی  خەڵکی بۆ خۆی ڕابکێشێت و بڵێت خزمەتتان ئەکەم لێرە چەند قوتابخانەیەکی کردەوە ، بەڵام ئەمەش هەر مزایەدەی سیاسی بوو خوێندن تێیدا بە عەرەبی بوو وە هەموو ئەو پرۆگرامانەشی



دەخوێنران بۆ خزمەتی بەعس و ستایشی ئەوانی تێدا دەکرا.بۆ ئەوەی بیری منداڵی کورد بە بیری بەعسی گۆش بکەن.[٣]

کەواتە لە ماوەی ئەم ساڵەدا لە ڕزگاری ئەوەشی ناوی پەروەردە بێت تەنها بۆ ناو بووە ئەگینا هیچ بنەمایەکی پەروەردە و فێرکردن نەبووە.ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێکی زەق و دیار ئەوانیش بەهۆی ئەوەی کەزۆربەی هەرە زۆی دانیشتوانی شارۆچکەکە لە گوندەوە بە ماڵوێران هاتبونە ئێرە و هیچ شتێکیان نەبوو کە پێی بژین. بۆیە گەر بشیان ویستایە شتێك بکەن ئەوا تەنها بۆ بەڕێکردنی ژیانیان بووە ڕاستە لە هەمان کاتدا بوارەکانی ژیانیشیان لە یاد نەکردووە ، بەڵام گەر مرۆڤ بێبەش بێت لە سەرجەم مافە سەرەتایەکانیش ئەو کاتە بیر لە ژیان دەکەیتەوە تەنها بۆ نەمردن، بۆیە ڕزگاری ئەم ساڵەی بە دەردەسەری بەڕێکرد چەندەها کەس بە بێ هۆکار گیانیان سپارد .

[3] چاوپێکەوتن (فازل محەمەد حەمید) پسپۆڕی زمانی عەرەبی مامۆستا لەقوتابخانەی کۆماری بنەڕەتی لەبەرواری٢٠١٣/١١/٣

Generated by Foxit PDF
http://www.foxitsoftware
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

## ساڵی(١٩٨٨)

★ساڵی(١٩٨٨) لەوەرزی بەهاردا خەڵکی گوندەکان خەریکی کاری ئاسایی ژیانی خۆیان بوون صدام و دارو دەستەکەی بەهۆی ئەو پلانە دایان نابوو دەستیان کردە جێ بەجێ کردنی شاڵاوەکانی شومی ئەنفال بە چەند قۆناغێکی جیاواز کە سەرجەم کوردستانی گرتەوە ، بەهەمان شێوە قۆناغی سێ بەر گەرمیان کەوت بە خاپورکردنی سەرجەم گوندەکانی ئەمە جگە لە بێ سەروشوێن کردنی دانیشتوانەکەی. ناوچەی گەرمیان زۆرترین پشکی ئەو پرۆسە بەدناوەی بەرکەوت ئەوەش بە چەند هۆکارێك بە درێژیی لە بەشێکی تایبەتدا بە (ئەنفال) لەم کتێبە باسی ئەو هۆکارانە دەکەین. ڕژێمی بەعس (١٨٢)هەزار خەڵکی ئەنفالکرد و زیاتر(٤٥٠٠) گوندی خاپور کرد و ئەوەی مایەوە ئەنفال نەکرا،لەزیندانی کۆمەڵگای زۆرەملی هەموویانی کۆکردەوە.ئەوەی ڕژێم کردویەتی بەنەتەوەی کورد هیچ ستەمکارێك لەکاتی حوکمڕانی خۆیدا نەیکردووە کۆمەڵگای (صمود) بەهۆی ئەوەی زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی بەجێماوی کەس وکاری ئەنفالکراوەکانن، ناوی لێنرا (پایتەختی ئەنفال و شەهیدان ئەم کۆمەڵگایە هەمووی خەڵکی گوندنشینەکان کۆکرانەوە و جگە لەزمانی کوردی دایك،زمانێکی تریان نەدەزانی هەربۆیە ڕژێمی بەعس هەستا بەدروستکردنی قوتابخانەیەکی کوردی بەناوی(مەریوان) بەڕێوەبەرەکەی بەناوی(اسماعیل جەبار



جەوهەر) خەڵکی قەزای کفری بوو.

## ساڵی(١٩٨٩)

★ساڵی(١٩٨٩) میللەتی کورد بە گشتی توشی ماڵ وێرانی بوو وەك کەڤ سەر ئاوی لێهاتبوو نەیدەزانی چی بکات. ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بارودۆخی خەڵکەکە بەرەو خراپتر دەچوو وە سزاو درندەیەکان و چاودێریەکان لەلایەن دام و دەزگاکانی بەعسەوە توندتر دەبوو.دوای تێکشکاندنی هێزی پێشمەرگە کوردستان بە گشتی توشی پەرتەوازە بوون هات. هێزی پێشمەرگە بەرەو خاکی ئێران ڕۆیشت بۆئەوەی لەوێ خۆی بگرێتەوە و خۆی ڕێکبخاتەوە.خەڵکی ئەم شارۆچکەیەش وەك هەموو ناوچەکانی تر بێ بەش نەبوو لە دەردەسەری و ماڵوێرانی و بەهۆی تاوانی بەدناوی ئەنفالیشەوە ئەوەی ڕزگاری بوو لە گەرمیان لێرە نیشتەجێ بوو، بەڵام بەهۆی نەبوونی سەرچاوەکانی ژیان و بوونی تاوانێکی گەورەی لەو جۆرەوە توشی هەموو قەیرانەکانی ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی بوبوون.ئەتوانین بڵێین ئەم ساڵە خەڵکی ئەم شارۆچکەیە دووربوون لە سەرجەم مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤایەتیش ، چونکە پاش ئەو هەمو دەردەسەری و بەدبەختیەی ئەم خەڵکە ڕەش و ڕووت و داماوە.

حکومەتی ڕوخاوی بەعس هەر دەستی باڵای هەبوو و هێزی خۆی بەکاردەهێنا بۆ سەرکوتکردنیان بە بەکار هێنانی کارە نامرۆڤانەکانی.ڕۆژانە بە دەیان بگرە سەدانیش لە گەنج گوڵلە باران

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

دەكران خەڵكی بە ئازادی نەیدەتوانی بسورێتەوە ژیانی خۆی دابین بكات. تەنانەت نەشیدەتوانی بڵێت كەس و كارەكەم شەهید یان ئەنفالە چونكە ئەویشیان دەكوشت ، یان بێ سەرو شوێنیان دەكرد.

## ڕۆژانی پارتیزانەكانی گەرمیان

*ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ سەردەمانی پارتیزانی هێزی پێشمەرگەی كوردستان لەسنوری ناوچەی گەرمیان مانەوە بۆ خەبات كردن دژی ڕژێمی پێشووی بەعس چونكە ئەم پێشمەرگانە ملیان نەوی نەكرد بۆ صدام و داروودەستەكەی وەك وقڵ ڕۆشتنە هەناوی ڕژێمەوە،حكومەتی صدام بەردەوام خەریكی ئەنجامدانی( كێوماڵی ناوچەكانی گەرمیان بوون.ژمارەیەكی زۆر لەپێشمەرگە مانەوە لە سنورە،من تەنها ناوی ڕەتڵەكان دەنوسم بۆئەوەی هیچ پێشمەرگەیەكی تر ڕەخنەمان لێ نەگرێت ئەو پێشمەرگە پارتیزانانە چوار ڕەتڵ سەرەكی بوون و چەندین مەفرەزەی تری لێ بووەوە،لەناوچەكەدا :

ڕەتڵی یەكەم: بەسەرپەرشتی (كاك عوسمان حاجی مەحمود) و پێشمەرگەكانی.

ڕەتڵی دووەم:بەسەرپەرشتی(كاك مەحمود سەنگاوی) و پێشمەرگەكانی.

ڕەتڵی سێ یەم:بەسەرپەرشتی(كاك كوردۆ قاسم) و پێشمەرگەكانی.



ڕەتڵی چوارەم:بەسەرپەرشتی(شەهیدی فەرماندە حەمە ڕەش) و پێشمەرگەكانی.

هەروەها ئەوانەی نێو شار و قەزا و گوندنیشینەكان ڕژێمی صدام بەهۆی ئەوەی زوڵمی دەكرد بەردەوام لەسێبەری بەر پێ ی خۆی ئەترسا.بەكرێگیراوەكانی صدام بەردەوام زانیاریان دەنارد بۆ سەركردەكانی خۆیان بۆئەوەی وەك گورگی بەرسی بەربنە ئەو خەڵكە بێ تاوانە. جێی باسكردنە كە زۆربەی زۆربەمان خاوەنی پێناسی باری شارستانی نەبوین ڕژێم خۆی هۆكاری ئەمە بوو دواتر هەر خۆشی داوای لێدەكردین پاشان بە بیانووی ئەمە دەكەوتە لێدانمان بە درندانەترین شێوە. بۆیە هەمیشە وەهایان بەگوێمان دەچرپاند (دیواریش گوێچكەی هەیە) ئەوەندە ترساوین تەنانەت ناوی خۆمان وون دەكرد.درندەیی ئەو حكومەتە بە شێوەیەكە كە هیچ وشەیەك نیە وەسفی بكات هەزاران كتێب ناتوانێت باسی ڕاستەقینەی خۆی بكات، چونكە ئەوەی بەزەیی و ویژدان بوو نەیبوو . ئەمانەو هەزاران دەردەسەری تر لە دژواریەكانی ئێمە لەو سەردەمە پشت بەخوا نەوەكانی داهاتوو توشی شتی وا نابنەوە بگرە بچوكترین ناخۆشیشی ئەویش بە دەست و بازووی خۆمان و بەرگری كرد لە خاكەكەمان.[٤]

4 چاوپێكەوتن(كاك جەلیل كۆكسی) یەكێك لەپێشمەرگە پارتیزانەكانی گەرمیان لەبەرواری ٢٠١٣/١١/٣

Generated by Foxit PDF
http://www.foxitsoftware
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

## سالی(١٩٩٠)

★سالی(١٩٩٠) لەدوای هاتنە خوارەوەی گوندنیشینەکان بۆ کۆمەلگاکە،ئەوەی تەمەنی بیگردایەتەوە یەکسەر دەیانبرد بۆ سەربازی بۆ خوارووی عێراق.ڕۆیشتن بۆ سەربازی لەسەر خواست و ویستی خودی خۆت نەبوو.دەبوایە تالآوی ژیانی سەربازی بچێژیت و لەگەڵ ئەو هەموو چەرمە سەریەشدا دەبوایە خزمەتی ئەو حکومەتە فاشیستەت بکردایە کورد وەتەنی دەڵێت:هەموو شتێ لەباریکدا دەپچرێت تەنها زوڵمکردن لەئەستوریدا.حکومەتی دڕندەی بەغدا ئەوەی لەتوانا و توانستی هەبوو بۆئەوەی خۆی بسەلمێنێت لەوتن و کردن درێغی نەکرد،بەلآم دەرئەنجامی زوڵم کردن تەنها دۆراندنە و هیچی تر .



## شەڕی کوەیت

لە درێژەی ئەو زوڵم و ستەمەی کە ڕژێمی عێراق هەیبوو پەلاماری کوەیت دا و وای ڕاگەیاندبوو کە کوەیتیش بەشێکە لە عێراق ، بۆیە ئەو ولآتە دراوسێیەی عێراقیش کەوتە بەر هێرشی ئەو ڕژێمە دڕندەیە.بۆئەوەی بیخاتە ژێر قەڵەمڕەوی خۆی یەوە،صدام دەیووت:کوەیت پارێزگایەکە لەخاکی عێراق ، بەلآم کوەیت بەهیچ شێوەیەك قایل نەبوو بەقسەکانی صدام حسێن.ئەوەی جێگای ئاماژە پێکردنە سوپای عێراق ئەوەی لەچوار دەوری خاکی عێراق بوو شەڕی بێ ئەنجامی دەکرد ئەم کارانەی (صدام) بووە هۆی ئەوەی متمانە لەدەست بدات لەلایەن هێزەکانی ئەمەریکاوە.لەشەڕی کوەیت ئەمەریکا بەتوندی ڕووبەڕووی ڕژێمی بەعس وەستایەوە.بەهۆی ئەو لاوازی یەوە هێزی پێشمەرگەی کوردستان توانی سود لەو لاوازیە وەربگرێت لەڕێگەی نامە نهێنی یەکانی ڕێکخستنەکانی ناوشارەوە بۆ جاش و مستەشارە کوردەکان و سەرۆك عەشیرەتەکان،دۆست و ئەندامان و کەس وکاری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان و پێشمەرگە دێرینەکان و ڕادیۆی شۆڕشی گەلی کوردستانەوە جەماوەریان جۆش و خرۆشدا بۆ زەماوەندی بەهاری ڕاپەڕین.لەگەڵ دەست پێکردنی ڕاپەڕین خەڵك ڕق و کینەوە هەڵمەتیان بردە نێو دام و دەزگاکانی ڕژێمەوە وێرانیان کرد لەگەڵ دابەزینی هێزی پێشمەرگە و پارتیزانەکان بۆ ناو شارەکان گەنجان و لاوانی کورد بەتاقم

Generated by Foxit PD
http://www.foxitsoftwar
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

و تفەنگەوە چوار دەوری پێشمەرگەیان ئەدا،چونکە زۆر دڵخۆشبون بەهاتنە خوارەوەیان و نەمانی زوڵم و ستەمکردن،ئەوەی پەیوەندی بەرژێمەوە هەبوو، یان بووە کرێگیراوی بەعسیەکان خاکی کوردستانیان جێهێشت ڕۆشتن بۆ ژێر سێبەری صدام حسێن لەوێ مانەوە بۆئەوەی ژیانیان پارێزراو بێت. جاش و مستەشارە کوردەکان بەهۆی ئەوەی باریان لار بوو ناچاربوون بۆئەوەی ژیانیان پارێزراو بێت هانایان دەبرد بۆ ماڵە پێشمەرگەکان یان ماڵە شەهیدەکان بۆئەوەی نوسراوێکیان پێ بدەن لەکاتی پێویست هاریکاری بکرێن و گرفتیان بۆ دروست نەبێت. وەك هەر ناوچەیەکی دیکەی کوردستان ئەم شارۆچکەیەش دور نەبووە لەو هەموو زوڵم و ستەمەی بەسەریدا هاتووە، بۆیە زۆربەی گەنجانی ئەو شارە سەرباری ئەوەی چ دەردە سەری و زوڵمە بەسەریان هاتبوو بەهۆی ئەنفال و چەرمەسەریەکانەوە ئەوانیش بەژداری ئەم شەڕەبوون بەهۆی ئەوەی بە زۆر براببوون.[5]

[5] چاوپێکەوتن(عەلی مەلا حسەن ڕۆغزایی) کادری بنکەی ڕزگاری،ناوەندی کۆمەڵایەتی گەرمیان لەبەرواری٢٠١٣/١٢/٢



## ساڵی(١٩٩١)

لە کوردستان هەر کە ناوی ١٩٩١ دەهێنرێت یەکسەر ڕاپەڕینە جەماوەریەکەمان بیر ئەکەوێتەوە بۆیە پێش ئەوەی بچینە سەر باسکردنی ئەو ساڵە باشترە کە باسی خودی ڕاپەڕین بکەین کە چیە؟ڕاپەڕین ئەو هەڵمەتەیە کە لە لایەن تاکەکانی کۆمەڵەوە بە گشتی ئەنجام ئەدرێت و خەڵکیی لە دژی سیاسەتی ئەو وڵاتە یاخود لە ئەنجامی وەڕسبونی خەڵکەکە لە ناحەقی و دڕندەیی هەڵسەنەوە دێنە سەر شەقام.هەروەها بەهۆی ئەوەی کە سیستەمی دەسەڵات بە پێی مافەکانی خەڵك بەڕێوەناچێت و سەرەتاییترین مافیشیان لێ وەرگیراوەتەوە.بێگومان نەبوونی مافیش دەبێتە هۆی بێزاری و هەستانەوەی خەڵك بۆ نەمانی ئەو حوکمڕانیە بە ئامانجی ڕزگاربوون لەو نادادوەریە و دروستکردنی دەوڵەتێکی ئەتۆنۆمی و دیموکراسی.کوردستانیش وەك هەر نەتەوەیەکی سەرزەمین چەندەها جار و بە مێژووی خۆی هەوڵی ڕاپەڕینی داوەو سەرکوتکراوە بەڵام هەر کۆڵی نەداوە و بەردەوام بووە چەندەها قوربانیشی لەو پێناوەدا داوە بەڵام گرنگترین ڕاپەڕین و سەرهەڵدان بۆ گەلی کورد کە وەچەرخانێکی مێژووی بوو بەهاری ساڵی(١٩٩١) بوو. کە سەرجەم خەڵکانی سڤیل خۆیان

Generated by Foxit PDF
http://www.foxitsoftware
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

هاتنە سەر شەقام و پرۆسەكە جەماوەری بوو بە هەستكردن بە بەرپرسیاریەتی و هەڵمژینی هەوای ئازادی.

رژێمی پێشوو بەهۆی درندەیی خۆیەوە چەندین شكستی گەورەی بەدەستهێنا وەك :ویستی نەتەوەی كورد بتوێنێتەوە ، بەلاَم بۆی نەكرا ئەویش بەهۆی خۆڕاگری و نەبەردی و قوربانی دانی گەلی كوردەوە بوو.هەروەها یەكێكی تر لە هۆكارەكان درێژەدانی بوو بە هەمان سیاسەتی درندەیی بەلاَم ئەم گەلە ستەمدیدە جۆش بوو بە لێدان بە سەركوتكردن و كوشتن و برین وەك كورد دەڵێت "جام كە پڕ بوو لێی ئەڕژێت" بۆیە درندەیی ئەو حكومەتە گەشتە ئەو رادەیەی شەقام بۆی هەستێت و گەلی كورد پێی بڵێت "ئیتر بەسە" كورسی و درندەیی تا سەر بۆ كەس نامێنێت..هێزی پێشمەرگەی كوردستان بە سود وەرگرتن لە شكستەكانی حكومەتی عێراق لە شەڕی كوەیت و جەنگی هەشت ساڵەی نێوانی لەگەڵ ئێراندا توانی لە١٩٩١/٣/٥ لەشاری (رانیە)وە بەخوێنی (شەهید عەلی نەبی) راپەرین دەست پێ بكات و بەشێك لەخاكی كوردستان رزگاربكات.

راپەرین یەكێك بوو لە خاڵە وەچەرخانەكانی مێژووی پڕ سەروەری گەلی كورد كە دژی حكومەتێكی درندە وەستایەوە هیچ سەری شۆڕ نەكرد بۆ دەسەلاَتێك كە ئامانجی بنەبڕكردنی كورد بووە. چەندەها قوربانی دا چەندەها خەڵك كوژران بەلاَم كورد هەر بەردەوام بوو لە خەبات تا بە دەستهێنانی مافە رەواكانی خۆی.٥ی ئازار بۆ گەلی كورد هەڵهاتنی خۆری هیوا و ئومێد بوو لە ئاسمانی پڕتەماوی و



تاریكی و داگیركاری.رشتنی تورەیی خەڵك بوو ئەو پرۆسەش شكاندنی و لابردنی سەرجەم ئەو ناعەدالەتیە بوو.١٩٩١ بۆ سەرجەم كوردستانی گەورە وەك شۆڕشی فەرەنسای ١٧٨٩ بۆ كورد گرنگە چونكە بوە هۆی بەرەو پێشچوون و كردنەوەی سەرجەم كایەكانی كۆمەڵگە وەك پەروەدە، تەندروستی ، كشتوكاڵ..هتد. گەورەیی ئەم پرۆسەیە لەوەدا بوو كە خەڵكی بێ جیاوازی بەژدار بوون . شەقام و خەڵك بۆ خۆی پێشرەو بوو تورەیی خەڵك هاندەر بوو راستە كە هێزی پشتیوان و رابەر "پێشمەرگە" بوو بەلاَم بە هاوكاری خەڵك توانرا كۆتایی بە زوڵم و زۆری بهێنرێت.ئەم شارۆچكەیەش بە هەمان شێوەی شاروشارۆچكەكانی كوردستان بە دەنگی ئێزگەی گەلی كوردستان چووە سەر شەقام و دژی ئەو هەموو درندانەییە لە ٩ ی ئازاری هەمان ساڵدا راپەری بێ جیاوازی لە رەگەز و تەمەن و...هتد. چونكە ئەم میللەتە بە گشتی و بە تەواو بێزار بوو بوو لە زوڵم و ستەمكاری ئەو رژێمە.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

## کۆڕەوی دوای ڕاپەرین

هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەڕانیەوە دەستی کردە ڕاپەرین تا کەرکوکی کوردستان ، بەلاَم ڕژێم جارێکی تر خۆی سازدایەوە توانی هەندێ شوێنی تر دەست بەسەردا بگرێت.لەسەر ڕێگای دووز تا ناوچەکانی زەنگاباتی خستە ژێر قەڵەمڕەوی خۆیەوە ئەو نێوەندە بووە سنوری نێوان ڕژێمی عێراق و هێزەکانی پێشمەرگە. دوای خۆسازدانەوەی سوپای عێراق بە سەر پێشمەرگە خەڵك بەهۆی زوڵم و زۆری ڕژێمەوە بەرەوە سنوری خاکی ئێران ڕێگەی گرتەبەر.لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە پێشوازی لەکوردەکان کرا.ئەویش بەهۆی ئەوەی پەیوەندی نێوان عێراق-ئێران بەهۆی جەنگی هەشت ساڵەیانەوە ناکۆکیان هێشتا هەر مابوو.کۆڕەوی ساڵی(١٩٩١) چەندین ڕووداوی هەمەچەشنی لێکەوتەوە،هۆکارەکەی بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە کۆڕەوەکە کەوتە وەرزی باران و سەرماو سۆڵەوەو خەڵکیی توشی هەزاران چەرمەسەری هاتن.لەکاتی کۆڕەوەکە ئەوەی ئۆتۆمبیلی هەبوایە بەسواری دەچوو بۆ سنوری ئێران لەگەڵ کەس وکارەکەیان،ئەوەشی نەبوایە بەپیادەو کۆڵ بەکۆڵ ملی ڕێگایان دەگرتەبەر،ئەو کات من (سیروان سلێمان) تەمەنم(١١)ساڵ بوو ڕۆشتین بۆ ئێران لەڕێگا ژن وپیاوێکم بینی کە لەپێشی ئێمەوە بوون پیاوەکە منداڵێکی ساوای



هەلگرتبوو، بەهۆی ماندووبون و نەتوانینەوە ویستی منداڵەکە فڕێبداتە خوارەوە،دەستی هەڵبڕی بۆ فڕێدان ، بەلاَم ژنەکەی وتی: توخوا فڕێ مەدە،پیاوەکەش دەستی هێناوە خوارەوە. لەو کۆڕەوە سەدان خێزان نانیان لێ بڕابوو، هیچ شوێنێکیان نەبوو بۆئەوەی هانای بۆ ببەن،بۆئەوەی ژەمێك خواردن پەیدا بکەن،تەنها چاوەڕێی میهر و بەزەیی خوای گەورەیان ئەکرد .ئازارو مەینەتیەکانی کورد بە گشتی هەر بەردەوام بوو ڕۆژ بە ڕۆژ دۆخەکە بەرەو خراپتر دەچوو، هەرکە کورد و پێشمەرگە بیویستایە بەرگری لە خۆی و خاکەکەی بکات بە نەشیاوترین و دڕندانەترین شێوە ئەو حکومەتە فاشیستە بەر پەرچی ئەدایەوە ئەم کۆڕەوەش درێژە پێدەری ئەو نەهامەتیانەی ئەم گەلە ستەمدیدە بوو کە بە هەزاران خەڵك بە بێ تاوان بەبێ کردنی هیچ گوناهێك بونە قوربانی. لەو کاتەدا وەك هەموو کارەساتەکانی دیکەی کورد سروشتیش چاوی بەزەیی نوستبوو لە ئاست ئەو خەڵکە بێ تاوانەی ملی ڕێگەیان بەرەونادیاری و نەهامەتی گرتبووە بەر، چونکە جگە لە دڕندەیی و تۆپبارانکردن و ئاوارەبوون و دەربەدەری بارانیش بە خوڕ دەهاتە خوارەوە ئەمە زیاتر کارەساتەکەی قورستر کرد و خەڵکی زیاتر بوونە قوربانی و بێ سەر و شوێن بوون. زۆبەی هەرەزۆریان بێ کەس مردن و هەر لە هەمان شویان گڵ سەری گرتن بە بێ پرسە و ڕێوڕەسمی ئایینی.بێگومان "ڕزگاری"یش تاڵی ئەم کارەساتەشی

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

چەشت و ئەمیش هاتە سەر نەهامەتیەکانی تری و ئەو کەمەشی مابوونەوە توشی ئەم کارەساتەش بوون.

## هەڵبژاردنی پارلەمان ساڵی(١٩٩٢)

دوای سەرکەوتنی کورد بەسەر دام و دەزگا و هێزە سەربازیەکانی عێراق، هێزە سیاسیەکانی سەرگۆڕەپانی سیاسی کورد پێکەوە ڕێککەوتن هەڵبژاردنێك بکەن بۆئەوەی پێکهاتەی حکومەت دروست بکەن.ئەو لایەنە سیاسیە کوردیانەی کە بەژداری هەڵبژاردنەکەیان کردبوو دەستیان کردە بانگەشە بۆ بە دەستهێنانی کورسی زیاتری پەرلەمان وەك هەر وڵاتێکی دیکەی دیموکراسی کوردیش ویستی دەسەڵاتێکی تایبەت بە خۆی هەبێت.ئەمە بوبە خاڵی وەچەرخان بۆ گەلی کورد وەك گەلێکی تازە ئازاد بوو لە دەست ڕژێمێکی دڕندە و ستەمکار بوو بە مێژوویەکی پرشنگدار و دەستکەوت وەك هەرێمێك کە هیچ داهاتێکی نەبوو، تەنها تینوو بە ئازادی بوو. بە گشتی چونکە یەکەم ئەزموونی دیموکراسی بوو بۆ کورد شتەکە ئازادانە و بێ ترس بوو هەروەها بەهۆی نەبوونی هیچ ترس و هەڕەشەیەکەوە هەموو تاکەکانی کورد بە ئازادی دەنگی خۆیان دا بۆ ئەوەی هیچ نەبێت لە دەست حکومەتی عێراقی و دەسەڵاتی بێگانە ڕزگاری بێت. ئەو کات کورد خاوەنی ئاسایشێکی وا نەبوو کە بتوانێت تەواوی ڕێکارە یاسایەکان بۆ بەڕێوەچوونی پرۆسەکە بگرێتە بەر ،بەڵام هەر تاکێکی کورد لە لایەن خۆیەوە چونکە ئازاری زۆری چەشتبوو و قوربانی دابوو خۆی بە بەرپرس دەزانی بە بێ بەرانبەر پارێزگاری لە



نەتەوەو خاك دەرکرد بۆ ئازاد بونی و دەرکردنی لە چنگی دوژمن. ئەتوانم بڵێم جیاوازیەکی ئێجگار زۆری لەگەڵ هەڵبژاردنی ئێستادا هەیە ئەویش بەهۆی ئەوەی خەڵکی بە بێ هیچ فشارێك و بە بێ ئەوەی چاوەڕوانی هیچ شتێك بکات دەنگی دەدا. ئەوەی ئەو کات دەنگدەر پشتی پێدەبەست بۆ دەنگدان تەنها کوردایەتی و نیشتمان بوو نەك حزب و لایەنی ماددی بەڵام ئەمەی ئێستا ڕێك پێچەوانەکەیەتی.بەداخەوە دوای ماوەیەك هەردوو پارتی دەسەڵاتداری ئەو کات(پ.د.ك - ی.ن.ك) کە زۆرینەی کورسیەکانیان مسۆگەرکرد ناکۆکی کەوتە نێوانیان و ناوچەکانیان دابەشکرد و کارەساتێکی دیکەی بە دوای خۆیدا هێنا کە تا ئێستاش ئاسەواری ئەو کارە ماوە و درێژەی هەیە.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

## کۆمەڵگای صمود"ڕزگاری" لەنێوان(١٩٩٣ – ٢٠٠٠)

دوای ڕاپەڕین و دامەزراندنی حکومەتێکی سەربەخۆی نوێ و بێ داهات و بەرهەم هێشتا فشارو دڕندەیەکانی حکومەتی عێراق بەردەوام بوو بۆ سەر کورد ، بەڵام ئەمجارە بەشێوەیەکی جیاوازتر ئەویش ئەوەبوو حکومەتی بەغدا فشاری نەوت و ئابوری و بازرگانی خستە سەر هەرێمی کوردستان بۆئەوەی پەنا ببەن بۆ بەغدا بۆئەوەی بلێن:ئێوە لەسەر حەقن وئێمە ناتوانین خۆمان حوکمڕانی خۆمان بکەین، بەڵام بێئاگا لەوەی کورد لەوە زۆر خۆڕاگرترو چاونەترس ترە کە فشاری لەو شێوەی لەسەر بێت.بۆیە ئەم حکومەتە ساوایە خودی خۆی بە بێ هاوکاری بەغدا وەك پایتەختی عێراق و کوردستانیش وەك بەشێك لەو دەوڵەتە هەستا بە دابین کردنی پێویستیە سەرەتاییەکانی خەڵکەکەی خۆی ئەویش لە ڕێگەی داهاتی ناوخۆ و گورگەکانی سنوری هەرێم. بێگومان ئەو کات بەهۆی ئەو فشارە ئابوورییەی لەسەر هەرێم بوو پاشان ئەو هەموو نەهامەتیەی بەسەر ئەم گەلەدا هاتبوو ژیان زۆر بە سەختی دەچووە ڕێوە بە تایبەت شوێنێکی وەك "ڕزگاری" یش کە زۆربەی هەرە زۆری خەڵکەکەی بێ ماڵو بێ کەس بوون ئەویش بەهۆی زوڵم و زۆری ئەو حکومەتە دڕندەیەوە دوای هەڵبژاردن و پێکهێنانی



حکومەتێك خەڵکی ناحیەکەش بەهۆی نەبوونی بژێوی ژیانەوە ڕوویان کردەوە ئاژەڵداری و کشتوکاڵ ، چونکە ژیان زۆر سەخت بوو خەڵکیش تەنها بیریان لەوە دەرکردەوە بژین و بەس. بێگومان ئەم کارەش لە ناو شار سەخت بوو وە نەدەکرا بۆیە زۆربەیان ڕوویان کردە ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان نەك هەر "ڕزگاری" بەڵکو ئەم شاڵاوی نەبوونی و برسیەتیە سەرجەم کوردستانی گرتەوە ، بەڵام وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا چونکە ئێرە "کۆمەڵگا" واتە ئۆردوگا بووە بۆ ئەو کەسانەی لە شاڵاوی بەدناوی "ئەنفال" گەڕابوونەوە و بێکەس و بێماڵ بوون و گوندەکانیان خاپورکرابوون هەر بۆیەش ژیان بۆ ئەوان سفر بوو بوو، سەرەتا بوو پاشان کەسیان نەبوو کە بژێوی ژیانیان بۆ دابین بکات بەسەر ئەو هەموو نەهامەتی و دەردەسەریەوە دەبوایە بە سەختیەکی زۆرەوە بە دوای پارویەك نانەوە وێڵ بوایەن. لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی دوای ڕاپەڕین و دروستبوونی شەڕی ناوخۆ و ناکۆکیە ناوەکیەکانی کوردستان "ڕزگاری" پشکی شێری ئەو هەموو تاوانە بووە کە بەسەر هەرێمدا هاتوون و بە سەختی ژیان چوەتە سەر و بێبەش بوون لە زۆربەی هەرە زۆری پێویستیە سەرەتاییەکانیش. هەر بەهۆی ئەو ڕوداوانەوە سیستەمی پەروەردە و تەندروستی و هتد. سەرجەم ئەوانە لە ژێر قەیرانێکی گەورەدا بوون و مناڵانی ئەو سەردەمە زۆر بە دەگمەن ئەیانتوانی خوێندن بەردەوام بکەن گەر توانیشیانبا ئەوا سیستەمەکە وا تۆکمە پەروەردەیی نەبوو کە بتوانێت نەوەکان

Generated by Foxit PDF
http://www.foxitsoftware
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

پێبگەیەنێت، بەڵام بەو بارودۆخە ناهەموارەشەوە خوێندن و زانست لە کۆمەڵگا دانەبڕێنرا هەرچەندە سستی و نەبونی و سەختی هەبوو. ئەم ساڵانە کورد تاڕادەیەك توانی حوکمڕانیەکی خودی بکات، بەڵام ئەویش بەهۆی بوونی ئەو هەموو قەیرانە و فشاری سیاسی و ئابووریەوە نەیتوانی بە تەواوی سەرکەوتوو بێت.پاشان دروستکردنەوەی نیشتمانێك کە خاپوری خاپورکرابوو بە شێوەیەك کە یەکسانی زەوی کرابوو بە حکومەتێکی بێ ئەزموون سەخت بوو "ڕزگاری" یش جگە لە بوونی چەند ماڵێکی بێ ناز و خاڵی لە خۆشیەکانی ژیان هیچی دیکەی تێدا لە دی نەدەکرا، تەنانەت سەرەتاییترین خزمەتگوزاریەکانی وەك ڕێگا و بان ، تەندروستی و پەروەردە، بۆیە ئەمانەو هەزاران هۆکاری تری وەك ناکۆکی ناوخۆ و سستی سیستەمی حوکمڕانی و ...هتد.) وایان کرد کە ئەو شارۆچکەیە چۆڵ بکرێت و خەڵکەکەی بە دوای بژێوی ژیاندا وێڵ بن.لە سەرەتای سەدەی بیست و یەك (٢٠٠٠)کاندا دا تاڕادەیەك ژیان بەرەو باشتر دەڕۆشت و زۆربەی خێزانەکان و تاکەکان ڕویان کردە خوێندن و زانست هەرچەندە باری داراییش وانەبوو ، بەڵام ڕۆژگار ئەوەی پیشان دان جگە لە چەك زانستیش بەرگریە لە خاك و حکومەتیش بەرەو باشتر دەچوو بەهۆی ئاشتەوایی نێوان دوو حزبەکە و دابەشکردنی زۆنی سەوز و زەرد.ئیتر بەم شێوە بەردەوام بوو تاکو ساڵی ٢٠٠٣ شایانی باسە زۆربەی ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکانیش هاوکاری خەڵکەکەیان دەکرد وەك هەرێمێکی



لێقەوماو و ئاوارە لە زۆربەی ڕووەکانەوە وەك: پەروەردە ، تەندروستی، خۆراك...هتد.

# بەشی دووەم

## جوگرافیای شارۆچکەی ڕزگاری

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

## نەخشەی تەواوی ڕزگاری

پێش ئەوەی بێینە سەر وەردەکاریەکانی بواری جوگرافیای شارۆچکەکە پێمان باشبوو بەرچاو ڕونییەك بدەین لە ڕێگەی ئەم نەخشەیەی خوارەوە کە نەخشەی تەواوی شارۆچکەکە کەیە.[6]

6 لە (سەرۆکایەتی شارەوانی شارۆچکەی ڕزگاری)ەوە لە ٢٠١٣/١٢/٨





## هەڵبژاردنی شارەوانیەکان

لە ٢٠٠٠/٢/١٦ هەڵبژاردنی شاروانیەکان ئەنجامدرا.و زۆربەی لایەنە سیاسیەکانی ناوچەکە بەژداریبوون و خەڵکیش بە ئازادانە دەنگی بەوە دا کە خۆی ئەیویست. ،ناشاردرێتەوە کە هەڵبژاردنێکی گەرم و گوڕ بوو دەرئەنجامەکەشی چەند کەسایەتیەك یان نوێنەرێك هەڵبژێردرا بۆ نوێنەرایەتیکردنی خەڵکی شارۆچکەکە. لەبەرواری ٢٠٠٠/١١/٢٠ کۆمەڵگای زۆرەمللێی صمود ناوەکەی بەپێ نوسراوی فەرمی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان گۆڕدرا بۆ

Generated by Foxit PDF Creator
http://www.foxitsoftware.com
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

"رزگـــــــــاری"وبروانــــــــــه ئــــــــــەم خــــــــــشتەیە.[٧]

| ژمارە | ناوی سیـــــــــــــانی | پلـــــە |
|---|---|---|
| ١ | تەیمور نامق محەمەد ئەمین | سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانی |
| ٢ | ئەنور ئەمین ڕۆستم | ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی |
| ٣ | عەلی ئەحمەد شاهوا | ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی |
| ٤ | تەها عبدالکریم مستەفا | ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی |
| ٥ | حەمەتالیب حەمەصاڵح قادر | ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی |
| ٦ | عەبدوڵا عەزیز محەمەد | ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی |
| ٧ | سابیر محمد رحیم | ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی |

## ڕووبەری شارۆچکەکە

درێژی ئـەم شارۆچـکەیە نزیکـەی(٤،٨٠٠) کـم ە.هـەروەها پانیەکـەی نزیکــەی ٥ کــم٢. ڕووبــەری شارۆچــکەکە بەشــێوەیەکی گــشتی دەکاتە(١٩،٢٠٠) کم٢.ئەم شارۆچکەیە دابـەش کـراوە بەسـەر چەندین گـەڕەك ، بـەڵام بـەهۆی زیـادبوونی ژمـارەی دانیـشتوانی سـاڵ بەسـاڵ ژمارەی گەڕەکانیش زیـاد دەکات.ئێـستا ژمـارەی گـەڕەکان دەکاتـە(١٢) گەڕەك،هەروەها لەئێستادا دوو گەڕەکی تریش ئامادە کـراوە بۆئـەوەی ژمـارەی گـەڕەکان زیـاد بکـات. کـە ناویـان (خـەیاڵ و خـەبات)ە.وە

[7] چاوپێکەوتن (قحتان ابراهیم جبار) لێپرسراوی بەشی کارگێری شارۆچکەی ڕزگاری لەبەرواری ٢٠١٣/١٢/٩



شـوێنیان بـۆ دەسـت نیـشان کـراوە بۆئـەوەی ببنـە گـەڕەك و ئـاوەدان بکرێنەوە،بــەڵام لەئێــستا گــەڕەکی بــەتاڵن و دروســت نــەکراون.[٨]

### خشتەی گەڕەکانی شارۆچکەی ڕزگاری بەپێ ئاماری(٢٠١٠)[٩]

| ژمارە | ناوی گەڕەك | ژمارەی گەڕەك | ژمارەی خێزان | ژمارەی ئەنداکانی خێزان |
|---|---|---|---|---|

[8] چاوپێکەوتن (ئاراز محمد محمود) سەرۆکی شارەوانی ڕزگاری لەبەرواری ٢٠١٣/١٢/٨

[9] ⋆بەڕێوەبەرایەتی ئیدارەی گەرمیان بەشی ئامار ساڵی (٢٠١٠)

⋆لەسەرچاوەی : توێژینەوەیەکی مەیدانی لەسەر(ناحیەی ڕزگاری) ساڵی ٢٠١٣ لەئامادەکردنی(کاروان عبداللە علی - هونەر علی حسن) و بەسەرپەرشتی (م.یاسین ئاشور جوهر) وەکو بەشێك لەپێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەزانستی جوگرافیا وەرگیراوە.

Generated by Foxit PDF
http://www.foxitsoftware.com
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ڕزگاری | ١٠٥ | ٥٣ | ٢٥٩ |
| ٢ | ژاڵە | ٣٥٥ | ٢٦٦ | ١٣٥٣ |
| ٣ | نەورۆز | ٣٠٣ | ٥٤١ | ٢٥٩٩ |
| ٤ | حەمرین | ٣٠١ | ١٠٧١ | ٥٢٧٠ |
| ٥ | ڕاپەڕین | ١٠٧ | ١٣٦ | ٦٤٤ |
| ٦ | گەرمیان | ٤٠١ | ١٠١ | ٥٨٥ |
| ٧ | ئاوباریك | ١٠١ | ١٢٣٠ | ٥٨٧٠ |
| ٨ | ئاشتی | ٤٠٢ | ١٥١٢ | ٧٢٠٣ |
| ٩ | شاكەل | ٤٠٦ | ٣٣٨ | ١٧٥٠ |
| ١٠ | خۆرنەوەزان | ٤٠٤ | ٩٥٨ | ٤٦٠٦ |
| ١١ | ئازادی | ٢٠٢ | ٨٢ | ٣٧٢ |
| ١٢ | سەنگاویەكان | ١٠٣ | ١٤٩ | ٧١٢ |
| | كۆی گشتی | | ٦٤٢٧ | ٣١٢٢٣ |

## نەخشەی كارگێری گەڕەكانی ڕزكاری

شێوازی دابەشبوونی خەڵكی ئەم ناحیەیە لەسەر درێژی ڕووبەرەكەی نیشتەجێ بوون . واتە لە ڕۆژئاواوە بۆ ڕۆژهەڵات ئەویش دابەش دەبێت بەسەر ١٢ گەڕەكدا جگە لە گەڕەكی ئەنفالەكان كە بە گەڕەكی "ئاسودە" ناسراوە. گەڕەكانی ئەم ناحیەیە لە كۆندا بە ناوی هۆز و عەشیرەتەكانەوە ناو دەنران وەك: زەماوەنگەیەكان، چاڵەڕەشیەكان، بەرلوتیەكان، كەماڵەیەكان، باشكیەكان، سەیدخەلیلیەكان، زەنگنەكان، زەنگاباتیەكان، تیلەكۆیەكان، گێژەكان، گەلاڵیەكان. بەڵام ئەم گەڕەكانە



لە ئێستادا بە گەڕەكانی (ڕاپەڕین، ئاشتی ، نەورۆز، ژاڵە، حەمرین، گەرمیان، خۆرنەوەزان، شاكەل، ڕزگاری، سەنگاو، ئاوباریك، ئازادی) بڕوانە ئەم نەخشەیەی خوارەوە.




ئەم شارۆچكەیە یەكێكە لە گەورەترین شارۆچكەكانی سەر ئاستی هەرێمی كوردستان چونكە ژمارەی دانیشتوانەكەی دەكاتە(٣٧٣٥٧ هەزار). بەدەرلەوە سنوری كارگێری شارەوانی درێژ دەبێتەوە و گوندەكانی دەوروبەری دەكەوێتە سەر ئەستۆی ئەم شارۆچكەیە لەئێستادا (٧٣) گوند دەكەوێتە سەر ئەم شارۆچكەیە لەڕووی هەموو خزمەتگوزاریەكانەوە.لەجیاتی نوێنەری شارەوانیەكان لەئێستا (موختار)

Generated by Foxit PDF
http://www.foxitsoftware
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

بـۆ هـەموو گـەڕەکان دانـراوە وەك شـاهیدحاڵێك بـۆ ناسـینەوەی خـەڵکی گەڕەکانی شارۆچکەکە.[١٠]

## بەشەکانی سەرۆکایەتی شارەوانی ڕزگاری

| بەشەکان | هونەری | خۆیەتی | موڵکایەتی | ژمێریاری | خزمەتگوزاری | باخچەکان | ئامێرەکان |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |

## تاپۆی سەرۆکایەتی شارەوانی ڕزگاری

پـێش سـاڵی (١٩٨٩) شـارەوانی ڕزگـاری تـاپۆی تایبـەت بـەخۆی هـەبووە و توانیـویـەتی لـەماوەی ١٢ سـاڵدا (٥،٥٠٠) مامەڵـەی تـاپۆی خـانوو تەواو بکات. لە(١٧) سجلی تایبـەت بـەتاپۆکردن لەبەرێوەبەرایـەتی "تـاپۆی خانووبەرەی گەرمیان"پارێزراوە.ئـەوەی جێگای نیگەرانیـە(٧،٥٠٠) خـانوو بـەبێ تۆمـاری تـاپۆ ماوەتەوە،لەئێستا ئـەو خـانوو یـان زەویانـە خراوەتـە سەر "تاپۆی کەلار"بۆئەوەی کار بۆ تاپۆکردنی بکرێت."[١١]،تاوەکو ئـەم سات

10 هەمان سەرچاوەی پێشوو.
11 هەمان سەرچاوەی پیشوو



وکاتــە گرفتــی تــاپۆی شارۆچــکەی ڕزگــاری بەچارەســەرنەکراوی ماوەتـەوە،هیواداریـن بـەزووترین کـات مـشوری بخورێت لەلایـەن ئیـدارەی گەرمیانــەوە بۆئــەوەی هــەموو خــاوەن خێزانێــك ببێنــە خــاوەنی تــاپۆی تایبــەت بــەخۆی ئەمــە گرفتــی تــەواوی خــەڵکی شارۆچــکەی ڕزگــاری یە،چارەســەرکردنی کێــشەکان دەبێــت لەپێــشدابەرێگای کۆمەڵایــەتی چارەسەربکرێت ئینجا حکومەت دەتوانێت ئەو زەویانە یان ئـەو خانووانە تاپۆ بکات ، چونکە گرفتەکان زۆر ئاڵۆزە،هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ بـۆ بـێ پلانـی دەسـەڵاتی ئـەو کـاتی حکومـەتی بـەعس و نـەبونی نوسـینگەی کڕین و فرۆشتن بۆئەوەی هاوڵاتیان بتوانن ببنە خـاوەنی تـاپۆی خۆیان و سود لە پێـشینەی خانووبـەرە وەربگـرن بڕوانـە ئـەم خـشتەی خـوارەوە:[١٢]

| خانووی تاپۆدار | خانووی بێ تاپۆ |
| --- | --- |
| ٥،٥٠٠ | ٧،٥٠٠ |

## شوێنی شارۆچکەی ڕزگاری لەسەر نەخشەی هەرێمی کوردستان

### شوێن و پێگەی جوگرافیای شارۆچکەکە

ناحیەی ڕزگاری کە لە ئێستادا یەکێکە لە ناحیـەکانی هـەرێمی کوردسـتان سەر بە قـەزای کـەلارە و دەکەوێتـە باشـوری ڕۆژهـەڵاتی سـنوری هـەرێمی کوردسـتانەوە. ناحیـەی ڕزگـاری لـە باکوریـەوە ناحیـەی بـاوەنوورە و لـە باشـوورەوە ناحیـەی کـوکزەو لـە خۆرئـاواوە ناحیـەی سـەرقەڵا لـە خۆرهەڵاتـەوە قـەزای کـەلارە. هـەروەها ئـەم ناحیەیـە دەکەوێتـە نێـوان

12 چاوپێکەوتن(جەزا ئەحمەد) کڕیار و فرۆشیاری زەوی لەشارۆچکەی ڕزگاری لەبەرواری٢٠١٣/١٢/١٦

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

بازنـــەی پـــانی (٣٨-٣٤-٣٥-٣٤) و هێڵــی درێــژی (٢١-٤٥-١٥-٤٥) ی ڕۆژهـــەڵات. لـــە ڕووی دەســـەڵاتی کارکێڕیـــەوە دەکەوێتـــە باشـــووری ڕۆژهـەڵاتی پارێزگـای کـەرکوك بـە دووری١٥٠ کـم .هـەروەها دەکەوێتـە باشـوری پارێزگـای سـلێمانی بـە دووری ١٤٠ کـم. و دەکەوێتـە بـاکووری "بەغـداد" ی پایتـەختی عێـراق بـە دووری ١٨٠ کـم.شارۆچـکەی ڕزگـاری (٣٠٥-٣٦٠)م لـــــە ئاســـــتی ڕووی دەریـــــاوە بـــــەرزە.

بڕوانـــــــە ئـــــــەم نەخـــــــشەیەی خـــــــوارەوە.[١٣]

[13] توێژینەوەیەکی مەیدانی لەسەر(ناحیەی ڕزگاری) ساڵی ٢٠١٣ لەئامادەکردنی(کاروان عبداللە علی وهونەر علی حسن) و بەسەرپەرشتی (م.یاسین ئاشور جوهر) وەکو بەشێك لەپێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەزانستی جوگرافیا.



شوێنی ناحیەی ڕزگاری لە سەر نەخشەی هەرێمی کوردستان



Generated by Foxit PDF
http://www.foxitsoftware
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

## ناوی بەڕێوەبەرەکانی ڕزگاری

لەساڵی(١٩٩١ – ١٩٩٦ ) بەرەی کوردستانی کاروباری شارۆچکەی ڕزگاری دەبردە ڕێوە،سەرۆکی ئەنجومەنی باڵا ڕێزدار (صاڵح ڕۆستەم محمود ناسراو بە (صاڵح مام ڕۆستەم).[١٤]

| ژمارە | ناوی بەڕێوەبەرەکان | ساڵ |
|---|---|---|
| ١ | عبدالله انوڕ عبدالله(شێخ عبدالله) | ١٩٩٦ -٢٠٠١ |
| ٢ | عمر فرج (حاكم عومەر) | ٢٠٠١ - ٢٠٠٤ |
| ٣ | عادل حاجی محمد | ٢٠٠٤ – ٢٠٠٩ |
| ٤ | سروە محمد رشيد | ٢٠٠٩ – ٢٠١١ |
| ٥ | صالح محمد على | ٢٠١١ -٢٠١٣ |
| ٦ | سروت محمد امين | ٢٠١٣ – ٢٠١٤ |

[14] چاوپێکەوتن(صاڵح ڕۆستەم محمود) لێپرسراوی بەشی دارایی شارۆچکەی ڕزگاری لەبەرواری ٢٠١٣/١٢/٩



## ژمارەی دانیشتوانی ڕزگاری

وەك لەمەوپێش باسمان کرد،شارۆچکەی ڕزگاری لەبەرواری ٢٠٠٠/١١/٢٠ لە ناوی کۆمەڵگای صموودەوە گۆڕدرا بۆ شارۆچکەی "ڕزگاری" بەپێ ی نوسراوی ئەنجومەنی وەزیرانی کوردستان، و بەپێ ی کۆبۆنی خۆراکی سلێمانی ساڵی (٢٠١٠) ژمارەی دانیشتوانی ئەم شارۆچکەیە بە پێی ئەم خشتەیەی خوارەوە دیاری کراوە.[١٥]

| ژمارە | دانیشتوان | کەس | خێزان |
|---|---|---|---|
| ١ | خەڵکی دانیشتووی شارۆچکەی ڕزگاری لەسەر فۆرمی خۆراکی سلێمانی | ٢٨,١٥٢ | ٦٣٥٦ |
| ٢ | خەڵکی دانیشتووی شارۆچکەی ڕزگاری ئەو ماڵانەی مادەی (١٤٠)ی کردووە(ئاوارەکان) | ٩٢٠٥ | ٢٥٠٢ |
| ٣ | کۆی گشتی | ٣٧٣٥٧ | ٨٨٥٨ |

[15] چاوپێکەوتن (فحتان ابراهيم جبار) لێپرسراوی بەشی کارگێڕی شارۆچکەی ڕزگاری لەبەرواری ٢٠١٣/١٢/٩

Generated by Foxit PDF
http://www.foxitsoftware
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

## ژمارەی گوندەکاانی ڕزگاری

ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی ئەوەی گوندەکان چۆڵ بێت دەگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵێکی گرنگ وەك:یەکەم خراپی ڕێگاوبانەکان بۆ بەستنەوە بەشارەکانەوە دووەم: نەبونی نەخۆشخانەی بەردەوام لەنێو گوندەکان بۆئەوەی بە بەردەوامی دەوامی فەرمی هەبێت بۆ وێنە:هەبوونی حاڵەتێکی لە ناکاو و کتوپڕ دەبێت بگەیەنرێتە شار یان بنکەیەکی تەندروستی بۆ چارەسەر ئەمەش هۆکارەکە زیاتر قورس دەکات.سێیەم: نەبوونی قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەیی. چوارەم ئەو گوندانەی ئێستا ئاوەدانە زۆربەی زۆریان لە(٥ ماڵ و ٦ ماڵ) تێ پەڕناکات،و ئەو گوندانەی ماڵی زۆری تێدایە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی گوندەکەیان لە سەر جادەی قیرەوە نزیکە و ڕۆژانە دەتوانێت هاتوچۆی شار بکات بۆ پڕکردنەوە پێداویستی یەکانی ژیان، بۆ زیاتر بەرچاو ڕوونی بڕوانە ئەم خشتەی لای خوارەوە.[١٦]

| ژمارە | ژمارەی گوندەکان | گوندی ئاوەدان | گوندی چۆڵ |
|---|---|---|---|
| ١ | ٧٣ | ٥٧ | ١٦ |

[16] چاوپێکەوتن (قحتان ابراهیم جبار) لێپرسراوی بەشی کارگێڕی شارۆچکەی ڕزگاری لەبەرواری ٢٠١٣/١٢/٩



## بەشی دارایی ڕزگاری

بەشی دارایی شارۆچکەکە سەر بەوەزارەتی دارایی و ئابوری حکومەتی هەرێمی کوردستانە لەساڵی(١٩٩٦)ەوە دامەزراوە.ئیشی سەرەکی ئەم بەشە باج و داهات بۆ گەنجینەی حکومەت کۆ دەکاتەوە لەڕێگای وەرگرتنی خانوبەرەو دەرکردنی مۆڵەتی پیشەوەری .ئەم بەشە تەنها مامەڵەی یاسییان بۆ دەکات هەرکەس مۆڵەت بۆ ئیش وکارێك دەربکات ئاراستەی ئەو شوێنە یان ئەو دەزگایەی دەکات بۆئەوەی بەفەرمی مۆڵەت وەربگرێت و دەست بکات بەکار کردنی ئاسایی ژیانی ڕۆژانەی خۆی.بەپێ ی ئاماری ساڵی (٢٠١٠) کۆکردنەوەی داهاتی ئەم بەشە نزیکەی لە(٥٠ — ٦٠) ملیۆن بووە.لەسێ بەشی بنچینەیی پارە کۆدەکاتەوە ( لەکشتوکاڵی وئاژەڵداری وسامانە سروشتی یەکان) لێرەوە دەنێردرێت بۆ بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی گەرمیان لەوێشەوە بۆ وەزارەتی دارایی و ئابوری حکومەتی هەرێم، بۆ زیاتر بەرچاو ڕوونی بڕوانە ئەم خشتەی خوارەوە.[١٧]

### هەیکەلی فەرمانبەرانی بەشی دارایی

| ژن | پیاو | کۆی گشتی |
|---|---|---|
| ٢ | ٥ | ٧ |

[17] چاوپێکەوتن : صالح ڕۆستم محمود لێپرسراوی بەشی دارایی شارۆچکەی ڕزگاری لەبەرواری ٢٠١٣/١٢/٩

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

## پێکهاتەی جیۆلۆجیای شارۆچکەکە

بەشـێوەیەکی گشتی شارۆچـکەی ڕزگاری دەکەوێتـە ناوچـەی نیمـچە شـاخاوییەکان و ناوەندەکـشی دەکەوێتـە سەر ئـەو دەشـتە بەرینـەی کــە دەکەوێتــە نێــوان زنجــیرە تەپۆلکــەکانی(شــاکەل و گومــار) لەباشورەوە،و زنجیرە تەپۆلکەکانی( زەردەکان) لەباکورەوە.

ئەم نەخشەیەی دێت پێگەی جیۆلۆجیای ناحیەکە دیاری دەکات لەسەر نەخشەی هەرێمی کوردستان.[18]




---

[18] توێژینەوەیەکی مەیدانی لەسەر(ناحیەی ڕزگاری) ساڵی ٢٠١٣ لەئامادەکردنی(کاروان عبدالله علی وهونەر علی حسن) و بەسەرپەرشتی (م.یاسین ئاشور جوهر) وەکو بەشێك لەپێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەزانستی جوگرافیا.



## ئاو و هەوا

ئاو و هەوای شارۆچـکەکە لەئاسـتێکی مـام ناوەنـدایـە سـاڵانە ڕێـژەی بـاران بـارینی دەگاتـە (٣٠٠-٤٠٠)ملـم . پلـەی گـەرمی لـەوەرزی هاوینـدا ڕێژەکـەی لـە نێـوان(٤٠ — ٤٥) پلەدایـە و لـەوەرزی زسـتاندا ڕێژەکـەی لـە نێــوان (١٠- ١٢) پلەدایــە.ئەگــەر تۆزێــك زیــاتر وورد بینــەوە بۆمــان دەردەکـەوێت کـە هـەر لـە سـەرەتای وەرزی هاوینـەوە ناوچـەی گـەرمیان گەردەلول و بایەکی گەرمی هەیە.ئەمـەش بـەهۆی کاریگـەری کەشوهەوای دەریـای ناوەڕاسـتەوە کـە لـە باشـوری ڕۆژهـەڵات و کاریگـەری کەنـداوەی عەرەبیەوەیە. بەپلەی یەکەم خەڵکی ناوچەکە پـشت دەبەسـتن بـەوەرزی زستان و دواتـر وەرزەکانی پـایز و بـەهار بـۆ مەبەسـتی کۆکردنـەوەی ئـاو لەژێر زەوی بۆئـەوەی بتوانێـت لـەوەرزەکانی تـر پـشت بـەئاوی ژێـر زەوی ببەسـتێت..بـۆ زیـاتر بەرچـاو ڕووی چـەند سـاڵێك پـێش ئێـستا وشـکە سـاڵیەك ناوچـەی گـەرمیانی گرتـەوە لەلایـەن فەرمانگـەی ئـاوی ڕزگـاری یـەوە یەکـسەر ئـاوی مـاڵان کـەم کرایـەوە و ڕۆژانـە فەرمانگـەی ئـاوی شارۆچـکەکە لەڕۆژێکـدا تـەنها(٤٥) خولـەك ئـاوی دەدا بـەماڵان ، بـەڵام بـەهۆی هاتنی ئـەو وشـکە سـاڵییەوە کاتەکـەی کـەم کرایـەوە بـۆ بـۆ (٢٥) خولەك.[19]

---

[19] چاوپێکەوتن(م.ستار قادر سەمین) یاریدەری خوێندگای ئامادەی گەرمیان و پسپۆری بواری جوگرافیا لەبەروار١٤/١٢/٢٠١٣

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

## دەرامەتی ئاو

لەناوچەی گەرمیاندا زیاتر پشت بە بارانی ساڵ دەبەسترێت بۆ کردنی کشتوکاڵ بە تایبەت دانەوێڵە واتە زیاتر سود لە بارانی زستان دەبەسترێت ئەم شارۆچکەیەش بەهۆی پێگەی ناوچەکەوە لە ڕووی جوگرافیەوە زستانی باراناوی و هاوینی گەرم و وشکە. بەڵام لە هەمان کاتدا بەهۆی وشکی ناوچەکەوە کە نزیك نیە لە هیچ سەرچاوەیەکی ئاویەوە بۆیە پێویستە پشت بە ئاوی ژێر زەوی ببەسترێت بۆ کردنی کشتوکاڵ لە وەرزەکانی تردا. بێگومانیش گەر ڕێژەی باران لە زستاندا تا زیاتر بێت ئەوە بۆ وەرزەکانی تر ئاوی ژێر زەوی زیاتر سودی لێ دەبینرێت چ بۆ بەرهەمە کشتوکاڵیەکان چ بۆ پێداویستی ڕۆژانەی خەڵك.بەپێ ئاماری ساڵی(٢٠١٣) لەشارۆچکەی ڕزگاری بەهۆی ڕاکێشانی هێڵی ئاو بۆ سەرجەم دانیشتوانی شارۆچکەکە و هەبونی(٤٢) بیری ئیرتوازی لەشارۆچکەکە و پشت بەستن بەئاوی ژێر زەوی ئێستا لەشارۆچکەکەمان گرفتی ئاومان بەهیچ شێوازێك نی یە.[20]

[20] چاوپێکەوتن(کەریم حەمید مەجید(حاجی کەریمی ئاو) لێپرسراوی فەرمانگەی ئاوی شارۆچکەی ڕزگاری٢٠١٣/١١/٢٨



## خاك و ڕووەکی سروشتی

خاکی شارۆچکەکە بەشێوەیەکی گشتی لە(٨٠٪ بۆ ٩٠٪) خاکێکی نیشتووە.ئەم خاکە لەلایەن جوتیارانی گوندنشینەکانەوە دەکرێتە کشتوکاڵی بۆئەوەی بەرهەمی لێ کۆبکەنەوە. لەڕوانگەی کشتوکاڵەوە دوو بەشی سەرەکی یەکەم ڕووەکی کشتوکاڵی وەك (گەنم و جۆ) پشت دەبەستێت بەئاوی بارانی ساڵ، و ئەو جوتیارانەی لە گوندنیشینەکان خەریکی ئەنجامدانی کاری (باخداری و سەوزە)پشت بەئاوی ژێر زەوی دەبەستن ئەویش بەهۆی ئەو هۆکارەی کە ئاماژەمان پێدا (نەبوونی سەرچاوەیەکی ئاوی سەرزەوی)،مەبەستمان ئەو ئاوەی ئێستا دانیشتوانی شارۆچکەی ڕزگاری پشتی پێ دەبەستن تەنها ئاوی ژێر زەویە ئەویش لە ڕێگەی بیری ئیرتیوازیەوە. دووەم ڕووەکی سروشتی وەك (کنگر و تۆڵە و چاوبازە و مارگیر و عاگول و خرنوك و ......هتد) ئەم جۆرە ڕووەکە سروشتیانە لە دەوروبەری شارۆچکەکە بوونی هەیە ئەویش بەهۆی کاریگەری کەش و هەوای دەریای ناوەڕاستەوە لەسەر ناوچەکە بە گشتی ئەم ڕووەکانەو چەندین ڕووەکی سروشتی تر تەنها لە وەرزی بەهاردا بوونیان هەیە و وەرزەکانی تر وشك دەبن و هیچ سودێك لە ڕووەکی خۆرسك نابینرێت ئەوەی ئەمێنێتەوە لە سێ وەرزەکانی تردا تەنها دەستکرد واتە ئەبێت بەخێو بکرێن و پشت بە ئاوی ژێر زەوی ببەسترێت بۆ بە زیندوو هێشتنەوەی ئەو ڕووەکانەی ئەمانەوێت بیڕوێنین.[21]

[21] چاوپێکەوتن(ڕزگار ئەمین قادر) مامۆستا و پسپۆڕ لەبواری جوگرافیا لەخوێندنگای ئامادەی گەرمیان لەبەرواری ٢٠١٣/١٢/١٤

Generated by Foxit PDF Editor
http://www.foxitsoftware.com
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

## پرۆژە خزمەتگوزاریەكانی ناحیەی ڕزگاری

## سەرژمێری گشتی ڕزگاری

سەبارەت بەسەرژمێری گشتی نەك لەشارۆچكەی ڕزگاری بەڵكو لەتەواوی عێراق دا ئەنجام نەدراوە.وەك لای هەمووان ڕوون و ئاشكرایە:ولآتی عێراق بەسەر چەندین قۆناغی جۆربەجۆری شەڕ و ئاژاوە و نەهامەتی تێ پەڕیوە.هۆكاری سەرەكیش دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی سیاسی و بارودۆخی سەردەم و گۆڕینی حكومەتە یەك لەدوای یەكەكان بۆ نمونە:ڕژێمی صدام هەموو هێز و توانای دەخستەگەڕ بۆ ئەوەی شوناسی میللەتی كورد لەڕەگەوە هەڵبتەكێنێت،بەلآم بێ سود بوو وە خودی شارۆچكەی ڕزگاری بەشێكە لەو بارەی كە عێراقی تێكەوتووە،نابێت ئەوەشمان بیربچێت:خودی حكومەتی هەرێمی كوردستان هیچ هەوڵێكی لەو چەشنە نەداوە،بۆئەوەی سەرژمێری گشتی بەئەنجام بگەیەنرێت.[22]

[22] چاوپێكەوتن(سەنگەر هادی محەمەد) مامۆستا و پسۆڕی بواری جوگرافیا لەبەرواری ٢٠١٤/٣/٩



## چۆنیەتی گەشەكردنی ڕزگاری

شارۆچكەی ڕزگاری لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقی ساڵی ٢٠٠٣ وە گەشەی كرد واتە ئەتوانین بڵێین جۆرێك لە گەشەو بەرەو پێشچوون لە دوای ئەو ساڵەوە بەدی ئەكرا لەم شارۆچكەیە. هۆكاری سەرەكیش دەگەڕێتەوە بۆ سەقامگیری ئاسایشی خەڵك و جێگیربونی باری دەرونی هاوڵآتیانی ناوچەكە و جۆرێك لە بەرەو پێشچوونی گشتی هەرێم لە زۆربەی ڕووەكانەوە بە تایبەت ئابووری .هەروەها تەوژمێكی تری ئەم گەشەسەندنە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵآنی(٢٠٠٦ – ٢٠٠٨) كە بەكۆچی پێچەوانە ناودەبینرێت لە(لادێوە بۆ شار).بەهۆی باشبونی باری داراییی خەڵكی ناوچەكەوە وە پەستانێكی زۆر لەسەرناوچەی گەرمیان بەتایبەت لەسەر سەنتەری (قەزای كەلار) وایكرد كە شەپۆلێكی كۆچ ڕوو لەم شارۆچكەیە بكات،و ئەو بارگرژیەش ناوچەكانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقی گرتەوە ئەمەش هۆكارێكە بۆ چۆنیەتی گەشەكردنی شارۆچكەی ڕزگاری. ئەتوانین ئەم گەشەسەندنە دەبەش بكەین بۆ سێ قۆناغ ئەوانیش.

١/دوای پرۆسەی ئازادی عێراق لەساڵی(٢٠٠٣).

٢/لەنێوان ساڵآنی(٢٠٠٦ – ٢٠٠٨) قوناغی یەكگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی(هەولێر و سلێمانی).

٣/(٢٠٠٩ – ٢٠١٣) بەقۆناغی سەرهەڵدانی پەستان لەسەر زەوی نیشتەجێ بوونی سەنتەری كەلار و هاوكات سەرهەڵدانی بارگرژیەكانی ناوچەكانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق و سەدان خێزان لەناوچانەوە ڕوویان كردوەتە ئەم شارۆچكەیە تێدا نیشتەجێ بوون.[23]

[23] هەمان سەرچاوەی پێشوو

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

## دانیشتوان بەگوێرەی تەمەن لەشارۆچکەکە

وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا ئامار نەك لەشارۆچکەی ڕزگاری بەڵکو لەتەواوی عێراقدا نەکراوە،شارۆچکەی ڕزگاریش بەدەرنەبووە لەوە ،بۆ ئەو مەبەستە هەستاین لەنێو شارۆچکەکە ئاماری(٢٠٠) خێزانمان وەرگرت و دواتر دابەشمان کردە سەر تەمەنەکان بۆئەوەی بەرچاو ڕوونیەك بدەینە خوێنەر بۆ ئەو مەبەستەش ئەم خشتەیەی خوارەوەمان ئامادەکردووە

| خێزان(ماڵ) | یەك ڕۆژ بۆ ١٨ ساڵ | ١٩ بۆ ٦٤ ساڵ | ٦٥ ساڵ بۆ سەرەوە | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠ | ٣٨٤ | ٥٣٠ | ٧ | ٩٢١ |

ئەمە ئامارێکی فەرمی نیە کە پشتی پێ ببەسترێت و بکرێتە ڕێژە چونکە تەنها ٢٠٠ خێزان وەرگیراوە کە لە ئێستادا ڕێژەی دانیشتوانی ڕزگاری بە شێوەیەکی بەرچاو و زۆر زیادی کردووە بە تایبەت بەهۆی بارودۆخی خراپی ناوچەکانی ناوەڕاست  باشوری عێراقەوە کە بە لێشاو ئاوارە ڕووی تێکردووە.



## دابەشکردنی ژمارەی دانیشتیوان بەپێی ڕەگەز لە ڕزگاری

هەر لەو ئامارە سەرەتاییەی کە لە شارۆچکەکە کردمان هەستاین بە جیاکردنەوەی ڕەگەزەکان بۆ ئەوەی بەرچاو ڕونیەکمان هەبێت لە ڕووی ژمارەوە بۆ دیاریکردنی بوونی هەردوو ڕەگەز لە ناحیەکەوە زانینی جیاوازیەکانیان. لێرە وەك سامپڵێك ٢٠٠ خێزانمان وەرگرتووە بۆیە ناتوانین ئەمە ناوبنێن ئامار یان سەرژمێری هۆکاری ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو وە ئێمەش دەستمان نەکەوت لە هیچ دامەزراوەیەکی  میری ئەوانیش هۆکارەکەیان گەڕاندەوە بۆ نەبوونی هیچ سەرژمێریەك لە سەرانسەری عێراق و شارۆچکەش پێشتر کەمپ بووە و لە ١٩٨٧ دروست بووە،  بۆیە بەر هیچ سەرژمێریەك نەکەوتووە.

| ژمارەی خێزان(ماڵ) | ڕەگەزی نێر | ڕەگەزی مێ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| ٢٠٠ | ٤٥٤ | ٤٦٧ | ٩٢١ |

لێرەدا لەو سامپڵەی کە وەرمان گرتبوو بۆمان دەرکەوت کە ڕێژەی مێ تا ڕادەیەك زۆرترە ئەویش خۆی لە خۆیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نەهامەتیانەی بەسەر کوردا هاتووە و زۆر جاریش ڕەگەزی نێر تیا چوون و بونەتە قوربانی. بەڵام ئەو سامپڵەی ئێمە زۆربەی ئەو خێزانانە بوون کە دوای ڕاپەڕین دروست بوون.

Generated by Foxit PD
http://www.foxitsoftwar
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

## هۆكاری كۆچكردنی گوندنیشەكان بۆ رزگاری

هەر وەك پێشتر بەرچاو رونیمان دا لەسەر چۆنیەتی دروست بوونی ناحیەكەو هۆكارەكانی راگوێزانی خەڵكەكە بۆ ئێره لێرەدا ئەمانەوێت ئەو هۆكارانە بخەینە روو كە بۆچی دیسانەوە كۆچ لە لادێوە بۆ شار دەستی پێكردەوە، بێگومان لە ١٩٨٧ تا ماوەی راپەرین و دوا ئەو كاتە گوندەكان روخا بوون و خەڵكی نەدەتوانی ژیانی تێدا بباتە سەر ، بەلاّم لە دوای راپەرینی بەهاری ١٩٩١ دوە كە رژێمی بەعس لە كوردستان نەما و باری ئابووری كوردستانیش باش نەبوو و لە قەیرانـدا بـوو بۆیە خەڵكانی دانیشتووی ئەم ناحیەیە چیدی نەدەتوانی بێ بژێوی ژیان درێژە بە ژیان بدات لەم ناحیەیە ، چونكە كار و ئیش نەبوو. هەروەها دوای ئەم ماوەیە واتە سەرەتای سەدەی ٢١ و ساڵانی ٢٠٠٠ بە دواوە كۆچەكان دیسان پێچەوانە بوونەوە بۆ شارۆچكەكە ئەویش هۆكارەكەی بۆ كەمی خزمەتگوزاری گوندەكان و نەبوونی داهاتێكی وەها كە پشتی پێ ببەستن دەگەرێتەوە ئەمە جگە لە باشبوونی باری ئابووری كوردستان بە تایبەت لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە لە ساڵی ٢٠٠٣ كە خەڵكی گوندەكان بە لێشاو رووی كردە ناحیەكە چونكە دۆخەكە تەواو پێچەوانە بووە لە شار هەلی كار باشتر بوو وە سیستەمی پەروەردە لە شار باش بوو كە خەڵكی منالّەكانیان بنێرنە بەر خوێندن هەروەها بوونی موچەش یەكێك بوو لە هۆكارە گرنگ و سەرەكیەكان بۆ كۆچی لادێ بۆ شار.



# بەشی سێ یەم

## دامەزراوە نشتیمانەكانی حكومەت لەشارۆچكەی رزگاری

Generated by Foxit PD
http://www.foxitsoftwar
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

# فەرمانگەکانی  ڕزگاری

## باسی یەکەم/فەرمانگەکانی وەزارەتی ناوخۆ لەڕزگاری

### یەکەم/بەڕێوەبەرایەتی شارۆچکەی ڕزگاری

ئەم بەڕێوەبەرایەتیە هەر لەگەڵ دروستبوونی ئەم شارۆچکەیەدا بوونی هەبووە و کاری هاولاَتیان بەڕێ دەخات بێگومان وەك لای هەمووومان ئاشکرایە پێشتر بەهۆی بێ سەرو بەری ناحیەکەوە کە هیچی نەبووە و هیچ شوێنێکی نەخراوەتە سەر بۆیە ساڵانی پێشووتر کاری وەهای نەبووە جگە لە سەرکوتکردنی خەڵکی بێتاوانی کورد . بەڵام هەر لەگەڵ دامەزراندنی حکومەتی کوردی و بوونی ڕاپەڕینەوە بەرەو پێشچوونی بە خۆیەوە بینی لە زۆربەی ڕووەکانەوە ئەم بەڕێوەبەرایەتیەش کاری خۆی وەك فەرمانگەیەکی میری و دانپێدانراو بە بەردەوامی  کردووە . شایەنی باسە ئەرکی سەرەکی و ڕایی کردنی کاری هاوڵاتیان لە ڕێگەی ئەم فەرمانگەیەوە لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ ەوە زیاتر بوو. سەرجەمی بەشەکانی بەڕێوەبەرایەتیەکە پێکهاتووە لەمانەی خوارەوە وەك(کارگێڕی ،خۆیەتی ،کۆگا) لە ئێستادا سنوری ئەم شارۆچکەیە زۆر فراوان بووەتەوە بە ڕادەیەك گەیشتوەتە (٧٣) گوند تەنها (١٦) گوند بەچۆڵی ماوەتەوە،بەدەر لەدانیشتوانی  خەڵکی شارۆچکەکە،ژمارەی دانیشتوانی ئەم شارۆچکەیە بریتیە لە(٣٧٣٥٧) کەس.ئەم بەڕێوەبەراتی یە بۆ خزمەتی هاولاتیان



تەنها(١٠) فەرمانبەریان هەیەبەپێی ئاماری ساڵی(٢٠١٣). [24]

| ژمارە | ژمارەی فەرمانبەر | گوندەکان | ژمارەی دانیشتوان | ساڵی دروستکردن |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ١٠ | ٧٣ | ٣٧٣٥٧ | ١٩٨٧ |

24 چاوپێکەوتن (قەحتان ابراهیم جەبار)لێپرسراوی بەشی کارگێڕی بەڕێوەبەرایەتی شارۆچکەی ڕزگاری لەبەرواری ٢٠١٣/١١/٢٩

Generated by Foxit PDF Creator
http://www.foxitsoftware.com
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

## دووەم/ بنكەی پۆلیسی رزگاری

ئەم بنكەیە لەساڵی(١٩٩٦) لە كاتی بوونی دەسەڵاتی كوردیدا دامەزراوە لە پێناو پاراستنی ئاسایشی ناحیەكەو رێگرتن لە كارە خراپیەكانی كە روودەدات.ئەم فەرمانگەیە لە ئێستادا ئەركێكی گەورەیان لەسەر شانە ئەویش پاراستن و رێگری كردنە لە هەر كارێكی نارەوا لە لە ناحیەكە روودەدات و لە ماوەی پێشووتریش دا چەندەها كارو چالاكیان هەبووە.هەروەها، ژمارەی كارمەندانی پۆلیس لەم بنكەیە (٨٧) پۆلیس و (٢) ئەفسەر و (٩) رێپێدراو(مفوض)یان هەیە بە شەو بە رۆژ بۆ خزمەتی هاوڵاتیان ئامادەن و چاودێری تەواوی شارۆچكەكە دەكەن بۆئەوەی لایەنی ئارامی و دەروونی و خۆشی شارۆچكەكە بەهەموو هێز و توانایانەوە بپارێزن.لەنێو ئەم بنكەیە چەندین بەشی گرنگ هەیە،بۆئەنجامدانی مامەڵە و گرفتی هەمەچەشنی هاوڵاتیان وەك:

| بەشەكان | كۆمپیوتەر | كارگێری | جوڵان | یاسا | لێكۆڵینەوە |
|---|---|---|---|---|---|

كەرەستە و ئامێری ئەم بنكەیە بریتی یە لەمانەی خوارەوە وەك:كۆمپیوتەر و دوو سەیارە و یەك ماتۆر بۆ مەبەستی ئاگاداركردنەوەی ئەوانەی لەلایەن پۆلیسەوە بانگ دەكرێن و چەك و تەقەمەنی بۆ كاتی پێویست. كاری سەرەكی بنكەی پۆلیس تەنها جێ بەجێ كەری كارەكانی بڕیارەكانی دادگای لێكۆڵینەوە و دادگاكانی تر هەرێمی كوردستانە. [25]

[25] چاوپێكەوتن : مفوض پۆلیسی لێكۆڵەر (دڵشاد عەلی قادر) لێپرسراوی بەشی لێكۆڵەری بنكەی پۆلیسی شارۆچكەی رزگاری لەبەرواری ٢٠١٣/١١/٢٩



## سێ یەم/بەڕێوەبەرایەتی بنكەی هاتۆچۆی رزگاری

ئەم بەڕێوەبەرایەتیە لەبەرواری ٢٠٠٨/١/٢٨ دامەزراوە.ئەم بنكەیە پێكهاتووە لە دوو بەشی سەرەكی ئەوانیش بەشەكانی ناوەكی و دەرەكی واتە دەرەوەی شار و ناوەوەی شار، جگە لەوانەش بەشی كارگێڕی بنكەیان هەیە كە كار بە رێكخەری هاوڵاتیانە.ئەم خشتەیەی خوارەوە ژمارەی فەرمانبەرەكانی ئەم بنكەیە دەخاتە روو.

| كارمەند | مفوض(رێپێدراو) | ئەفسەر | كۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| ٢٥ | ٥ | ١ | ٢٨ |

بێگومان ئەركی سەرەكی بنكەی هاتوچۆ بریتیە لە رێگەگرتن لە سەرپێچیەكانی هاتوچۆ و رێنمایی كردنی هاوڵاتیان بە ئاشناكردنیان بە یاساكانی هاتوچۆ و پابەند بونیان پێوەی ئەویش لە پێناو كەمكردنەوە و بنەبڕكردنی رووداوەكانی هاتوچۆ ، چونكە ئەوەی لەم كاتەدا لە كوردستان دەگوزەرێت پێی دەوترێت جەنگی سارد ئەویش رووداوەكانی هاتوچۆیە و پێویستە بەهەمومانەوە هاوكار بین لە پابەند بوون پێوەی و رێگە گرتن لە بوونی هەر سەرپێچیەكی یاسایی.[26]

[26] ئەفسەری پۆلیس (نەقیب هەیاس حەسەن فەتاح) لێپرسراوی بنكەی هاتوو چۆی شارۆچكەی رزگاری لەبەرواری٢٠١٣/١١/٢٩

Generated by Foxit PDF Edited by Foxit PDF Editor
http://www.foxitsoftware Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

## چوارەم/بنکەی بەرگری شارستانی ڕزگاری[27]

ئـەم بنکەیـە لـە ٢٠٠٤/٦/١ دامـەزراوە بـۆ مەبەسـتی ئەنجامـدانی خزمـەت کـردن بەخـەڵکی شارۆچـکەکە و گونـدەکانی دەوروبـەری.کردنـەوەی ئـەم بنکەیە خۆی لە خۆیدا پێویستیەکی گرنگ بو بۆ خەڵکی ئێره ، چونکە تا ئەو بەروارەی سەرەوە لەم ناحیەیە هیچ بنکەیەکی بـەرگری شارسـتانی لێنـەبوو هەرچـەندە شـوێنێکی گرنگـە بـۆ بـە هانـەوە چـونی هاوڵاتیان.بێگومان وەك ئاماژەمان پێدا کردنـەوە بـوونی زۆربـەی هەرە زۆری فەرمانگە خزمەتگوزاریەکانی ئەم ناحیەیە لـە دوای ساڵی ٢٠٠٣ ەوە کراوەتەوە لە کاتی بـوونی دەسـەڵاتی هـەرێمی کوردسـتان .ئـەم بنکەیـەش خزمـەتێکی بەرچـاوی بـە خـەڵکی ناوچـەکە بـە گشتی کـردوە هـەر لـە بەهانەوەچونی خەڵکەوە تاکو ڕێگری گرتن لە لە ناوچوونی سروشتیش کە ئەویش خۆی بۆ خۆی سامانێکی گرنگی نەتەوەیە کە زۆرجار بـەهۆی ڕوداوێکەوە لەوانەیـە بـەر ئـاگر کەوتبێت و گـڕی گرتبێت. هـەروەها لـە کاتی بوونی لافاویش ئەوەی لە توانای ئەم بنکەیـەدا بوبێت کردوویانـە بـۆ بـە هاناوەچـونی سـەرو مـاڵی هاوڵاتیـان.ئـەم بنکەیـە چـەند ئامێرێکیـان هەیە بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانیان و ڕزگار کردنی هاوڵاتیان لە کاتی بـوونی هـەر ڕووداوێکـی کتـوپڕدا بـە کـاری دەهێـنن.وەك یـەك مارسیدیـسی ئــەدیکۆی ئاگرکوژێنــەوە و دوو پەنکــەی گەورە،ئــەو مادانــەی بەکاردەهێنرێت لەئاگر کوژێنـەوە وەك فۆم و دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و

27 چاوپێکەوتن: ئەفسەری پۆلیس(ملازم ئامانج عارەب غێدان) لێپرسراوی بنکەی بەرگری و شارستانی لە شارۆچکەی ڕزگاری لە ٢٠١٣/١١/٢٩



پاوەدر بۆ مەبەستی کوژاندنـەوەی ئـاگری بـچوك .ئـەم خـشتەیەی دادێـت زانیــاری لەســەر کــار و چـــالاکیەکانی بنکەکــە تێدایــە.

| ژمارە | ساڵ | ژمارەی ڕووداوەکان |
| --- | --- | --- |
| ١ | ٢٠٠٤ | نەزانراوە |
| ٢ | ٢٠٠٥ | ٣٦ ئاگر |
| ٣ | ٢٠٠٦ | ٢٨ ئاگر |
| ٤ | ٢٠٠٧ | ٤٦ ئاگر |
| ٥ | ٢٠٠٨ | ٥٦ ئاگر |
| ٦ | ٢٠٠٩ | ٥١ ئاگر |
| ٧ | ٢٠١٠ | ٦٠ ئاگر |
| ٨ | ٢٠١١ | ٦٨ ئاگر |
| ٩ | ٢٠١٢ | ٦٥ ئاگر |
| ١٠ | ٢٠١٢ | ٥ ڕووداوی لافاو |
| ١١ | ٢٠١٣ | ٧٧ ئاگر |
| ١٢ | ٢٠١٣ | ٢ ڕووداوی لافاو |

*.ژمــارەی کارمەنـــدانی بنەکەکـــە بـــەپێ ئامـــاری ســـاڵی (٢٠١٣)

| کارمەند | ڕێپێدراو(مفوض) | ئەفسەر | کۆی گشتی |
| --- | --- | --- | --- |
| ٤٥ | ٤ | ١ | ٥٠ |

Generated by Foxit PDF
http://www.foxitsoftware
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

## پێنجەم/ بنكەی پۆلیسی دارستان و ژینگەی ڕزگاری

لەساڵی (٢٠٠٤) ئەم بنكەیە دامەزراوە . و یەكێكە لەبنكە چالاكەكان بەردەوام لە هەوڵی پاراستنی ژینگەی ڕزگاری و ناوچەكەن بە گشتی. بێگومان ژینگە تەنها شارو پاك ڕاگرتنی نیە بەڵكو هێشتنەوەی ئاژەڵە كێویەكانیش یەكێكە لە ئەركە گرنگەكانی ئەم بنكەیە و بە جوان هێشتنەوەی ژینگەی ناوچەكە .ئەم بنكەیە لە ماوەی كارابونیانەوە تاكو ئەم كاتە چالاكی و كاریان هەبووە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەو دیاردانەی دەكرێن بۆ لە ناوبردن یاخود ناشیرین كردنی ژینگە و ئەوانیش لای خۆیانەوە یاسایان هەیە بۆ سزادانی ئەو جۆرە كەسانە. و یاساكانیش : **یەكەم** لەڕێگەی پڕكردنەوەی بەڵێن نامە لەدادنوسەوە كە ژیدی كارەكەی پێشووتری نەكاتەوە. **دووەم** لەڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی شارۆچكەی ڕزگاری و لەڕێگەی دادگاوە.[28] ڕاوكردنی قوش(هەڵۆ) بەپێی یاسا ڕێگای پێ دراوە لەنێوان مانگی(٩ – ١٢) ئەویش بە مۆڵەت وەرگرتن لەڕێگەی بەشی پۆلیسی دارستان و ژینگەی كەلارەوە. ڕاوكردنی (ڕیشوڵە و ئاسك و ڕێوی و پۆڕ و داری تەڕ) نابێت بەهیچ شێوەیەك بكرێت تەنها (داری ووشك) دەتوانرێت ببڕێت لەلایەن ئەم بنكەیە مامەڵەی ڕێگەپێدانی بۆ دەكرێت بۆئەوەی بیگوزێتەوە لە شارێكەوە بۆ

[28] چاوپێكەوتن:مفوضی پۆلیس(جەبار سلێمان ئەحمەد) لێپرسراوی بەشی كارگێری بەشی دارستان و ژینگەی كەلار لەبەرواری٢٠١٣/١١/٩



شارێكی تر بۆ مەبەستی سوتاندن و سود وەرگرتن بۆ هاوڵاتیان.ژمارەی كارمەندانی ئەم بنكەیە :

| ژمارە | كارمەندان | مفوض(ڕێپێدراو) | ئەفسەر | كۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢٥ | ١ | ١ | ٢٧ |

بەپێ ی ئاماری ساڵی (٢٠١٣) (٦) سوێسك ڕاو كراوە بە بڕی (٥٥٠) هەزار دینار غەرامە كراوە.جێی ئاماژە پێدانە سنوری ئەم بنكەیە فراوا بووەتەوە و ئەركی دیكەشیان لەسەرە چونە دەرەوە ئەویش بەهۆی بوونی ٣٩ گوند لەسەر ناحیەكە.ئەركی سەرەكی ئەم بنكەیە وەك وتمان پاراستنی تەواوی ژینگەو ڕووەك و ئاژەڵە كێویەكانە ئەوەشە كە پێویستە دەبێت بە پێی یاسا و بكرێت.[29]

[29] چاوپێكەوتن :ملازمی یەكی پۆلیس(یوسف محمد حسێن) لێپرسراوی بنكەی دارستان و ژینگەی شارۆچكەی ڕزگاری لەبەرواری ٢٠١٣/١١/٩

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

## شەشەم/فەرمانگەی باری شارستانی رزگاری

هەر لەگەڵ دروست بوونی ناحیەکەوە دامەزراوە واتە سەرەتای ساڵی(١٩٨٧).یەکێکە لەفەرمانگە چالاکەکانی رزگاری و بەردەوام لەخزمەتی هاوڵاتیاندایە، ئەمێرەکانی ئەم شارۆچکەیە بریتی یە لە(ئۆتۆمبیل و یەك کۆمپیوتەر و یەك کەپیسی پێناسە) بۆ زیاتر بەرچاو روونی لەمانگی (٩)ی ساڵی(٢٠١٣) لەسنوری شارۆچکەی رزگاریدا تەنها(٨٣) مندال لەدایك بووە و (١٧) هاوڵاتی مردووە.بەپێی ئەو بریارەی کە دەبێت سەرجەم هاوڵاتیانی عێراق پێناسەکەیان بکەن بە فسفۆر ئەم فەرمانگەیە رۆژانە زیاتر لە (١٥٠)پێناس بۆ هاوڵاتیان دەگۆرێت. کارمەندانی ئەم فەرمانگەیە بریتی یە لە(٩) کارمەند و (١)کارگوزار ئامانجی سەرەکی ئەم فەرمانگەیە:دەرهێنانی پێناس بۆ هاوڵاتیان و تۆمارکردنی هاوسەرگیری و دیاریکردنی ناوی مردوان و دیاریکردنی رۆژی جیابونەوە و پێدانی وێنەی تۆمار.



*بەفەرموون لەگەڵ بینینی ناوی سەرۆکی فەرمانگەکان لەنێوان ساڵی (١٩٨٧ — ٢٠١٤).[30]

| ژمارە | ناوی سیانی(سەرۆکی فەرمانگە) | ساڵ |
|---|---|---|
| ١ | گەلاویژ والی حەمە ئەمین | ١٩٨٩ - ١٩٩٤ |
| ٢ | فاضل بەخش کاکە | ١٩٩٤ - ١٩٩٧ |
| ٣ | مستەفا فیض الله عبدالله | ١٩٩٧ - ١٩٩٩ |
| ٤ | نوزاد خورشید رشید | ١٩٩٩ - ٢٠٠١ |
| ٥ | عدنان محمود نورۆز | ٢٠٠١ - ٢٠٠٦ |
| ٦ | هیمن محمود عزیز | ٢٠٠٦ - ٢٠١٠ |
| ٧ | کاروان ابراهیم حسن | ٢٠١٠ - ٢٠١٣ |
| ٨ | حەیدر نزەر عەلی | ٢٠١٣ - ٢٠١٤ |

30 چاوپێکەوتن(حەیدەر نەزەر عەلی) سەرۆکی فەرمانگەی باری شارستانی رزگاری لەبەرواری٢٠١٣/١٢/١٥

Generated by Foxit PDF Creator
http://www.foxitsoftware.com
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

## باسی دووەم/دام و دەزگا جیاوازەکانی شارۆچکەی ڕزگاری

### یەکەم/بەڕێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان/گەرمیان

ئەم فەرمانگەیە لەساڵی(١٩٩٢) ەوە دامەزراوە و یەکێکە لەدەزگا هەرە چالاکەکانی ناوچەی گەرمیان بەهۆی ئەوەی خەڵکی ئەم ناوچەیە زۆرترین پشکی بەرکەوتووە لە شەهید و ئەنفال ، و خاوەنی ڕووبارێك خوێنە لەو پێناوەدا. بۆیە ئەم بەڕێوەبەرایەتیە ئیشو کارێکی زۆریان هەیە بەهۆی ڕیکارە یاساییەکانی کەس و کاری شەهید و جینۆسایدکراوەکان و هەروەها بونی موچەش.هەروەها ئەم بەڕێوەبەرایەتیە تا بە رواری ٢٠١٣/٦/٢ لە قەزای کەلار کاریان بۆ ڕاییکردنی مامەڵەی هاوڵاتیان کردووە بەڵام لە دوای ئەو بەروارەوە گوازراوەتەوە بۆ "ڕزگاری" ئەویش بەهۆی بوونی زۆری کەس و کاری ئەنفالکراوەکان لێرە و وەك جۆرێك لە ئاسنکاری بۆیان هەروەها چونکە ئێرە وەك "پایتەختی ئەنفال" ناسراوە بۆیە بوونی ئەو بەڕێوەبەرایەتیە لە ناحیەکە پێویست بوو.بە پێی ئاماری ئەم بەڕێوەبەرایەتیە (١١٨٠) شەهیدی سەنگەر لای ئەوان تۆمار کراوە لەگەڵ بوونی (٩٣٥) شەهیدی هاوڵاتی لەسنوری ناوچەی گەرمیاندا. بەڵام ئەوەی جێگای نیگەرانی ئێمە بوو تاوەکو ئەم سات و کاتە بۆ مەبەستی قوربانیانی ئەنفالکراوەکان حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماری ڕاستیان نەکردووە تا ئامارێکی ڕاست و دروست هەبێت.هەروەها بۆمەبەستی پێدانی زەوی وخانوو لە ئێستادا بە پێی لێدوانی ئەوان هیچ کەس و



کارێکی ئەنفال نەماوە کە زەوی یان خانووی وەرنەگرتبێت.بەڵام کەس وکاری شەهیدان تەنها زەویان وەرگرتووە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە ئەوەشی کراوە تەنها لەلایەن حزبەکانەوە بووە،لەزمنی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکاندا نی یە،بەڵام حکومەت لە بەرنامەیدا هەیە کە خانوو و ماڵ بۆ هەموو کەس وکاری شەهیدان دروست بکات.ئەم بەڕێوەبەرایەتییە(٢٣) فەرمانبەری هەیە بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان. چەند پرۆژەیەك وەك سومبول و هێما بۆ شارۆچکەی ڕزگاری دروست کراوە وەك مونۆمێنێك و پارکی ئەنفال و مەزاری قوربانیانی ئەنفالکراوەکان لە گوندی "دێبنە"ی نزیك بە شارۆچکەکە ئەوانەی لەخوارووی عێراق لەلایەن ڕژێمەوە گولەباران کران و دوای پشکنینی پزیشکی بەمەراسیمی تایبەت بەئامادەبونی جێماوەکانی ئەنفالکراوەکان بەخاك سپێردران، تاکو ئێستا بە سێ قۆناغی جیاواز توانراوە ژمارەیەك لە ڕوفاتەکان بهێنرێنەوە بۆ گەرمیان کە یەکەم قۆناغ ٢٠٠٩/٤/١٤ و دووەم ٢٠١٢/٢/١٣ و سێیەمیش لە٢٠١٤/٦/١٢ .[31]

[31] چاوپێکەوتن(قادرصالح قادر ناسراو بە(کاك قادری شەهیدان) لەبەڕێوەبەراتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی شارۆچکەی ڕزگاری.

Generated by Foxit PDF
http://www.foxitsoftware
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

## دووەم/بەشی کشتوکاڵی ڕزگاری

ئەم بەشە لە ٢٠١٠/٣/٤ دامەزراوە و سەر بەوەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێمی کوردستانە،ئەم بەشە خاوەنی (٦) فەرمانبەری پیاو و (١) ژنە بۆ جیٚ بەجیٚ کردنی ئیش وکارەکانی جوتیاران هەمیشە و بێ وچان لەخزمەتدان. سنوری بەشی کشتوکاڵی ئەم شارۆچکەیە زیاتر زەویەکانی دیمین(ئاوی نین)،ئیش وکاری سەرەکی ئەم بەشە کشتوکاڵی یە بۆ مەبەستی دابینکردنی گاز بۆ بیری ئیرتوازی و ناعورەکان و پێدانی دەرمان بۆ چاندنی دانەوێڵە (گەنم و جۆ)و دابەشکردنی جۆی بنەتۆ بەسەر جوتیاران بۆ مەبەستی چاندن و دیسان دابین کردنی جۆ بۆ ئالیکی ئاژەڵەکان و پێدانی قەرزی کشتوکاڵی بۆ ئەو کەسانەی پرۆژەیان لە بواری کشتوکاڵدا. و پێدانی گاز بۆ تراکتۆری گوندەکان و شارەکان لەلایەن ئەم بەشە (٢٠٠) لتر گازیان پێ دەدرێت، ئەم بەشە کشتوکاڵی یە،چەندین بەشی سەرەکی لەخۆ دەگرێت بفەرموون بۆ بینینی خشتەکە: [32]

| بەشەکان | خزمەتگوزاری | زەوی و زار | سامانی ئاژەڵ | پلاندانان |
|---|---|---|---|---|

[32] چاوپێکەوتن(کامران غفار غفور) لێپرسراوی بەشی کشتوکاڵی شارۆچکەی ڕزگاری لەبەرواری ٢٠١٣/١١/١١



## سێ یەم/فەرمانگەی دابەشکردنی کارەبای ڕزگاری

ئەم فەرمانگەیە لەساڵی(١٩٨٧) لەگەڵ دروستبونی شارۆچکە دامەزراوە.لەئێستادا ژمارەی فەرمانبەرەکانی بریتیە لە(٣٥) ،و (١) فەرمانبەری کارگێڕی و (٣)فەرمانبەری گرێبەست.لەماوەی کارکردنیان دوو فەرمانبەریان لەکاتی ئەنجامدانی ئیش وکاری کارەبا بەهۆی کارەباوە گیانیان لەدەستداوە لەپێناوی ڕووناککردنەوەی ماڵی هاوڵاتیاندا.ڕاکێشانی کارەبا و گۆڕینی کێبڵ یان دانانی ستون(عمود) لەلایەن کۆمپانیاکانەوە ئەنجام دەدرێت،گرفتی سەرەکی ئەم فەرمانگەیە تەنها کەمی فەرمانبەرە،ئەم فەرمانگەیە دەبێتە دوو بەشی سەرەکیەوە:

یەکەم/ بەشی صیانە:کاری ئەم بەشە ئەنجامدانی کاری چاکسازیە،وەك چاکردنەوەی محاولات و شۆرتی کارەبا.

دووەم/بەشی ووزە:ئەم بەشە زیاتر سەرقاڵە بەئیش وکاری ڕۆژانەی خۆی وەك چاکردنەوەی شۆرتی گشتی و پێوەر گۆڕین و چاکردنەوەی کارەبای ماڵان و ڕاکێشانە هێڵی کارەبا بۆ ماڵان کە دەبێت پێش ڕاکێشاندنی لەلایەن ئەم بەشە مامەڵەی بۆکرابێت.

ئیش وکاری سەرەکی ئەم فەرمانگەیە بریتی یەلە کۆکردنەوەی داهات و کارکردنی پێوەری ماڵان وبەستنیان و چاککردنەوەیان و کێبڵ گۆڕین بۆ و دابەشکردنی پسولەی کارەبا بەسەر ماڵاندا لەچوارچێوەی شارۆچکەی ڕزگاری (٨،٥٠٠) ماڵ هاوبەشیان هەیە و پارە دەدەن بە وەزارەتی کارەبا.[33]

[33] چاوپێکەوتن(حەسەن عەلی ئەضغر) لێپرسراوی فەرمانگەی دابەشکردنی کارەبای شارۆچکەی ڕزگاری لەبەرواری ٢٠١٣/١٢/١٥

Generated by Foxit PDF
http://www.foxitsoftware
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

## چوارەم/فەرمانگەی ئاوی ڕزگاری

ئەم فەرمانگەیە لە٥/٥/١٩٩٣ دامەزراوە،بەلاَم لەسالَی (١٩٨٨) لەسەردەمی ڕژێمی صدام تەنها (٨) بیری ئیرتیوازی هەبووە لەرێگەی بیری(شەمعە)وە ئاو دەدرا بەهاولاَتیان و ژنان هەموویان ئاوی خواردنەوەیان بەسەر دەهێنا لەدوای سالَی(١٩٩٣)وە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستی کردە ئیشکردن بۆئەوەی هاولاَتیان کێشەی ئاویان نەمێنێت.لەئێستادا ئەم فەرمانگەیە(٥٥) فەرمانبەری هەمیشەیی هەیە و خاوەنی(١١٩) فەرمانبەری گرێ بەستە،ژمارەی بیرەکان(٤١)ن.و(١)یەك بیری ئیرتیوازی شەمعەی هەیە،بۆ فەرمانگە حوکمی یەکان و گوندنشینەکان،ئەم فەرمانگەیە (٧٢٦٨)مالَ هاوبەشیان هەیە بۆ هەرمانگێك بڕی پارەکەی دەگاتە(٧٢,٦٨٠)هەزار دینار بەلاَم ئەگەر لەسالَێکدا بیژمێردرێت ئەوە بڕی پارەکەی دەگاتە(٨٧٢,٨٦٠) هەشت سەد و حەفتا و دوو ملیۆن و هەشت سەد و شەست هەزار دینار..ئەم فەرمانگەیە چەند ئامێرێکی هەیە وەك (سێ تەنکەر و یەك حەفارە و دوو پیکاب و یەك دەبلَ نیسان،ئەم فەرمانگەیە چەندین بەشی گرنگ لەخۆ دەگرێت.[٣٤]

[34] چاوپێکەوتن(کەریم حەمید مەجید) ناسراو بە(حاجی کەریمی ئاو) لێپرسراوی فەرمانگەی ئاوی شارۆچکەی ڕزگاری لەبەرواری١٥/١١/٢٠١٣



## پێنجەم/هۆبەی ڤێتێرنەری ڕزگاری

ئەم هۆبەیە لە٩/١٠/٢٠١٠ دامەزراوە و سەر بەوەزارەتی کشتوکالَ و سەرچاوەکانی ئاوە. بە پێی ئامارەکانی ئەم فەرمانگەیە لەسنوری ئەم شارۆچکەیە زیاتر لە(٧٠)هەزار ئاژەلَ هەیە و ئەم ئاژەلاَنە لەنێو گوندەکانە و کە ژمارەکانی گوندەکانی(٦١) گوندن.لەئێستادا (١٦) فەرمانبەری هەیە.ئیش وکاری سەرەکی ئەم هۆبەیە(چارەسەرکردنی ئاژەلَ و کوتان دژی نەخۆشیەکان و نەشتەرگەریکردن بۆ ئاژەلَ و پشکنینی کۆشتارگاکە و لیژنەی بازار ئەوەی پەیوەندی بەم هۆبەیەوە هەبێت وەك گۆشت و هێلکە و ماسی و ماست و مریشك و شیر).لەلایەن فەرمانبەرانەوە چاودێری دەکرێت،ئەم هۆبەیە چەندین بەشی هەیە وەك.[٣٥]

| بەشەکان | کوشتارگا | تاقیگە | تیماری دەرەکی | دەرمانخانە |
| --- | --- | --- | --- | --- |

[35] چاوپێکەوتن(د.سۆران خەلیل محمد) لێپرسراوی هۆبەی ڤێتێرنەری شارۆچکەی ڕزگاری لەبەرواری ١٥/١٢/٢٠١٣

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

## شەشەم/دادگای بەرایی  ڕزگاری

پێش ئەوەی بێینە سەر باسی ئەم فەرمانگەیەو کارو چالاکیەکانی لە ماوەی کارکردنی تاکو ئامادەکردنی ئەم ڕاپۆرتە پێویستە تیشك بخەینە سەر کاتی دروستبوونی و هۆکارەکانی پێویست بوونی ئەم فەرمانگەیە لە ناحیەکە. وەك لای زۆربەی خەڵکی ناوچەکە ئاشکرایە ئەم ناحیەیە لە ماوەی چەند ساڵی کەمی ڕابردوودا گەشەی بەرچاو و خێرایی بە خۆیەوە بینیوە ئەوەش وەك باسمان کرد بە چەند هۆکارێکی وەك کۆچی بەردەوام و بە لێشاوی گوندەکان و بوونی کێشەی باشور و ناوەڕاستی عێراق بۆیە ئەم هۆکارانەو چەندین هۆکاری گرنگی تر وای کرد کە ناحیەکە فشارێکی زۆری لەسەر بێت و پێویستی بە کردنەوەی فەرمانگەو دەزگای خزمەتگوزاری تر بێت . پێشتر زۆربەی کارەکانی هاوڵاتیان کە لە پێویستی بە دادگا دەکرد تەنانەت دادنوسیش لە قەزای کەلار بوو ئەو قەزایەش بە هەمان شێوە گەشەسەندن و بەرەو پێشچوونێکی خێرای بە خۆیەوە بینی بوو لە هەموو ڕووەکانەوە بۆیە کردنەوەی ئەم فەرمانگەیە پێویستیەکی گرنگ بوو بۆ خەڵکی ئەم ناحیەیە ئەمە جگە لەوەی کە خەڵکی ناحیەکە زۆربەی هەرە زۆریان کەس و کاری سەربەرزی ئەنفالن وەك ئاشکراشە کە ئەو شاڵاوە جگە لە لە ناوبردنی مرۆڤایەتی بە گشتی هەموو لایەنە و کایەکانی ژیانی گرتەوە. لێرەدا مەبەستمانە بڵێین کە ئەوەی ناسنامە و شوناسی خەڵکی سەرجەم گوندەکان بوو بە یەکجاری سڕییانەوە و لایان برد هەر بۆیەش پاش لە ناوچونی خودی دەسەڵاتەکەی خۆیان کەس و کاری



ئەنفالکراوەکان هیچ بەڵگەیەکی یاساییان نەبوو بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کە خەڵکەکەیان یاخود کەس و کارەکانیان لە ناوبراوە بە دەستی ئەو ڕژێمە فاشیستە. هەر بۆیە حکومەتی هەرێم خۆی هەستا بە تۆمارکردنی ناوی ئەو کەسانە  بە پشت بە ستن بە ڕێکارە یاسایەکان و کەس و کارەکانیان کە لە ژیان مابوون .ئەم کارەش ماوەیەکی زۆری ویست و فشارێکی زۆر لەسەر زۆربەی دادگاکان دروست بوو بە تایبەت دادگای کەلار کە تەنها دادگا بوو کاری ئەم ناحیەیە و قەزاکەشی دەکرد. ئەمە جگە لە کاری ئاسایی ڕۆژانەی خەڵك . هەر بۆیە ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان ئەم دادگایەی بەپێویست زانی و درکیان  بە پێویستی خەڵکی ناوچەکە کرد. لەبەرئەوە لەسەرەتای مانگی/٢/٢٠١٠ دادگای بەرایی لەشارۆچکەی ڕزگاری کرایەوە، دادگاکەش زیاتر خودی شارۆچکەکەی بوژاندوەتەوە و بەڕێوەبردن و ئیدارەدانی شارۆچکەکەی سەربەخۆ کردوە،جمجوڵی کارگێری و ڕاییکردنی ئیش وکاری هاوڵاتیان و لایەنی ئەمنی لەشارۆچکەکە گەشەسەندنێکی  باش و خێرایی بەخۆیەوە بینیوە. فەرمانگەکانی ناو شارۆچکەکە پێکەوە گرێدا،و ئەرك وکاری گشتی شارۆچکەکەی ڕێکخستەوە.هێزی یاسایی بەخشی بەسەرجەم ئیش وکاری خەڵك  و فەرمانگەکان و بنکەی پۆلیس و ئاسایش و دامەزراوە ناحکومیەکان و ڕێکخراوەکان ، چونکە پێشتر کەدادگا لەنێو شارۆچکە نەبووە،و زۆر کات وەك باقی شوێنەکانی تر هاوڵاتیان بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانیان و تەنانەت بۆ ئیش وکاری ئەمنی و یاسایش ڕوویان لەسەرۆکی یەکە ئیداریەکان کردووە بەمەبەستی یەکلاییکردنەوە و

Generated by Foxit PDF
http://www.foxitsoftware
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

دادگاییکردن و چارەسەرکردنی گرفتەکانیان بەلآم ئەم گرفتانە هەروا کەڵەکە بوون بەبێ ئەوەی چارەسەرێکی دروست بکرێت وکاتێك پرسیار ئاراستەی ئەو یەکە ئیداریانە ئەکرا لەسەرهۆکاری چارەسەر نەکردنی گرفتەکان لەوەلآمدا دەڵێن:ئێمە بەپێ ی یاسای پارێزگاکان دەسەلآتمان نی یە،بۆیە ئەتوانین ئەو هۆکارانەی ئاماژەی پێکرا وەك قۆناغەکانی مێژووی رابردووی شارۆچکەکە لەرووی پێویستی دادگاوە ناو ببەین جێی ئاماژە پێکردنە کە ئەم دادگایە سەر بە ئەنجومەنی دادوەری ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانە و پێکهاتووە لە چوار بەشی سەرەکی لە ژێر ناونیشانی(**دادگای بەرایی رزگاری**)دەستیان بەکارکردن کردووە و دادگاکانیش بریتین لە دادگای(بەرایی و باری کەسێتی و لێکۆڵینەوە و کەتن)کە ئەرك و کاری هەریەك لەم دادگایانە لەوویتریان جیاوازی بەخۆی هەیە کەلێرەدا باسی هەر چوار جۆرەکەی دەکەین.

**یەکەم/دادگای بەرایی رزگاری**

کارەکانی بریتی یە لەبینینی ئەو داوایانەی تایبەتن بە(پشکنینی بەپەلە و دانان و لابردنی حجز و داواکانی تایبەت بەموڵکایەتی و عەقار و نەهێشتنی هاوبەشی و قەرز و گرێبەستەکان و کرین و فرۆشتنی ماڵی گوزراو و نەگوازراو و تعویض و داواکانی تایبەت بەباری شارستانی(نفوس) وەك گۆرین و راستکردنەوەی ناو و تەمەن و ...هتد



**دووەم/دادگای باری کەسێتی رزگاری**

ئەم دادگایە ئەم کارانە دەکات (مارەبرین هەرکارێکی پێویست بەهاوسەرگیری بۆ وێنە:مارەیی و بژێوی و دەرهێنانی بەلگەکانی (ولایە و وصایە و قیمومە و بەلگەی مردن و لەدایکبون و مفقود و تەلآقدان و جیابونەوە و رەچەڵەك و ...هتد.

**سێ یەم/دادگای لێکۆلینەوەی رزگاری**

ئەرکی ئەم بەشە بریتی یە لەلێکۆڵینەوە لەسەرجەم ئەو کارانەی کەتاوان دائەنرێت بەپێ ی یاسا تا کاتی ئەنجامی لێکۆلینەوەکە ئەوجا دۆسیەکە رەوانەی دادگای تایبەتمەند دەکات بۆ بریاردان و حوکمدان و لەسەر دۆسیەکان وەك (تاوانی کوشتن و شەرکردن و دزی و سەرپێچیکردن و ....هتد.

**چوارەم/دادگای کەتنی رزگاری**

ئەرکی ئەم بەشەش بریتی یەلەبینینی ئەو داوایانەی کەلەدادگای لێکۆلینەوە بۆی رەوانەکراون تاوەکو بریاری کۆتای لەسەر بدرێت و و ئەو داوایانەیش کە بۆئەم دادگایە هاتوون نابێت سزاکەی لە(٥)ساڵ بەندکردن زیاتر بێت.

ئێمە وەك نەتەوەی کورد چونکە نەتەوەیەکی رۆژهەلآتین کەواتە بێ بەری نیمان لە بوونی گەندەڵی لە سەرجەم جومگەکانی دەسەلآت و تەنانەت ژیانیشمان ، بەلآم بەشێوەیەکی گشتی ئەم دادگایە هەرچەند تەمەنی کەمی هەیە لەرووی دامەزراندنیەوە بەلآم خاوەن سەرووەری خۆیەتی و ناوبانگ و مێژوویەکی جوانی بۆ خۆی تۆمارکردووە

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

لەکارکردن بەشێوەیەکی سەربەخۆیی و بوێریی و هاوکاری وئاسانکاری بۆ هاوڵاتیان و ڕاییکردنی ئیش وکارەکانیان بەجۆرێك ئەتوانین بیڵێین:دادگای ئەم شارۆچکەیە دەستی زۆر هەژار و کەم دەرامەتی گرتووە،بەتایبەت ئەوانەی گرفتی نفوسیان هەیە. هەروەها شایانی ووتنە خەڵێکی زۆری ناوچەکانی تری کوردستان ڕوویان لەم دادگایە کردووە. و ئەو خەڵکانە خۆیان گەواهی ئەوە ئەدەن مامەڵەکانیان بەجوانی و پوختی و بێ لایەنی لەلایەن دادگای بەرایی شارۆچکەی ڕزگاری بەڕێوە دەچێت.بێ وچان بەدەم گرفتەکانیانەوە دێت و ڕێکاری یاسایی بەرامبەر بە هەموو کارێك گرتوتە بەر و گوێ بۆسکاڵای هاوڵاتیان بەگشتی گرتوتە بەر کەئەمەش ناو ومێژووی بەبەرزی هێشتوەتەوە و ئەتوانین بڵێین ئەم دادگایە لەچاو دادگاکانی تری کوردستان لەپلەی(زۆر باش)دایە،ئەمە جگەلەوەی بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی دادگەکەوە خەڵکی ناوچە دابڕێنراوەکانی کوردستانیش ڕوو لەم دادگایە دەکەن،هەروەها زۆر کات خەڵکی شارەکانی کەلار و خانەقین و دەربەندیخان و جەلەولا و زۆر شوێنی ترەوە بۆ ئیش وکاری دادگا ڕوو دەکەنە شارۆچکەی ڕزگاری و ئەم دادگایە سەرەڕای ئەو کارانە توانیویەتی لەهەندێ دۆسیەی ئاڵۆزدا دەست وەربدات و لێکۆڵینەوە بکات و بڕیاری بوێرانە لەو دۆسیانە بدات و جێگەی دەستخۆشی خەڵکی شارۆچکەکە و ناوچەکە بێت و لەڕاپرسیەکیشدا کەلەساڵی(٢٠١٢) لەنێوان فەرمانگە حوکمیەکانی شارۆچکەی ڕزگاری ئەنجامدرا،و لەنێو هاوڵاتیاندا (دادگای بەرایی ڕزگاری)پلەی یەکەمی بەدەستهێنا لەسەر ئاستی هەموو



فەرمانگەکان لەڕووی باشی کارکردنەوە. خەڵکی شارۆچکەکە سودی زۆریان لێ وەرگرتووە،و بۆهیچ کارێك پێویستیان بەدادگاکانی تر نی یە،و ئەم دادگایەش وەکو دادگاکانی تری کوردستان لەدادگا پلەیەکەمەکاندایە،و هەموو ماف و دەسەڵاتی دادگاکانی تری هەیە،بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم دادگایە بێ بەش نی یە لەکەم و کورتی و تائێستاش گەورەترین گرفتی نەبونی بینایەکی تایبەت بەخۆیەتی و ئێستاش دادگاکە لەبینایەیی بەدالەی شارۆچکەی ڕزگاریدایە،و بەمەش بەتەواوی جێگای کاری دادگای تێدا نابێتەوە و بەهۆی زۆری ئیش وکارەوە،ڕۆژانە توشی فشارو تەنگانە ئەبین.بۆ زیاتر بەرچاو ڕوونی بڕوانە خشتەی پێکهاتەی دادگاکە.

| داواکاری گشتی | دادوەر | یاریدەری دادوەری | فەرمانبەری لێکۆڵەر | فەرمانبەری یاسایی | فەرمانبەر | دۆسیەی هاوڵاتیان(ساڵێك) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢ | ٢ | ٣ | ٣ | ٦ | ٢٠ | ٤٠٠ ـ٥٠٠ مامەڵە |

ئەوەی شایانی ووتنە چەندین فەرمانبەری تریش لەنێو ئەم دادگایە کاردەکەن وەك ژمێریار و کار و پێکەری کۆمپیوتەر و نوسەر و شۆفێر و کارگێری و کارگوزار.[٣٦]

-----------------------------------------------------

[36] چاوپێکەوتن(هیوا دارا محەمەد) لێپرسراوی بەشی لێکۆلەری داد لەدادگای بەرایی شارۆچکەی ڕزگاری لەبەرواری١٩/١٢/٢٠١٣

Generated by Foxit PDF
http://www.foxitsoftware
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

**حەوتەم/فەرمانگەی دادنووسی ڕزگاری**

ئەم فەرمانگەیە لەساڵی٢٠١٠ فەرمانی کردنەوەی دەرچووە،بەڵام بەهۆی نەبوونی شوێن و فەرمانبەرەوە لە ٢٠١١/٩/٧ کراوەتەوە، و لەبەرواری ٢٠١١/٩/٨ دەستی بەئیش و کارەکانی کردووە.ئەم فەرمانگەیە ئێستا خاوەنی (٧)فەرمانبەرە،چەندین بەشی گرنگ لەخۆ دەگرێت وەك:

| بەشەکان | ژمێریاری | کارگێری | ئامار | تۆماری | ئەرشیف |
|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ئامارەکان | کۆگا |

فەرمانگەی دادنووس یەکێکە لەو فەرمانگانە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەمامەڵە هاوڵاتیانەوە هەیە، و ڕۆژانە هاوڵاتیان بۆ ڕاپەڕاندنی ئیش و کارەکانیان ڕوو لەم فەرمانگەیە دەکەن،ئەو ئیش وکارانەی لەم فەرمانگەیە بەڕێ دەخرێن ئەمانەن:

١/**بەڵێن نامە**:ئەم مامەڵەیە دانانی ئیلتیزامە بۆ کەسێك دەیخاتە سەرشانی خۆی کە ئەویش بەئەنجامدانی کارێك یان ئەنجام نەدانی کارێك بەرامبەر لایەنێك ئەو لایەنە کۆمپانیا بێت یان دەزگایەك بێت یان فەرمانگەیەکی حوکمی بێت.

٢/**بریکارنامە**:ئەم جۆرە مامەڵەیە ڕێککەوتنی دوو لایەنە لەسەر ئەنجامدانی کارێك یان چەند کارێك ئەمەش دوو جۆرە یەکێکیان بریکاری گشتی ئەویتریان بریکاری تایبەت.

٣/**دەستەبەری(کفالە)**:لێرە کەسێك دەبێتە زامنی کەسێکی تر بۆ ئەنجامدانی کارێك ئەمەش دوو جۆرە یەکیان کەفالەتی کەسێتی ئەویتریان کەفالەتی دارایی.



٤/**ئاگادارکردنەوە**:کەسێك هەڵدەستێت بەئاگادارکردنەوەی کەسێکی ترلەڕێگەی ئەم فەرمانگەیەوە بەمەبەستی ئەنجامدانی کارێك یان دەست هەڵگرتن لەکارێك یان سپاردنی پارە و شت و مەکی کەسێك کەلەئەستۆیدایە،و خاوەنی پارە یان شت و مەکەکە کە ئینکاری دەکات لەوەرگرتنەوەی پارە یان شت و مەکەکە .

٥/**کۆمپیالە**:ئەمە گرێبەستی نێوان دوو لایەنە کە ڕێك دەکەون لەبەرامبەر پێدانی قەرز بەوی تریان بۆ ماوەیەکی دیاریکراو.

٦/**گرێبەست**:ئەمەش ڕێککەوتنی دوو لایەنە لەسەر بەئەنجام گەیاندنی کارێك .ئەم گرێبەستە لەنێوان دوو کەسی ئاسایی دەبێت یان کەسێك و کۆمپانیەك دەبێت و یان یەکێکیان کەسێکی ئاسایی بێت و ئەویتریان دەزگایەکی حوکمی بێت.

٧/**دەفاتر(تێنوسەکان)**:لێرەدا ئەم فەرمانگەیە هەڵدەستێت بەپەسەندکردنی ئەو سجلانەی کەلە ڕێکخراو و نوسینگەکاندا بەکاردێت بۆئەوەی شێوازێکی فەرمی وەربگرێت.

٨/**پەسەندکردن**:ئەم فەرمانگەیە هەڵدەستێت بەپەسەندکردنی ئەو مامەڵانەی کەلەپێشدا لەم فەرمانگەیە ئەنجام دراون ئەویش بەوەرگرتنی وێنەیەك لەمامەڵە کۆنەکە و دووبارە مۆرکردنی بەبەرواری نوێ.

٩/**وەرگێران**:لێرەدا ئەم فەرمانگەیە هەڵدەستێت بەپەسەندکردنی مامەڵەیەك جگە لەزمانی خۆماڵی واتە:ئەگەر هاوڵاتی داوای کرد،ئەو مامەڵەیەیی ئەنجامی داوە،بۆ وەرگێرانی زمانی ئینگلیزی یان فەرەنسی و

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

......هتد کەلایەنێك کەسێك سوێندی خواردووە ئەنجام دەدرێت و دواتر ئەو مامەڵەیە پەسەند دەکرێت.

**١٠/هەڵوەشاندنەوە:**ئەمەش لابردن و هەڵوەشاندنەوەی ئەو مامەڵانە دەگرێتەوە کەهاوڵاتی دەیەوێت شوێنەواری نەمێنێت بۆ وێنە:دانانی جیجز لەسەر موڵکەکان و وەرگرتنی پێشینەی خانووبەرە،ئەگەر هاتوو تەواوی ئەو پێشینە وەرگیراوەوە ئەوا دائیرەی تاپۆ لەرێگەی فەرمانگەی دادنووسەوە بەنوسراوی بانکی خانووبەرە ئەو مامەڵانە لادەبات و ئەو مامەڵەیە لەفەرمانگەی دادنووسەوە هەڵدەوەشێتەوە.

**١١/ئامێرەکان:**ئەمە یەکێکە لەگرنگترین کارەکانی دادنووس کەتێدا هەڵدەسێت بەپێدانی بەڵگەی خاوەنداریێتی کارگە و شوێنەکان بەو کەسەی داوای کردووە،بۆ وێنە:چۆن ئۆتۆمبیل لەدائیرەی هاتوو چۆ بەڵگەی خاوەنداریێتی بۆ دەکەن و خانووش لەتاپۆ بەڵگەی بۆ دەکەن،لەفەرمانگەی دادنووسی کارگە و شوێنەکان بەڵگەی خاوەنداریێتی بۆ دەکەن.

★**هۆکاری کەمبونەوەی مامەڵەی فەرمانگەی دادنووس:** دەگەرێتەوە بۆ جێ بەجێ کردنی یاسایی دادنووسان ژمارە (٣٣)ی ساڵی(١٩٩٨) کەلە بەرواری ٢٠١٣/٤/١٧ کاری پێ دەکرێت،لەمادەی(٩) ئەم یاسایەدا هاتووە:دەسەڵاتی دادنووس دراوە بەبەشی یاسایی فەرمانگە حکومیەکان خۆیان بەبێ ئەوەی پەنا ببەنە بەر فەرمانگەی دادنووس لەمامەڵەکانی وەك:(بەڵێن نامە و گرێبەست و کفالة ) بۆزیاتر بەرچاو روونی هەموو دەزگا حکومیەکان لەنێو ئەو دەزگایە بەشێکی یاسایی کراوە لەلایەن فەرمانبەری یاسایی بەرێوە دەبرێت بۆ کار ئاسانی هاوڵاتیان و کەمبونەوەی گوشار لەسەر فەرمانگەی دادنووس.بفەرموون بۆ بینینی ئەم خشتەی ئامارەکان.[37]

| ژمارە | جۆری مامەڵە | ٢٠١١ لەم ساڵەدا تەنها(٣) مانگ کار کراوە | ٢٠١٢ | ٢٠١٣ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | بەڵێن نامە | ١٨٣٣ | ٦٠١٦ | ١٨٩٢ |
| ٢ | کفالة | ٤٥٩ | ٧٥٦ | ٩٦١ |
| ٣ | بریکارنامەی تایبەت | ٣٤٩ | ٦١٧ | ٦٠٥ |
| ٤ | بریکارنامەی گشتی | ٤٢٢ | ٢٣١٨ | ١٨٩٢ |
| ٥ | ئاگادارکردنەوە | ٢ | ٣٢ | ٥٥ |
| ٦ | کۆمبیالە | ١ | ١٠ | ٩ |
| ٧ | گرێبەست | ١٩ | ١٥٣ | ١٠٣ |
| ٨ | ئامێرەکان | ١ | ٢ | ١ |
| ٩ | دەفاتر(تێنوسەکان) | .......................... | ٢ | ......... |
| ١٠ | پەسەنکردن | ٣ | ٢٠١ | ١٧٨ |
| ١١ | وەرگێڕان | ....... | .... | ..... |
| ١٢ | هۆشداری سپاردنی پارەو شت وەك | ...................... | ............. | ....... |
| ١٣ | هەڵوەشاندنەوە | ................. | ......... | ........ |
| ١٤ | کۆی گشتی | ٣٠٨٩ | ١٠١٠٥ | ٧٩٩٥ |

[37] چاوپێکەوتن: ئارام موحمەد مولود بەرێوەبەری فەرمانگەی دادنووسی شارۆچکەی رزگاری لەبەرواری ٢٠١٤/١/١٩

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

## هەشتەم/مەڵبەندی تەندروستی

### یەكەم:مەڵبەندی تەندروستی سەرەكی دكتۆر شەهید قاسم

ئەم مەڵبەندە لەساڵی ٢٠٠٥ دامەزراوە و (٢٤)كاتژمێری یە بە شەو ڕۆژ لەخزمەتی هاولاتیانن،ئەم مەڵبەندە (٣٦)كارمەندی تەندروستی هەیە كە (١٦)یان لەڕەگەزی مێ و (١٨) لەڕەگەزی نێرە. (٦) پزیشكی پلەبڵند و ددان و ژنی پسپۆڕ لەنێو مەڵبەندەكە خزمەت دەكەن و (٢٥) فەرمانبەری صرفی هەیە.بەپێ ی ئاماری ساڵی(٢٠١٢) لەماوەی یەك ساڵ تەواو لەنێو ئەم مەڵبەندە(٦٧,٠٠٠)هەزار نەخۆش بینراوەو چارەسەركراوە.لەنێو ئەم مەڵبەندە چەندین بەشی گرنگ هەیە وەك.[٣٨]

| بلیت بڕ | كارگێڕی | پزیشكی ژنان | پزیشكی ددان | فریاكەوتنی پیاوان | فریاگەوتنی ژنان | ئامار | چاكسازی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| خزمەتگوزاری | ژمێریاری | دەرمانخانە | دەرمانخانەی ئیشگری | دەرمانخانەی نەخۆشیە درێژخایەنەكان | تاقیگە | كۆگای دەرمان | كۆگای كەل وپەل |
| چاودێری گەشەی منداڵ | تیشك | چاودێری دایكانی دووگیان | كوتان | بیان ولادە | سۆنەر | ......... | ............... |

38 چاوپێكەوتن(عادل عبدالكریم وەهاب) بەڕێوەبەری مەڵبەندی تەندروستی سەرەكی دكتۆر شەهید قاسم لەبەرواری ٢٠١٣/١٢/١٥



### دووەم:مەڵبەندی تەندروستی سەرەكی گەرمیان

ئەم مەڵبەندە لەساڵی(١٩٨٩) دامەزراوە و بە هەمان شێوە ٢٤ كاتژمێریە و بەشەو بەڕۆژ لەخزمەتی هاولاتیانی شارۆچكەكەدایە،و بەبێ وەستان دەرگایان والآیە بۆ چارەسەری شیاوی نەخۆشەكان و ئەوانەی سەردانیان ئەكەن.ئەم مەڵبەندە پێكهاتووە لە (٣)پزیشكی گشتی و (٢) پزیشكی ددان و (٢٨) كارمەند و (١٠) فەرمانبەر و (٦) كارمەندی گرێبەست.لەماوەی(١١)مانگی تەواو لە ساڵی ٢٠١٣ (٢٨١٣٣)بیست و هەشت هەزار و سەد و سی وسێ نەخۆش بینراون و چارەسەر كراون. هەروەها بەهۆی بارودۆخی خراپی عێراق و هاتنی خەڵكی خوارووی عێراق زۆربەی فەرمانگەكان و مەڵبەندە تەندروستیەكانیش فشاریان كەوتوەتە سەر.ئەم مەڵبەندە حوكمی یە و سەر بە وەزارەتی تەندروستی حكومەتی هەرێمی كوردستانە،چەند بەشێكی گرنگ لەخۆ دەگرێت وەك.[٣٩]

| دەرمانخانە | گەشەی منداڵ | كوتان | دووگیان | پاراو بەدەم |
|---|---|---|---|---|
| چاودێری | ددان | تاقیگە | قاوش | بلیت بڕ |

39 چاوپێكەوتن (عەدنان محمد قادر)بەڕێوەبەری مەڵبەندی تەندروستی سەرەكی گەرمیان لەبەرواری ٢٠١٣/١٢/١٥

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

## نۆیەم/بەشی کوتانی ڕزگاری

ئـەم بەشـە یەکێکـە لەبەشـە کـارا و چـالاکەکانی لـەنێو نەخۆشـخانەی شەهید دکتۆر قاسم ،ئـیش وکاری فـەرمی ئـەم بەشـە بریتیـە لـە کوتـانی منـاڵان و دەرزی لێـدانی دایکی منداڵەکە ئە ئـەم بەشـەش پێویـستیەکی گرنگـە بـۆ پاراسـتنی تەندروسـتی چـینێکی گرنگـی شارۆچـکەکە، جگـە لەوەش ئەم بەشە چەند تیمێکیـان هەیـە کـە لـە کـاتی بڵاوبونـەوەی هـەر نەخۆشیەکی کتوپڕدا دەگەڕێن چ لە ناو سەنتەری شارۆچکەکە چ بـە نـاو دێهاتـەکانی دەوروبـەری بـۆ ڕێگـە گـرتن لـە تەشـەنە کردنـی و پێـدانی قەترەی تەندروست و گونجاو بـۆ تەمـەنی مەبەسـت. ،بـۆ زیـاتر بەرچاوو ڕوونـی هـەموو لایـەك و بـەپێ ی ئامـاری سـاڵی (٢٠١٣) ڕێـژەی لـەدایك بوونی منداڵ و بۆ مەبەستی کوتـان لـە سنوری ئیـداری ئـەم شارۆچـکەیە (١٢٣١) منـداڵ بـوون و لەلایـەن ئـەم بەشـەوە چـاودێری کـراون بـۆ مەبەستی کوتان.[٤٠]

هـەروەها بـەهۆی نـەبوونی شـوێنێکی تایبـەت بـە تۆمـاری مردووانـی ناحیەکە نەمانتوانی ئامارێکی دروستی ڕێـژەی لـە دایکبـوون و مردووانـی ئـــــەم ناحیەیـــــە وەربگـــــرین یـــــان بنوســـــینەوە.

40 چاوپێکەوتن(دارا حمە سعید حمەئەمین) لێپرسراوی بەشی کوتانی شارۆچکەی ڕزگاری لەبەرواری ٢٠١٤/١/١٩



## دەیەم/ فەرهەنگخانەی ڕزگاری

ئـەم شـوێنەش لـە ڕزگـاری ئێـستا بـوونی هەیـە و سـەر بـە وەزارەتـی ڕۆشـنبیری و لاوانـی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتانە و لـە سـاڵی ٢٠٠٧ ەوە دامـەزراوە.ئامـانجی سـەرەکی فەرهەنگخانـە بریتیـە هۆشـیارکردنەوەی کۆمەڵگە بە گشتی و لاوان بە تایبەت و تاکو ئێستاش چەندین چالاکییان لـە بـوارە جیاجیاکـان و بۆنـە نیـشتمانیەکاندا لـە ئاسـتی سـنورەکەدا هـەبووەو جـێ دەسـتیان تـا ڕادەیـك دیـارە لـە بەرزکردنـەوەی ئاسـتی ڕۆشنبیری و فیکری لە شارۆچکەکەو سنوری شارۆچکەکە. شایەنی باسە زۆربـەی کارەکانیـان بـە پێـی وتـەی بەرپرسـی ئـەو فەرهەنگخانەیـە خۆبەخـشانەیە و تـەنها ئامانجیـان خزمەتکردنـە.هـەروەها بـە فـەرمی پێکهـاتوون لـە ٧ ئەنـدامی دەسـتەی کـارگێڕی.و لـە شـوێنی تایبـەت بـە خۆیـان لـە بینـای کتێبخانـەی گـشتی ڕزگـاری کـاری خۆیـان ئەکـەن.[٤١]

41 چاوپێکەوتن: "م.نەجیب عومەر محمد" بەرپرسی فەرهەنگخانەی ڕزگاری

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

## بواری پەروەردەیی و ڕۆشنبیری و ئاینی و ڕۆژنامەگەری و ئەنفال و ڕێکخراوەکان لەشارۆچکەی ڕزگاری

### یەکەم/دایەنگەی منالآنی شارۆچکەی ڕزگاری

ئەم دایەنگەیە لەسەرەتای ساڵی(٢٠١٣) دامەزراوە و سەربەوەزارەتی کاروکاروباری کۆمەلآیەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانە.ئەم دایەنگە ئەو منداڵانە وەردەگرێت کە دایکی فەرمانبەری حکومەت بێت و تەمەنیان لەنێوان(ساڵێك و دوو مانگ تاوەکو سێ ساڵ) بێت،بەلآم ئەم دایەنگە بەحوکمی ئەوەی دایەنگەیەکی حوکمی یە،بەرنامەکانی جیاوازە لەگەڵ ئەو دایەنگەی کە ئەهلی بێت.لەدایەنگەی ئەهلی لەتەمەنی(٢)مانگیەوە وەردەگرێت،هەر دایەنێك لەدایەنگا دەبێت(١٠)منداڵ بەخێو بکات.ئەو منداڵانەی دێنە ئێرە لەکاتژمێر(٧)ی بەیانی یەوە تاوەکو (١) دوای نیوەڕۆ. ئەو دایەنەی منداڵ بەخێو دەکات دەبێت بەلایەنی کەمەوە دەرچوی پەیمانگا بێت،و فێری پیشەی ئیشکریەکان بێت،وزانیاری هەبێت دەربارەی پەروەدە بۆئەوەی منداڵەکە هەست بەوە نەکات دایکی لانیە.گرفتی سەرەکی ئەم دایەنگەیە نەبوونی کارمەندی تەندروستیو توێژەری کۆمەلآیەتیە. بەپێ ئاماری ساڵی(٢٠١٣) تاوەکو ئێستا ئەم دایەنگە (٢٦) منداڵی وەرگرتووە بۆ مەبەستی چاودێری و گەشەپێدانی کۆمەلآیەتی و پێدانی ژەمەکانی خۆراك لەلایەن وەزارەتی کارەوە بۆی دەنێرێت. بۆ هەرمنداڵێك مانگی(٢٠) هەزار دینار وەردەگرێت و دواتر ئاراستەی گەنجینەی وەزارەتی کار دەکرێت،بەلآم بۆ مەبەستی منداڵی(٣ساڵ بۆ ٤ساڵ) چەند یاریەکی پێ دەکرێت وەك لێخوڕینی پاسکیل و خلیسکان و یاری منداڵ و دانانی دوو تەلەفزیون بۆ منداڵان بەردەوام لەسەر بەرنامەی منداڵانە بۆئەوەی سودی لێ وەربگرن،ئەم دایەنگەیە لەئێستا خاوەنی (١٢) فەرمانبەرە بۆ ڕاپەڕاندنی ئیش وکارەکانی دایەنگە و چەندین چالاکیان هەیە وەك (ژەمی نان خواردن بۆ منداڵان و وەرزشی منداڵان و ژەمی میوە و سەیری تەلەفزیون و گێرانەوەی چیرۆکی بەسودی منداڵان.[42]



[42] چاوپێکەوتن(م.سندوس کازم عبداللە) لێپرسراوی دایەنگەی منداڵانی شارۆچکەی ڕزگاری لەبەرواری ٢٠١٣/١٢/١٥

Generated by Foxit PDF
http://www.foxitsoftware
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

## دووەم/سەنتەری پاراستنی منالأنی ڕزگاری

ئەم سەنتەرە لەسالّی(٢٠٠٩)ەوە دامەزراوە و سەبەوەزارەتی کاروباری کۆمەلأیەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانە.ئەم سەنتەرە خاوەنی (٢٢) فەرمانبەرو مامۆستایە.ئامانجی سەرەکی ئەم سەنتەرە بریتیە لە :پاراستنی منالأن لەڕووی دەرونی و جەستەیی یەوە،و چەندین چالاکی هەمە جۆر لەخۆ دەگرێت لەخشتەی خوارەوە ڕوون دەکەینەوە،وکۆکردنەوەی منالأن لەسەر جادەو کۆلأن لەنێو ئەم سەنتەرە،وهەرمندالێك حەزی لەهەرچی بەشێك هەبێت لەسەر ویست و خواستی خۆی دەتوانێت یەکێك لەژوورە چالاکیەکان بۆخۆی هەلّبژێرێت بۆئەوەی خەون و خولیای خۆی بەدیبێنێت،وبەپێی یاسایی کار ئەو منالأنەی تەمەنیان لە نێوان (٦سالّ بۆ ١٨)دایە دەتوانن لەم سەنتەرە کۆببنەوە بۆئەوەی دووربکەونەوە لەگرفت و کێشە و گرنگیش نی یە کە ئەو مندالأنە قوتابی بێت یان نە،گرنگ ئەوەیە کارمەندانی سەنتەرەکە بتوانن خزمەتیان بکەن لەچوارچێوەی یاسای وەزارەتی کار بۆ خزمەتی منالأن،ئەم سەنتەرە چەندین بەش لەخۆ دەگرێت بۆئەوەی منالأن چالاکی بکەن. ئەم خشتەیەی خوارەوە بەشەکانی سەنتەرەکە لە خۆ دەگرێت[٤٣]

| بەشەکان | سەرتاشی | هونەر | کۆمپیوتەر | وەرزش | خوێندنەوە | کارگێری | دروومان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|

43 چاوپێکەوتن(م.صلاح حسن حسين) لێپرسراوی سەنتەری پاراستنی منالأنی شارۆچکەی ڕزگاری لەبەرواری١٥/١٢/٢٠١٣



## سێ یەم/باخچەی ساوایان

### باخچەی ساوایانی ڕزگاری

ڕزگاری تا ماوەیەکی زۆر باخچەی ساوایانی نەبووە و ساوایانی ئەم شارۆچکەیە بێبەش بوون لێی بەلأم لە ئێستادا خۆشبەختانە ڕزگاری دوو باخچەی هەیە کە یەکەمیان هەر بەناوی "ڕزگاری"ە و یەکەمین باخچە بوو کە کرایەوە بۆ وەرگرتنی مندالّ لەتەمەنی(٤ – ٥ سالّ).ئەم باخچەیە لە ئێستادا ١٥ مامۆستای هەیە لەگەلّ ٦ کارمەندی تری خزمەتگوزار وەك باخەوان و پاسەوان و کارگوزار. شایەنی باسە ئەم باخچەیە خاوەن بینای تایبەت بە خۆیەتی ئەویش جێگەی خۆشحالّی خەلّکی ناوچەکەیە. هەروەها لەم باخچەیەدا وانەکانی(هونەر و وەرزش و کوردی و زانست و بیرکاری) دەخوێنرێت .بۆ هەرمندالێك مانگی(١٠) هەزار وەردەگرن ئەویش بۆ دابین کردنی ژەمی خۆراکی مندالّەکان.ئەم باخچەیە چەند کارێکی گرنگی پەروەردەیی دەکات وەك منالأن بۆ قوتابخانە و ئامادە دەکەن بە شێوەیەك کە لەگەلّ شێوازی سەردەمدا بگونجێت و چەندین وانەی گرنگی تری پەروەردەی خێزانی و ئەخلاقی کە لەگەلّ خێزان و کۆمەلّدا بگونجێن و لە شتە نەشیاوەکان دوور بکەونەوە. ئەمە سەرباری فێرکردنی وانەکانی ڕۆژانەی خۆیان. لەسالّی(٢٠١١ – ٢٠١٢) ئەم باخچەیە لەگۆڕەپان و وەرزش پلەی یەکەمیان بەدەستهێناوە لەسەر ئاستی باخچەکان.لەسالّی(٢٠٠٧) زیاتر لە(١٢٠) مندالّ لەم باخچەیەوە ئاراستەی قوتابخانەکان کراون و ئاهەنگی دەرچونیان بۆ سازکراوە،بەپێ ی ئاماری سالّی(٢٠٠٨) ئەم باخچەیە(١٢٠)

Generated by Foxit PDF
http://www.foxitsoftware
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

منـــدالّى هەبووە،بـــەلاّم لەســـالّى(٢٠٠٩) ئـــەم باخـــچەيە(١٧٨) منـــدالّى هەبووە،ئاراسـتەى قوتابخانـەكان كراون،ئـەم باخـچەيە گرفتـى سـەرەكى دەگرێتـەوە بـۆ نـەبونى (كارمەنـدى تەندروسـتى بـۆ چاودێرى منـدالاّن،و توێـژەرى كۆمەلاّيـەتى ،وچاودێر بـۆ سـەر منـدالاّن و مامۆسـتاى موزيـك بۆئەوەى فێرى ئامێرەكان بكرێت و هـەموو ئامێرەكانى لـەپێش دەسـتدا لەنێو باخچەيە،دەبێت خزمـەتى ئـەم باخـچەيە هەميـشە لەپێشچاو بێـت بـــــۆ نـــــەوەكانى داهاتوومـــــان و جێگـــــاى شـــــانازيمانن.[44]

[44] چاوپێكەوتن(حەلاو محەمەد ڕەشيد) بەڕێوەبەرى باخچەى ساوايانى ڕزگارى لەبەروارى ٢٠١٣/١٢/٢٢



## باخچەى ساوايانى دايك

ئەم باخچەيە لەبەروارى ٢٠١٣/٩/٢٤ دامـەزراوە. بـەهۆى تـازە دامەزرانـدن و كردنەوەيەوە كەم و كورتى هەيـە بـەلاّم هـەر توانيويـەتى كـەلێنێك لـە پێويستى شارەكە پڕبكاتـەوە.هـەروەها لەسـەر ميلاكـى ئـەم باخـچەيە (٥) مامۆستا خزمەت دەكەن وبە هەمان شێوە (٥)كەسى تـريش بەناونيـشانى جياواز لە پاسەوان و كارگوزار و خۆبەخشێك ،ئەم باخـچەيە لەتەمـەنى(٤ ســـالّ و ٥ ســـالّ) وەردەگرێت،لـــەناو ئـــەم باخـــچەيە چـــەندين وانـــە دەوترێتـــەوە وەك بيركـــارى و وەرزش و كـــوردى و ئينگليـــزى كـــە بـــۆ خوێندنى (٥) سالّ دەبن.ئەم مندالاّنە بۆ ماوەى(٤) كاتـژمێر لـە باخـچەكە دەمێننـــەوە.لـــەم ســـالّەدا واتـــە ٢٠١٣ نـــاوى (١٨١)منـــدالّ لەڕەگـــەزى (نێـــر) و(١٦٠) لەڕەگـەزى (مـێ) تۆمـار كـراون كـۆى گـشتى دەكاتـە(٣٤١) منـدالّ.[45]

[45] چاوپێكەوتن(چيمەن جەلال محەمەد)بەڕێوەبەرى باخچەى ساوايانى دايك لەبەروارى ٢٠١٣/١٢/٢٢

Generated by Foxit PDF
http://www.foxitsoftware
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

## چوارەم/قوتابخانەکانی ڕزگاری

ڕزگاری لە ئێستادا وەك هەر شوێنێکی دیکەی کوردستان سیستەمی پەروەردەو فێرکردنی تا ڕادەیەکی باش پێشکەوتووە و چەندین قوتابخانەی تێدایە هەر لە بنەڕەتیەوە تاکو کۆتا قۆناغەکانی ئامادەییش.هەروەها خۆشبەختانە لە ئێستادا خوێندنی ئێواران هەیە بۆ ئەو کەسانەی دەگەڕێنەوە کە سالآنێك دابڕاون یاخود خوێندنی ڕۆژیان پێناکرێت.ئەوەی لەم خشتەدا دیارە زانیاری و ناوی سەرجەم خوێندنگاو قوتابخانەکانی سەنتەری شارۆچکەکەیە کە ڕۆڵێکی دیارو بەرچاوین بینووە لە بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و خوێنەواری لە شارۆچکەکە بێگومان وەك ئەزانین خوێندن ڕوناکیە بۆ ڕۆشنکردنەوەی ڕێگاکانی بەروە پێشچوون و ئاوەدانی.[46]

[46] چاوپێکەوتن(م.عبدالرحمن جمال محی الدین) لێپرسراوی بەشی پلاندانان لە بەرێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی کەلار لەرۆژی ٢٠١٤/٣/٤



| ژمارە | ناوی قوتابخانەکان | ژ.مامۆستایان | ژ.قوتابیان | ژ.کارگوزار | ژ.پاسەوان |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | مەریوان"بنەڕەتی" | ٤٥ | ١٠١٠ | ٤ | ١ |
| ٢ | مەرزیە"بنەڕەتی" | ٥٢ | ١٠٢٣ | ٦ | ٢ |
| ٣ | بەڵێن"بنەڕەتی" | ٤٦ | ٦٤٠ | ٨ | ٢ |
| ٤ | قانع"بنەڕەتی" | ٢٧ | ٤٢٠ | ٢ | ........ |
| ٥ | ئایندە"بنەڕەتی" | ٥٦ | ٩٨٢ | ٧ | ٢ |
| ٦ | شێخ حسێن هەزارکانی"بنەڕەتی" | ١٧ | ٤٠٠ | ١ | ....... |
| ٧ | دەستور"بنەڕەتی" | ٥٠ | ٩١٥ | ٥ | ........ |
| ٨ | شاکەل"بنەڕەتی" | ٧٤ | ١٤٠٥ | ٨ | ٢ |
| ٩ | ئاسۆ"بنەڕەتی" | ٤٥ | ١٠٣٢ | ٦ | ٢ |
| ١٠ | هەڵگورد"بنەڕەتی" | ٤٠ | ٩٨٤ | ٥ | ٢ |
| ١١ | کۆمار"بنەڕەتی" | ٣٥ | ٥٩٦ | ٥ | ٢ |
| ١٢ | گەرمیان"ئامادەیی" | ٣٥ | ٥١٧ | ٤ | ....... |
| ١٣ | بەمۆ"ئامادەیی" | ٣٨ | ٥٠٢ | ٥ | ٢ |
| ١٤ | برایەتی"ئامادەیی" | ٢٧ | ٢٨٤ | ٢ | ٣ |
| ١٥ | کاوە "ئامادەیی" | ٣٤ | ٥٩٤ | ٢ | ١ |
| ١٦ | ئامادەیی سالم | ١٢ | ١٣٢ | ٢ | ١ |
| ١٧ | هندرێنی ئێواران | ١٣ | ٢٠٩ | ١ | ٢ |
| | کۆیگشتی | ٦٤٦ | ١١٦٤٥ | ٧٣ | ٢٤ |

Generated by Foxit PDF
http://www.foxitsoftware
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

ئەم خشتەیەی خوارەوەش زانیاریە لەسەر قوتابخانەکانی دەرەوەی شارۆچکەکە کە سەر بە ڕزگارین.[٤٧]

| ژمارە | ناوی قوتابخانەکان | ژمارەی مامۆستا | ژمارەی قوتابی | ژمارەی کارگوزار | ژمارەی پاسەوان |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بنەبەراز | ٦ | ٦ | ١ | ........ |
| ٢ | بووەکە | ٤ | ٥ | ١ | ....... |
| ٣ | تەیمانە | ١٠ | ٧ | ١ | ...... |
| ٤ | تووراني شێخ سەلام | ٩ | ١٥ | ١ | ....... |
| ٥ | تورکەی شاتری | ١٠ | ٢٥ | ٢ | ١ |
| ٦ | پیازەجاڕ | ١٥ | ٢٥ | ٤ | ٢ |
| ٧ | خاڵەبەگ | ١٤ | ٢٥ | ١ | ١ |
| ٨ | دوومیلان سەروو | ٩ | ٨ | ....... | ..... |
| ٩ | ژاڵنی ڕۆبیتن | ٥ | ١١ | .... | .... |
| ١٠ | ژاڵنی ڕۆغزایی | ٩ | ١٢ | ١ | ..... |
| ١١ | زەردی حەمە | ٥ | ٦ | ...... | ٢ |
| ١٢ | سەرکەلی مارف | ١٠ | ٨ | ..... | ..... |
| ١٣ | سەرناوە | ٥ | ٥ | ١ | ..... |
| ١٤ | سماق | ١٧ | ٢٤ | ....... | ..... |
| ١٥ | شۆڕاوە | ٥ | ١٢ | ...... | ...... |
| ١٦ | گامەخەڵ | ٤ | ٦ | ١ | ..... |
| ١٧ | گەرمکی شاتری | ٨ | ٦ | ١ | ..... |
| ١٨ | کوڵەجۆی حمەجان | ٨ | ١١ | ٢ | ١ |
| ١٩ | ملەسورە | ١٩ | ٢٩ | ...... | ..... |
| ٢٠ | نازێ | ١٩ | ٨٨ | ..... | ..... |
| ٢١ | تۆقووت | ١٤ | ٥٥ | ...... | ..... |
| ٢٢ | پوقە | ١٤ | ٤٨ | ١ | ..... |
| ٢٣ | حەسەن ئەمنە | ٩ | ٢٥ | ١ | .... |
| ٢٤ | زەردی قادر | ٨ | ١٤ | ١ | .... |
| ٢٥ | زەرین | ٦ | ٥ | ..... | .... |
| ٢٦ | قرژاڵەی فەرەج وەیس | | ٧ | ..... | ..... |
| ٢٧ | کانی کەوە | ٦ | ٩ | ..... | ... |
| ٢٨ | مەنسورالکان | ١٥ | ٢٠ | ..... | ..... |
| ٢٩ | هەوارە بەرزە | ١٠ | ١١ | ١ | .... |
| ٣٠ | دوومیلانی خواروو | ٦ | ٨ | .... | .... |
| کۆ | ٣٠ قوتابخانە | ١٨٣ | ٥٣١ | ٩ | ٧ |

[47] چاوپێکەوتن(م.عارف عومەر ئەحمەد)لێپرسراوی کەرتی مامۆستایانی ڕزگاری/ی یەکێتی مامۆستایانی کوردستان لە٢٠١٤/٣/٣

Generated by Foxit PDF
http://www.foxitsoftware
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

## پێنجەم/کتێبخانەی گشتی رزگاری

کتێبخانە یەکێکە لە ناوەندە هەرە گرنگ و پێویستیەکان بۆ هەر کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتی ڕێگایە بۆ دەرچوون لە تاریکی و ڕۆشتن بەرەو ڕوناکی.کتێب و نوسین ڕۆشنکردنەوەی بیری مرۆڤایەتیە، خۆراکی ئەقڵە.کوردیش سەرباری ئەو هەموو نەهامەتیەی بەسەری هاتووە نەیهێشتووە ئەو لایەنە گرنگەی بێ مێژوو بێت و کەم تا زۆر گرنگی بەم لایەنە داوە.دیارە لە سەردەمی حکومەتی بەعسدا ئەم لایەنە ئەوەندە گرنگی پێنەدراوە چونکە تەنها بیری لە کورد لە ناوبردن ئەکردەوە لە هەموو رووەکانەوە بۆیە لایەنی کتێب و ڕۆشنبیریش بەدەر نەبووە لە سوتان و لەناوبردن لە لایەن ئەو حکومەتە درندەیەوە.ئەم کتێبخانەش لە١١/١١/٢٠٠٠ لە شارۆچکەکە دامەزراوە. سەرەتا بینای تایبەت بە خۆی نەبووە و وەك شتێکی ڕەمزی دانراوە تەنها بۆ ئەوەی خەڵکی شارۆچکەکە بێ بەش نەبن لەم ناوەندە.بەڵام دواتر بینای بۆ دروست کراو ئێستا شوێنی تایبەت بە خۆی هەیە. شایەنی باسە ئەم کتێبخانەیە سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستانەو چەندین بەش لە خۆ دەگرێت. وەك پۆلێن و استعارە و گۆڤار و ڕۆژنامە و منداڵان و ڕۆمان و خۆیەتی) لەناو خودی کتێبخانەکەش چەندین بەشی تر هەیە ئەوانیش جیاکراونەتەوە بۆ کاتی گەڕان و دۆزینەوە کتێبەکان لەلایەن خوێنەرەوە بۆئەوەی بەکەمترین کات ئەو کتێبە بداتە دەستی خوێنەر بەشەکانیش ئەمانەن(مێژوو و ئابوری و زانست و چیرۆك و ڕۆمان و یاسا و کشتوکاڵ و تەندروستی و هونەر و شیعر و وێنە و



شێوەکاری و کیمیا و زیندەوەرزانی و ئایین و ئەدەب(وێژە) و فەلسەفە لێکۆڵینەوەی سیاسی) واتە بە پێی بوارەکان پۆلێن بۆ کتێبەکان کراوە.لەنێو کتێبخانە (١٦) فەرمانبەر خزمەت دەکات. ئەم خشتەی خوارەوەش زانیاریە لەسەر کتێبخانەکە و بوونی بڵاوکراوەکانی ئەم کتێبخانەیە.[٤٨]

| ژمارە | ناونیشان | ژمارەی کتێب | ژمارەی گۆڤار | ژمارەی ڕۆژنامە |
|---|---|---|---|---|
| ١ | کوردی | ٧٩٥٨ | ٢٢٧١ | ٨٠٢٨ |
| ٢ | عەرەبی | ٣٢٣٥ | ٧٢٣ | ١٥٠ |
| ٣ | ئینگلیزی | ٦٠٥ | ٤٥ | ......... |
| ٤ | زمانەکانی تر | ٢٨٧ | ١ | ......... |
| ٥ | کۆی گشتی | ١٢٠٨٥ | ٣٠٤٠ | ٨١٧٨ |

[48] چاوپێکەوتن (سامان ئەمین حەمید) لێپرسراوی کتێبختنەی گشتی رزگاری ٢٠١٣/١١/١٥

Generated by Foxit PDF
http://www.foxitsoftware
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

## شەشەم/ بواری ئاینی

ئـەم شارۆچـكەیە جگـە لـەئاینی پـیرۆزی ئیـسلام هـیچ ئـاینێكی تـری تێدانیـە. تـەنها ئـەوە نـەبێت كـە مالێـك یـان دووان ئـەكرێت بڵـێین لـە پەنجـەكانی دەسـت تێپەڕنـاكەن لـە بـوونی ئـایینی كاكـەیی یـان ئـاینێكی تـر.بـەڵام هـەر ئـەتوانین بڵـێین ئیـسلام ١٠٠٪ ی دانیـشتوانی ئـەم شارۆچكەیە پێكدێنێت.چونكە گەر هەشبێت وەك وتمان بـەو شێوە نیـە كـە زۆر بـن و كاریگـەری هـەبێت و پەرسـتگای خۆیـان هـەبێت. وەكـو ئەزانین ئیسلام ئایینی ئاشتەوایی و پێكەوە ژیانـە بۆیـە جگـە لـە بـوونی وتـاری و ئـایینی و ئەنجامـدانی نوێـژەكان مزگەوتـەكانی ئـەم شارۆچـكەیە بوەتە شوێنی ئاشتەوایی نێوان بنەماڵەكان كە بـەهۆی ڕووداوێكـەوە كێشە كەوتبێتە نێوانیان.هەروەها چارەسـەركردنی گرفتی تایبـەتی خێزانـەكان لـەڕووی شـەریعەتی ئیـسلامەوە زۆرجـار هـەر لێـرەوە چارەسـەر دەكـرێن.مزگـەوت بڵندگۆیـەكی ڕاسـتەقینەیە بـۆ بەرزكردنـەوەی ئاسـتی هۆشیاری و زانـستی و ئـاینی و نەتەوایـەتی.لەسـەردەمی ڕژێمـی بـەعس تـەنها (٣) مزگـەوت دروسـتكران و لەسـەردەمی حكومـەتی هـەرێمی كوردسـتان تـەنها (١) مزگـەوت و لەلایـەن خێرخوازانـەوە (٧) مزگـەوتی جوان و سەردەم دروستكراوە، بـۆ زیـاتر بەرچاو ڕوونـی هـەموو لایـەك ناوی هەموو مزگەوتەكانی شارۆچكەكە دەخەینەڕوو ، بفـەرموون لەگەڵ ئەم خشتەیە.[49]

[49] چاوپێكەوتن( مامۆستا مەلا عبدالمجید محەمەد ئەحمەد بەرزنجی) پێش نوێژ و وتارخوێنی مزگەوتی گەورەی شارۆچكەی ڕزگاری لەبەرواری ٢٠١٤/٣/١٥



| ژمارە | ناوی مزگەوت |
|---|---|
| ١ | مزگەوتی الرسول |
| ٢ | مزگەوتی شەهید ابراهیم |
| ٣ | مزگەوتی ڕزگاری (ناوبازار –زاتی) |
| ٤ | مزگەوتی شەهید عەبدولا |
| ٥ | مزگەوتی حاجی جەمیل |
| ٦ | مزگەوتی مەحوی |
| ٧ | مزگەوتی حاجی عومەری گێژ |
| ٨ | مزگەوتی خێرخوازان |
| ٩ | مزگەوتی ئیمامی حەمزە |
| ١٠ | مزگەوتی ئیمامی عومەر (مزگەوتە بچكۆلەكە) |
| ١١ | مزگەوتی گەورەی ڕزگاری |

Generated by Foxit PDF
http://www.foxitsoftware
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

## حەوتەم/بواری ڕۆژنامەگەری و ڕۆشنبیری ڕزگاری

ڕزگاری لە ئێستادا شوێنێکی گرنگ و پێگەیەکی دیاری ناوچەی گەرمیان و کوردستانە بە گشتی کە خەڵکەکەی دوای ئەو هەموو ناخۆشیە هێشتا بە زیادیشەوە خزمەت بە خاك و نەتەوە دەکەن لە سەرجەم ڕووەکانەوە. بۆیە وەك هەر شوێنێکی دیکەی کوردستان توانیویەتی بە ماوەیەکی کورت و بە ڕێژەیەکی بەرچاو خزمەت بە بواری کلتوری و ڕۆشنبیری بکات و شوێن و جێ دەستی دیاری هەبێت چ لە کتێبخانەی کوردی چ هەر هۆیەکی دیکەی ڕاگەیاندن بێت. هەروەها ئەتوانین بڵێین ئەوانەشی کە ئێستا لەو بوارەدا کار دەکەن نەوەی ئەو خێزانانەن کە پێشتر بەر سزاو خواستەکانی ڕژێم کەوتوون. لە ڕزگاری بە شێوەیەکی فەرمی تا ئێستا هیچ بڵاوکراوەیەك دەرنەچووە جگە ڕۆژنامەیەك لە بەناوی(داینەمۆ) چەند ژمارەیەکی زۆر کەمی لێ دەرچوودواتر توایەوە. بەڵام ئەو کەسانەی لە خەمی نوسینی کوردیدان زۆرن و خزمەت بە ڕۆشنگەری و بەرەو پێشچوونی دەدەن لە سەرچاوەکانی تری ڕاگەیاندن یان هۆشیاریەوە بێت. لێرەدا بە پێویستمان زانی ناوی بەشێك لەو کەسانە بنوسین جێ دەستیان لەو بوارانەدا هەبووە و ئەسپی خۆیان تاوداوە. شایەنی باسە ئێمە لە ڕوانگەی بەرپرسیاریەتیمان هەستاوین بە ئاماژە پێکردنی ناوی ئەو کەسانەی کە دیارن و خزمەتیان بە بوارەکە کردووە، هەروەها لە هەمان کاتدا لەوانەیە سەربازی ونیش هەبێت بەڵام ئێمە هەر ئەو ناوانەمان بەردەست بوو هیوای



پێشفەچوونی زیاتریان بۆ ئەخوازین نمونەشیان زۆرتر بێت.

| ژمارە | ناوی سیانی یان نازناو | پیشە |
|---|---|---|
| ١ | سیروان سلێمان ئەحمەد | نووسەر و ڕۆژنامەنووس |
| ٢ | بەمۆ ابراهیم سەمین | ڕۆژنامەنووس |
| ٣ | محمد ئەحمەد ئیبراهیم | ڕۆشنبیر |
| ٤ | هەژار فەقێ سلێمان | نووسەر |
| ٥ | سالار حەسەن مەحمود | ڕۆژنامەنووس |
| ٦ | نەجیب عومەر محمد | ڕۆشنبیر |
| ٧ | شاهۆ ابراهیم | ڕۆژنامەنوس و وەرگێڕ |
| ٨ | محەمەد صالّح | ڕاگەیاندنکار |
| ٩ | سۆلاڤ عبدالسلام والی | نوسەر و وەرگێڕ |
| ١٠ | یادگار فەتاح ئەحمەد | ڕاگەیاندنکار |
| ١١ | شاخەوان محەمەد | ڕاگەیاندنکار |
| ١٢ | مستەفا گۆبانی | شاعیر |
| ١٣ | بەهادین عەبدول | شاعیر |
| ١٤ | بەهادین کەمال | شاعیر |
| ١٥ | کوردۆ عەزیز | ڕۆژنامەنووس |
| ١٦ | عادل مەلا صالّح | نووسەر |
| ١٧ | عەدنان مەلا صالّح | نووسەر |
| ١٨ | ڕێبوار سەرتیپ حەمید | وەرگێر |
| ١٩ | نەجم حەمە حەسەن کەواچەرموو | شاعیر |
| ٢٠ | نیزام شبیب | ڕاگەیاندنکار |

Generated by Foxit PDF
http://www.foxitsoftware
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

| | | |
|---|---|---|
| ٢١ | شەیما جەمال | رۆژنامەنووس |
| ٢٢ | هێمن خورشید | نووسەر |
| ٢٣ | قانع خورشید | نووسەر |
| ٢٤ | عەلی نارینی | شاعیر |
| ٢٥ | ڕێبین تەها عبدالکریم | رۆژنامەنووس |
| ٢٦ | دلێر کەریم | نووسەر و ڕۆژنامەنوس |
| ٢٧ | بیستون فایەق | راگەیاندنکار |
| ٢٨ | لاوان ئەحمەد | رۆژنامەنووس |
| ٢٩ | صالح شاکەلی | رۆژنامەنووس |
| ٣٠ | مقداد شاکەلی | رۆژنامەنووس |
| ٣١ | بەختیار تاهر | راگەیاندنکار |
| ٣٢ | ئارام قادر | رۆشنبیر |
| ٣٣ | یوسف ئەحمەد محەمەد (بەشێو) | رۆشنبیر |
| ٣٤ | عومەر ئەحمەد(عومەر ئاشتی) | رۆژنامەنووس |
| ٣٥ | عبدالرحمان عەلی غەفور | شاعیر |
| ٣٦ | خەڵەف غەفور عەزیز | رۆژنامەنووس |
| ٣٧ | دارا حەمە عەلی | رۆژنامەنووس |
| ٣٨ | سۆران حەمە سەعید | رۆژنامەنووس |
| ٣٩ | گۆران ابراهیم ئەحمەد | راگەیاندنکار |
| ٤٠ | دەشتی ئەنوەر/لێخوڕەیی | رۆژنامەنووس |
| ٤١ | مەریوان حەسەن قادر | راگەیاندنکار |
| ٤٢ | مستەفا عەبدولا مستەفا | راگەیاندنکار |
| ٤٣ | زیاد ابو بکر حەسەن | راگەیاندنکار |
| ٤٤ | ابوبکر حەسەن حەمەئەمین | رۆشنبیر |



| | | |
|---|---|---|
| ٤٥ | عەبدولا گەرمیانی | وەرگێر |
| ٤٦ | محەمەد حاجی فیصل | راگەیاندنکار |
| ٤٧ | حەسەن کەبابچی | شاعیر |
| ٤٨ | هیوا ئەنوەر زەندی | نوسەر |
| ٤٩ | گۆران نصرالدین | نوسەر |
| ٥٠ | عاصی حەمە کەیفە | شاعیر |
| ٥١ | مامۆستا صالح عەلی | رۆژنامەنووس |
| ٥٢ | ابراهیم صدیق | رۆژنامەنووس |
| ٥٣ | برایم بێ شەنس | شاعیر |
| ٥٤ | حسێن عزیز | رۆژنامەنووس |
| ٥٥ | برهان ابراهیم | رۆژنامەنووس |

Generated by Foxit PDF
http://www.foxitsoftware
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

# بەشی چوارەم

## بژێوی ژیانی ڕۆژانەی خەڵك لە ڕزگاری



ڕۆژ لە ڕۆژ ژمارەی دانیشتوان زیاد دەكات و ژمارەی پیشەوەرانیش بەرز دەبێتەوە . بەهۆی پێشكەوتنی باری ژیانی خەڵكەوە خەڵكی زیاتر شت و مەك و خواردن بەكاردەهێنرێت بۆ پێداویستەكانی ڕۆژانەو بەكارهێنانی بۆ مەبەستی خواردن و خواردنەوە و خواستەكان لەسەر شت زیاترە لە چاو ساڵانی پێشوو. لە ئێستادا ڕزگاری زیاتر لە(٤٥٠) پیشەوەری جۆراو جۆری تێدایە بۆ دابین كردنی بژیوی ژیانی خەڵك.هاوكێشەی ژیان وایە تا حكومەت یان دەوڵەت باری ئابوری و بژیوی باشبێت ژیانی هاوڵاتیش باش دەبێت.بۆئەو مەبەستە دیدار لەگەڵ چەند پیشەوەرێكی شارۆچكەكە سازكراوە وەك نمونە بۆ بوونی ئەو پیشەیە بۆ بژێوی ژیانی خەڵك.

### دارفرۆش

لەساڵی(١٩٩٧) دەستمان كردوەتە ئیش و كەسابەت كردن.ئێمە لەنێو ئەم گۆڕەپانە( دار و پەنجەرە و ئەنگەلاین و كەرەستەی بەكارهاتووی كۆن) دەفرۆشین و دەكڕین بەپێ ی نرخی ڕۆژ.ئەو كەسانەی دێن بۆ كڕینی ئەو كەرەستانە خەڵكی لادێكان و ناو شار و خوارووی عێراق بۆ مەبەستی بژیوی ڕۆژانە (١٥ – ٢٠ ) هەزار دینار قازانج دەكەین و مانگی (١) ملیۆن دینارمان وەك قازانج دەست دەكەوێت بۆ دووكەس.[٥٠]

[50]چاوپێكەوتن(سەلام حەمید خورشید و محەمەد نوری خورشید) دوكاندار و دارفرۆش لە٢٠١٤/١/٩

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

## فۆتۆکۆپی و کۆمپیوتەر

لەسـاڵی (٢٠١١) فۆتۆکـۆپی و کۆمپیوتـەری یـاران کراوەتـەوە لـەناو ئـەم دوکانـە هـەموو جـۆرە کەرەسـتەیەکی کۆمپوتـەر دەفرۆشـێت.و مانگانـە (٢٠٠) هـەزار دینـار دەدەتـە خـاوەنی دوکانەکـە سـەرباری ئـەوەش (٢٠) هەزار دینار قازانج دەکەن.[٥١]

## سەرتاشخانە

ئـەو دوو کەسـەی لـە مێـژە لـە ڕزگـاری کـاری سەرتاشـیان کـردووە (قادرحسێن و سەعدون جەمال)بوون بەڵام ئێستا بـەهۆی سـەرقاڵیان بەکاری تـرەوە وازیـان هێنـاوە.هـەروەها شـوێنەواری سەرتاشـیەکەیان وەك میراتگـر ماوەتـەوە.مانگانـە (١٠٠) هـەزار دینـار دەدەنـە خـاوەن دوکان و ڕۆژانەش ( ٨٠ — ١٠٠) هەزار دینار پارەیـان دەست دەکەوێت هەروەها لەلایەن وەزارەتی تەندروستی یـەوە ساڵانە (٤)جار پـشکنین بـــۆ مەبەســـتی پـــاك و خـــاوێنی دوکانەکـــە دەکرێـــت.[٥٢]

[51] چاوپێکەوتن(ئەرکان والی ڕۆستم) خاوەنی فۆتۆکۆپی و کۆمپیوتەری یاران لە ٢٠١٤/١/٩

[52] چاوپێکەوتن( سامان شوکر محەمەد) خاوەنی دوکانی سەرتاشخانەی ژیار لە ٢٠١٤/١/٩



## پینەچی

لەساڵی(١٩٩٤)ەوە کراوەتـەوە .بـەڵام ئـەوە بـۆ مـاوەی (٢) سـاڵ دەبێـت ئـەم پیـشەیە زۆر سـودی نـەماوە و کـەمی کـردووە ئـەوەش بـەهۆی باشـبونی ئاستی ژیانی خەڵك کە زۆر ڕوو لەم دووکانانە ناکەن هەر ڕۆژی (١٥ — ٢٠ ) هەزار دینار ئەگەر هەشبێت هەیانە وەك قازانج، و ئـیش وکاری ڕۆژانـە لەکاتی جەژنەکان و بۆنـەکان و پـشووەکان زۆر دەبێـت و قـازانجی زیـاتری دەست دەکەوێت.[٥٣]

## دەستگێڕ

رفعت ابراهیم سلێمان یەکێکە لەو کەسانەی کـە خـاوەن ئـەم پیـشەیەیە و شانازیـشی پێـوە ئـەکات . ئامـاژە بـەوەدەکات کـە لـە سـاڵی ١٩٩٩ ەوە تـاکو ئێستا هەر ئەم کارەی هەیـە چـونکە ڕۆژانـە نزیکـەی ١٠ هـەزارێکی دەسـت ئەکەوێت بێگومان کارەکە ناخۆشەو تا ڕادەیەکیش سەختە بـەڵام ناچاری و سەختی ژیان وا لە مرۆڤ دەکات دەست بۆ هەموو کاڕکی سەخت ببات.

[53] چاوپێکەوتن(فضل الدین عبداللە ئەحمەد) خاوەنی دوکانی پینەچی لە ٢٠١٤/١/٢٠

Generated by Foxit PDF
http://www.foxitsoftware
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

## کڕین و فرۆشتنی گەنم و جۆ

دانیار حەسەن مستەفا بە هەمان شێوە خاوەنی یەکێك لە دوکانەکانی کڕین و فرۆشتنی دانەوێڵەیە بە تایبەت گەنم و جۆ ئاماژە بەوە دەکات کە ئەمە بژێوی ژیانیانەو ڕۆژانە نزیکەی ٢٥ هەزاریان دەست دەکەوێت.هەروەها لە سەرەتای وەرزی هاویندا بەهۆی وەرزی دروێنەوە بازاڕیان باشتر ئەبێت.

### تۆمارگە

ئەحمەد عەبدولا ڕەشید خاوەنی یەکێکە لە تۆمارگاکانی ڕزگاری کە کاری سی دی و کاسێت فرۆشتن ئەکەن و ڕۆژانە نزیکەی ٢٥ هەزار دیناریان هەیە کە نزیکەی ٥٠ کاسێت و سی دی دەفرۆشن هەروەها ئاماژە بەوە دەکەن کە تۆمارگاکەیان نزیکەی ١٠٠٠ بەرهەمی هونەرمەندانی ناخۆ و بیانیان تێدایە.

### دەرمانخانە

سۆران مەحمود مەجید خاوەنی یەکێك لە دەرمانخانەکانەو هاوکاتیش یاریدەری پزیشکە لە ساڵی ١٩٩٩ وە ئەم شوێنەی هەیە و لە ئێستادا نزیکەی ٥٠٠ جۆری دەرمان لای ئەو بوونی هەیە. دەشڵێت کە لە وەرزی زستاندا زیاتر خەڵك سەردانی دەکەن بەهۆی زیادبوونی نەخۆشیەکان لەو وەرزەدا کە وەرزی سەرماو سۆڵەیە.



## پیلاو فرۆش

هەروەها (عوسمان محەمەد فەرەج)یش یەکێکە لە خاوە پیشەیەکی تری جیاوازی شارۆچکەکە ئەویش پێلاو فرۆشی کە ساڵی ٢٠٠٣ دەستی پێکردووەو ئاسودەیە بە بوونی ئەم پیشەیەی لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژانە نزیکەی ٢٥ هەزار قازانجیان هەیە و ٣٥٠ هەزاریش دەدەنە کرێی دوکان.

میوە وسەوزە فرۆشی یەکێکی ترە لە پیشەکان لێرە کە ئەتوانین بڵێین جگە لەوەی کە سەرچاوەی بژێوی هەندێك کەسە هەروەها پێویستی ڕۆژانەی مرۆڤەکانە بە گشتیش بۆیە لێرە چەندەها دوکانی لەو جۆرە بونیان هەیە کە ئاماژە بەوەدەکەن کە ڕۆژانە ٢٠ بۆ ٢٥ هەزار قازانجیان هەیە.

---

گۆشت فرۆشیش بە هەمان شێوەی پیشەکانی تر لێرە بونی هەیە کە تەنها گۆشتی ئاژەڵ دەفرۆشن کە زیاتر لە بۆنەکان بازاڕیان باشتردەبێت قازانجیشیان ٢٠ بۆ ٣٠هەزار دەبێت.

کوتاڵ فرۆشی یەکێکی ترە لە پیشەکان کە بژێوی ژیانی چەند خێزانێکی لەسەرە جێی باسە کە تا دوای ٢٠٠٣ واتە پرۆسەی ئازادی عێراق ئەم پیشەیە وەها نەبوو لە ڕزگاری بۆیە خەڵکی زیاتر دەچونە قەزای کەلار بۆ قوماش و کوتاڵ کڕین،بەڵام ئێستا هەیە کە هەموو جۆرە قوماشێکی تێدایە بە جلی کوردیشەوە.

بە هەمان شێوەش بەهۆی بەرەو پێشچوونی تەکنەلۆژیاو بوونی زۆربەی پێویستیەکانی ڕۆژانە بە ئەلیکترۆنی و گرنگی بونیان لە زۆربەی هەرە

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

زۆری ماڵەکاندا ئێستا فرۆشتنی ئەو ئامێرانە بوەتە پیشەو دابینکردنی بژێوی ڕۆژانەی خەڵك وەك فرۆشتنی (سیم كارت و مۆبایل و كارت و ئینتەرنیت ...هتد) بۆیە لە شارۆچكەكەش فرۆشتنی ئەم شتانە بوەتە پیشەو بونیان هەیە. جگە لەوەش ئامێرە كارەباییەكانی ناوماڵ وەك سەلاجەو غەسالە و سپلیت و تی ڤی و...هتد ئێستا لە ڕزگاری دەفرۆشرێت و بونیان هەیە وەك پیشەی سەرەكی بە هەمان شێوە پێش ٢٠٠٣ ئەم جۆرە پیشانە لە ڕزگاری بونی نەبووە .ئەم پیشانەش بووەتە هۆی دابینكردنی پێویستی ڕۆژانەی خەڵك وەك(مریشك فرۆشی، و كارگەی ئەلەمنیۆم و پلاستیك، و كاری گەرۆكی، نانەواخانە،كەبابخانە،چێشتخانە..هتد.

هەروەها كارگەی ڕۆن هەیە كە ژیانی چەندین خێزانی لەسەرە لەگەڵ مەیدانی ئاژەڵەكان بۆ كڕین و فرۆشتنی ئاژەڵ.هەروەها كارگەی بلۆكیش بە هەمان شێوە سەرچاوەیەكی تری داهاتی خەڵكە.ئەوەی تێبینی دەكرێت باری بژێوی دانیشتوانی شارۆچكەكە بەشێوەیەكی گشتی لەئاستێكی ناوەندایە و بەردەوام لەگەشەكردندایە لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراقەوە و ڕۆیشتنی داهاتی نەوتی عێراق و وەرگرتنی لە (١٧٪) حكومەتی هەرێمی كوردستان باشتر بووە.بێگومانیش هەتا باری ئابووری حكومەت باش بێت ژیانی هاوڵاتیانی بەرەوە باشتر دەڕوات بەڵام وەك ئاشكراشە لەم كاتەدا باری ئابووری دەسەڵات وانیە ئەویش بەهۆی ناكۆكی لەگەڵ حكومەتی ناوەند و زیادبوونی خواستی خەڵك لەسەر شت ومەك و بوونی پێویستی خەڵك بە خزمەت و خزمەتگوزاری گشتی تر



لەگەڵ بەرزبوونەوەی ئاستی دانیشتوان . لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵات هاوڵاتی تەنها بە بەكارهێنەر بۆ داهاتەكانی دادەنێت واتە تا ئێستا نەك لێرە بەڵكو لە سەرجەم كوردستان زۆربەی هەرە زۆری پێویستیەكان لە دەرەوە دەهێنرێن و خاوەنی داهاتی ناوخۆیی نیمان ئەوەش بێگومان لە بارودۆخە ناهەموارەكاندا ڕاستەوخۆ وڵات توشی قەیران دەهێنێت لە هەموو ڕووەكانەوە.

Generated by Foxit PDF
http://www.foxitsoftware
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

# بەشی پێنجەم

## ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگەی مەدەنی لە شارۆچكەی ڕزگاری



### ڕێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی

سەبارەت بەڕێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی لەهەرێمی كوردستاندا وەك ئاشكرایە زۆربەی زۆریان پاشكۆی حزبێكی سیاسی دیاریكراون واتە بەبێ هاریكاری حزبەكان چالاكیان پێ ناكرێت.ئەركی سەرەكی ئەو ڕێكخراوانەی لە سەرجەم كوردستان هەن گەیاندنی دەنگی خەڵك یان نوێنەرایەتی چینێكی دیاریكراوی كۆمەڵ بە لایەنی دەسەڵات.بێگومان ئەو ڕێكخراوانەی كە لە سەرئاستی كوردستان هەن لق یان ئۆفیسیان لەم شارۆچكەیە هەیە هەروەها چەندین ڕێكخراو و لایەنی سەربەخۆی تریش كە تەنها لە خودی ناوچەكە بونی هەیە.هەروەها ڕۆڵی گەنجانی چالاكی ناوچەكەش بە ئاشكرا بونیان هەیە و كاری خۆیان بە پێی پرەنسیپەكانی ڕێكخراوەكە یاخود ئایدیای خودی خۆیان دەكەن. ئەو كەسانەی كاردەكەن لەنێو ئەو دەزگا و ڕێكخراوانە تارادەیەكی دیاریكراو ئازادیان پێوە دیارە. بۆ زیاتر ئاشنایی سەبارەت بەو ڕێكخراو و دەزگایانەی كە لە شارۆچكەكە ئێستا بونیان هەیە ئەو حزبانە دەخەینە ڕوو كە كاری بۆ دەكەن.یاخود ئەو ڕێكخراوانەی سەر بە حزبێكی دیاریكراون.

Generated by Foxit PDF
http://www.foxitsoftware
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

**یەکەم/** یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەم ڕێکخراوانە کاری بۆ دەکەن:[54]

★ماڵی گەنجانی ڕزگاری

★کۆمیتەی خوێندکارانی ڕزگاری

★یەکێتی مامۆستایانی ڕزگاری

★کۆمیتەی ژنانی ڕزگاری

★ڕێکخراوی چواردەی چوار

★ڕێکخراوی ئازادی لاوانی کوردستان/لیژنەی ڕزگاری

**دووەم/پارتی دیموکراتی کوردستان ئەم ڕێکخراوانە کاری بۆ دەکەن**[55]

★یەکیتی قوتابیانی کوردستان/لیژنەی ناوچەی ڕزگاری

★یەکیتی لاوانی دیموکراتی کوردستان/ناوەندی چالاکی وپێگەیاندن

★کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان/ئەنجومەنی ئافرەتانی ڕزگاری

[54] چاوپێکەوتن (سەروەت مەحمود ئەمین) جێگری دووەمی کۆمیتەی ڕێکخستنی ڕزگاری (ی.ن.ك) لە ٢٠١٤/٣/١٥

[55] چاوپێکەوتن(فەرمان ئەحمەد عەزیز) کارگێری لقی گەرمیان/یەکێتی قوتابیانی کوردستان لە٢٠١٤/٣/٢٩



**سێ یەم/ بزوتنەوەی گۆڕان**

بزوتنەوەی گۆڕان بازنەی ڕزگاری بزوتنەوەیەکی جەماوەری یە و ئێستا بووە بە هێزێکی گۆڕەپانی سیاسی کوردستان و لە سەرجەم شارو شارۆچکەکان مەکۆ و بنکەی خۆیان هەیە.بەڵام هیچ ڕێکخراو و دەزگایەکی نی یە کاری بۆئەنجام بدات لە ئێستادا جگە لە (مامۆستایانی سەردەم) ئەویش لەکاتی پرۆسەی هەڵبژاردن دروستبوو بۆ مەبەستی بەشداریکردن لەهەڵبژاردنی مامۆستایان[56]

**چوارەم/حزبی شیوعی کوردستان ئەم ڕێکخراوانە کاری بۆ دەکەن.**[57]

★یەکێتی گشتی قوتابیانی کوردستان/لیژنەی ڕزگاری

★یەکێتی لاوانی دیموکراتی لەکوردستانی عێراق/لیژنەی ڕزگاری

★مامۆستایانی پیشەیی کوردستان/لیژنەی ڕزگاری

کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان/لیژنەی ڕزگاری.

[56] چاوپێکەوتن( کەریم عەلی کەریم) هەڵسوڕاوی بزوتنەوەی گۆڕان/بازنەی ڕزگاری لە٢٠١٤/٣/٢٩

[57] چاوپێکەوتن(دلێر کەریم) لێپرسراوی لیژنەی ڕزگاری مامۆستایانی پیشەیی کوردستان لە٢٠١٤/٣/١٩

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

**پێنجەم/چەند کۆمەڵە و تیپ و خانەیەك تر هەیەن لەشارۆچکەکە کاردەکەن بۆ ئەنجامدانی کاری ڕوناکبیری و چالاکی جۆربەجۆر ئەوانیش.[٥٨]**

**⋆کۆمەڵەی ڕوناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوك/نوسینگەی ڕزگاری**

**⋆کۆمەڵەی شەبەنگ لەگەرمیان**

**⋆کۆمەڵەی گەنجانی چالاکی ڕزگاری**

**⋆خانەی ڕۆشنبیری منالآنی ڕزگاری**

**⋆تیپی شانۆی ڕزگاری**

**⋆کۆمەڵەی گەنجانی بوێر/لیژنەی ڕزگاری**

**⋆کۆمەڵەی داکۆکی لەمافی قوربانیانی ئەنفال/ئەنجومەنی بالآ**

**⋆سەنتەری چالاکی گەنجانی ڕزگاری /ئەم سەنتەرە بینای بۆ دروستکراوە لەگەڵ هۆڵی بۆنەکان بەلآم هێشتا نەکەوتووەتە ئەنجامدانی چالاکی..**

---

[58] چاوپێکەوتن( کازم جەمال محەمەد) ئەندامی کۆمەڵەی ڕوناکبیری و کۆمەڵایەتی کەرکوك/نوسینگەی ڕزگاری لە ٢٩/٣/٢٠١٤



# بەشی شەشەم

# ئەنفال و ڕزگاری

## ئەنفال و ڕزگاری

**بەهاری ساڵی ١٩٨٨ لە مێژووی کورددا کاتێکی شووم و تاریك و پڕ نەهامەتیە،ناکرێت بە چەند دێڕێك باس یان پێناسە بکرێت، چونکە کارەساتانێك ڕوویانداوە کە هیچ ویژدانێك و ئەقڵیەتێك قبوڵی ناکەن. قەڵەمەکان لە ئاستیاندا وشك ئەبن ئەقڵەکان بە دوای شیاوترین وشەدا دەگەڕێن بۆ دەربڕینیان بەلآم مخابن پێناچێت بتوانن دەربڕی ڕاستەقینە بن، چونکە ئەوانیش دەست دەکەنە گریان.ئەنفال خۆی بۆ خۆی تاوانێکی دڕندانەیە کە ناکرێتە ڕستەوە.**

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.




لێرەدا ئەوەی باسەکەی ئێمەیە تاوانی جینۆساید (بەناو ئەنفال) ی گەلی کوردە لە ساڵی ١٩٨٨ لە ناوچەی گەرمیان کە بە ئەنفالی (سێ) ناودەبرێت.بێگومان ئەم قۆناغەش کاریگەرترین و درندانەترن تاوان بوو لە قۆناغەکانی تر ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێك کە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ حکومەتی(بەعس) ی ڕووخاو.هەروەها بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافی ناوچەکەش کە کەوتووەتە سنوری کودستان لەگەڵ باشوری عێراق.بۆیە گەرمیان زۆرترین زیانی ماددی و مەعنەوی بەرکەوتووە لەم کارەساتەدا و پشکی شێریەتی. لەپشت ئەم کارەساتەشەوە چەندەها چیرۆکی جیاوازی ڕاستەقینەی مرۆڤەکان هەن کە دەکرێت چەندەها ڕۆمان و بەسەرهاتی لێ دروست بکرێت و بنوسرێتەوە.

زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی ناوچەکە بەر ئەم شاڵاوە کەوتوون بەهۆی گەورەیی تاوانەکەوە ، ئەوەشی ڕزگاری بوبێت تاڵی و تەنگ و چەڵەمەی کارەساتەکەی چەشتووە.ڕزگاری و تاوانی ئەنفال دوو دووانەی پێکەوە



گرێدراون کە ناوی ڕزگاری دێت یەکسەر ئەنفالمان بیر ئەکەوێتەوە هەرچەندە نابێت ئەوەشمان بیر بچێت کە ئەم پرۆسە بۆ قڕکردنی سەرجەم کوردبوو، بەڵام ئێرە مەنزڵگا و جێگەی زۆربەی قوربانیانی ئەو پرۆسە بەدناوەیە ئەتوانین بڵێین ئەم دوو ناوە پەیوەندیەکی بەهێزیان پێکەوە هەیە. گەر بتەوێت ئەتوانیت چەندەها ڕۆمان چیرۆکی جیاواز لە یەکتر دروست بکەیت لەم شارۆچکەیە ، چونکە ئەو کەسانەی لێرە ئەژین بۆ خۆیان شاهیدی زۆربەی ڕاستیەکانن، پڕ پڕن لە ئازار و مەینەتی.بێگومان پێش ئەوەی باس لە چەند کاریگەریەکی ئەم تاوانە دژ بە مرۆڤایەتیە بکەین پێویستە بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا بگەڕێن کە بۆچی ئەم کارەساتە بە چڕی گەرمیانی گرتەوە؟ بۆچی قورسایی و سەنگی تاوانەکە لەسەر ئێرە بوو . ئایا هۆکارەکان چیبوون؟

هەرچەندە ئەم ناوچەیە هەموو کات قوربانی بۆ ئازادی ئەم خاکە داوە ، هەروەها حکومەتی ئەو کاتیش پلانی خۆی هەبووە بۆ لە ناوبردنی ناوچەکە و سەرجەم کوردستان، بەڵام شارەزایانی بواری ئەنفال و کارەساتەکانی کورد دەیگەڕێننەوە بۆ چەند هۆکارێك "**عارف قوربانی**"کە چالاکوان و نوسەرێکی دیاری ئەم بوارەیە لە دیمانەیەکی لەگەڵ ڕۆژنامەی "**گەرمیان پۆست**" ژمارە ٩٢ ی ساڵی ٢٠١٣ دا وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە و دەڵێت:-بەعس هەموو کوردستانی وێرانکرد ئەو ناوچە جوگرافیانەی بۆ قۆناغەکانی ئەنفال دیاریکرابوون هەمووی وەك یەك وێرانکرا و لە تەواوی ئەو ناوچانەدا پرۆسەکە بەڕێوەچوو،

Generated by Foxit PDF
http://www.foxitsoftware
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

بەلاّم لەبەر چەند هۆكارێك لە هەندێك ناوچە زۆرتر ئامانجەكەیان پێكاوە وەك لە ناوچەیەكی تر، ئەویش بەشێكی هۆكارەكەی پەیوەندی بە هەلكەوتەو سروشتی ناوچەكەو هەندێكیشی پەیوەندی بە جۆری مامەڵەی كورد خۆیەوە هەبوو لە چۆنیەتی مامەڵەكردن لە ئەم پەلامارە سەربازیە.

ناوچەی گەرمیان بە حوكمی ئەوەی پلانی پرۆسە سەربازیەكە بەو جۆرە بوو كە دوای قۆناغی ئەنفالی یەك و دوو، ئیتر پشتێنەیەكی سەربازی بەدەوری گەرمیاندا دروست بوو، چەند دەروازەیەك نەما كە خەڵك بتوانێت لێیەوە ئەو پشتوێنەیە ببەزێنێت و خۆی بگەیەنێتە سنورەكان، هەرچیەكی كردبا لە ناو بازنەی گەمارۆكە دەخولایەوە.

هەلكەوتەی جوگرافی و سروشتی ناوچەكەش یارمەتیدەر نەبوو بۆ رزگاربوونی خەڵك، لەگەڵ ئەوەی هاوسنوری بە ناوچە عەرەبنشینەكانەوە هۆكارێكی تر بوو بۆ سرینەوەی ئاسەواری ژیان لە ناوچەكانی گەرمیان، ئەویش بۆ مەبەستی عەرەبكردن .وەفیق سامەرائی دەیگێڕێتەوە كە دوای ئەنفال صدام حسین لە سەرۆك كۆماری عێراقی پرسیووە ئەگەر ئامانج لە ئەنفال كوشتنی ژمارەی بەشەری بوو، چی پێویستی دەكرد ٧ مانگ هەموو توانای سەربازی عێراق تەرخان بكرێت لەو ناوچانە كە هاوڵاتی كەمی تیا ژیاون وەك لە شارەكان، بۆچی پرۆسەكە لە یەكێك لە شارە گەورەكان ئەنجام نەدرا؟ صدام بەو جۆرە وەڵامی داوەتەوە كە من ئەگەر بمویستایە ٥٠٠ هەزار كەس بكوژم، وەك چۆن لە چركە ساتێكدا هەڵەبجەم وێران كرد، ئاوا بە چەكی كیمیایی لە



هەولێر و سلێمانیم دەدا، بەلاّم ئەگەر هەموو خەڵكی سلێمانیم بكوشتایە نەمدەتوانی عەرەب بەرم لە شوێنیان نیشتەجێی بكەم، من ئامانجم زیاتر ئەو جێگایانە بوو كە بتوانم كارێك بكەم عەرەب نیشتەجێ بێت تیایدا. ئەم گێڕانەوەی وەفیق سامەرائی ئەوە دەردەخات كە خودی ئەنفالیش لە پێناوی بە عەرەبكردندا بووە، وە لێرەوە دەردەكەوێت كە بۆچی قورسایی ئەنفال زیاتر لە گەرمیان ڕەنگی داوەتەوە، وەك ئەوەی پێشتر وتم هەڵكەوتەی جوگرافی یارمەتیدەر بووە، ئەگەر لە ناوچە سنوریی و شاخاویەكان یارمەتیدەر بووە بۆ ئەوەی بەشێك خەڵك رزگاری بێت، لە گەرمیان یارمەتیدەر بووە بۆ ئەوەی زۆرترین خەڵك لە ناو بچێت، چونكە هاو سنور بووە لەگەڵ ناوچە عەرەب نشینەكان ویستویانە بە ئەنفالكردنی گەرمیان ناوچەی عەرەبنشین بەرەو قوڵایی كوردستان بكێشن. هەروەها پاڵەوانی زۆربەی چیرۆكەكانی ئەو تاوانە بەدناوە ئێستا لە رزگاری دەژین و ناویان لە لێكۆڵینەوەكەی چاودێری ماف مرۆڤ

(Human rights watch)

دا هاتووە كە دوای كارەساتی ئەنفال لەسەر ئەو پرۆسەیە كردویانە لەگەڵ ناوی خودی شارۆچكەكە كە پێشتر ئۆردوگا بووە . وەك (تەیمور و عوزێر و ئیبراهیم و هتد) هەروەها حەمە عەلی كە لە پرۆسەكە رزگاری بوو دواتر بووە قوربانی شەڕی ناوخۆ .ئەمەو چەندین ڕووداوی تر لە هەمان لێكۆڵینەوەی مەیدانیدا كە لە ئەمریكاش بوونی هەیە بە زمانی ئینگلیزی.

Generated by Foxit PDF
http://www.foxitsoftware
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

## کاریگەری ئەنفال لەسەر دانیشتوانی شارۆچکەی ڕزگاری

### یەکەم/لەڕوانگەی سایکۆلۆژی( دەرونی)یەوە:

### نەخۆشیە دەرونیەکان چین؟

ئەو نەخۆشیانەن کە بەشێکی گرنگی زانستیە نەخۆشیەکانن و کۆمەڵگە بێبەش نیە لە ناڵاندن بە دەستیەوە.وە هۆکاری ئەم نەخۆشیە لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت و جیاوازی هەیە جا ئەگەر ئەو نەخۆشیە ناوەکی یان دەرەکی بێت لێرەدا مەبەستمان هۆکارەکانی بۆ ماوەی پێکهاتەی ناوەکی یاخود گۆڕانکاری ژینگەیی یان کۆمەڵایەتییە.

بێگومان بوونی کاریگەری تاوانکاری وەك ئەنفالیش ئەتوانێت کاریگەریەکی بەرچاو و گەورە بەسەر کەسو کارو نەوەکانیەوە بەجێبهێڵێت.زۆر توێژینەوە کراوە لەسەر ئەم بوارە بۆیە ئێمەش بە گرنگمان زانی و پێمان باش بوو کە بەرچاو ڕوونیەکی زیاتر و هەڵوەستەی زیاتری لەسەر بکەین، چونکە کۆمەڵگەی کوردی بەهۆی ئەو هەموو کارەساتەوە کە بەسەری هاتووە کات بۆ ئەوە نەماوەتەوە کە گرنگی بە دەروون و لایەنی ناوەکی بدرێت تەنها ئەوە نەبێت بە دوای ژیانێکی سادەوە ویڵ بووین بەڵام سوپاس بۆ خوا ئێستا تا ڕادەیەك خەریکە باش ئەبێت.لێرەدا شارەزایان و پسپۆرانی بواری دەروونناسی ئاماژە بە کارەساتی ئەنفال و کاریگەریە نەرێنیەکانی دەکەن.



م.پگاە علی مردان مامۆستا لە زانکۆی گەرمیان بەشی دەروونناسی و خوێندکاری دکتۆرا لەو بوارە ئاماژە بە لایەنە نێگەتیڤەکان و کاریگەریەکانی دەکات و دەڵێت:-

هیچ ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی نییە لە نەخۆشییە دوور بێت ، بەتایبەتی کۆمەڵگەی کوردی کە تووشی چەندین تەنگەژە بووەوە وەکو ئەنفالکردنی گەرمیان تا بادینان هەروەها کیمیا بارانی هەڵەبجە و چەند شوێنێکی تری هەرێم. ئەم ڕووداوانە لەدوای خۆی چەند کێشەیەکی خەمناکی و دەرونی بۆ کۆمەڵ بە گشتی و کەسوکارەکەیان بە تایبەتی هێناوە (د.افرام،٢٠٠٩). ئەو ڕوداوە لە ناکاوانەی کە بە کتوپڕ ژیانی تاك دەگۆڕێت لە دەروونناسی بە ترۆما ناسراوە( لەوانە ئەنفال و شەر و...)، حاڵەتێك بۆ تاك درووست دەبێ کە ناتوانێت خوی لە گەڵ ئەو ڕوووداوە بگونجێنێ و تووشی چەندەها نە خۆشی دەروونی دەبێت کە چەندەها جۆرن بەڵام لە گرنگترینیان.

Generated by Foxit PD
http://www.foxitsoftwar
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

**١- تەنگەژە پاش زەبری دەروونی.**

**(POST TRAUMATIC STRESS DISORDER)**

تا ئێستا چەندین توێژینەوە ئاماژەیان بۆ ئەوە کردوە کە گەورەترین کێشەی کەسوکارانی ئەنفالکراوەکان ئەم نەخۆشی یە.لە وانە توێژینەوە ئارەزوو عادل جاسم لە ساڵی ٢٠١٣ دەریخستوە کە ڕێژەی تووشبووان بە ئەم نەخۆشیە لە نەخوشخانەی گشتی کەلار ٦٨٪ بووە.

ئەم نەخۆشیەش بریتیە لەو بارودۆخە ناجێگیرەی تابێت بەرەو خراپبوون و ئاڵۆزی دەڕوات.پاش ئەزموونکردنی ڕووداوێکی خورپەدار هەروەها ڕووداوی خورپەدار هەریەکە لە لێدانی جەستەیی، شەکەتی جەنگ،ڕووداوی گەشکەدار، یان ڕووداوی هاتوچۆ، یان ڕووداوی سروشتی وەکو بومەلەرزە ولافاوو ...هتد.دەگرێتەوە. (Elsevier,2009)

ئەو کەسانەی ئەم جۆرە نەخۆشییەیان هەیە زۆربەی کات تووشی بارۆدۆخیکی ئاڵۆز دەبنەوە بە هۆی وەبیرهاتنەوەی چەند بیرەوەرییەکی تۆقێنەری خورپەدار، ئەم بیرەوەریانەش بە (فلاش باك)ناودەبرێت، کەسی تووشبوو بەم نەخۆشییە زۆر کات هەستی خۆی لە دەست دەدات



لە ئەنجامی وەبیرهاتنەوەی ڕووداوەکە، وا هەست دەکات کە لە ناو ڕووداوەکەدا دەژی(همان).

**دەست نیشان کردنی تەنگەژی پاش زەبری دەرونی:**

أ- کەسەکە دەبێت دوچاری ڕووداوێکی تەنگەژاوی بووبێت، کە تیایدا یان ڕووداوەکە بە سەر خۆیدا هاتبێت، یان بینینی یان ڕووبەڕووبوونەوەی ڕووداوێك یان زنخیرە ڕووداوێك بووبێتەوە،کە مەترسی مردن یان مردنی تێدا بێت، یان برینێکی سەخت هەڕەشەی سەر کەسەکە خۆی یان کەسانی تر. هەروەها پێویستە کەسەکە کاردانەوەی خۆی بۆ ئەم ڕووداوە ترسێکی زۆرو بێ توانایی تێدا بێت.

ب- کەسەکە چ لەکاتی ڕووداوەکە یان دوای ڕووداوەکە (سێ) لەم نیشانە لێکدانەبڕاوانەی خوارەوە تیادا بە دیار دەکەوێت:

١- هەستکردن بە سڕبوون و دابڕان یان نەمانی کاردانەوەی (انفعالی) هەڵچوونی (واتە کەسەکە هیچ ئینفعالێکی دیاری کراوی نییە).

٢- کەمبوونەوەی وریایی کەسەکە سەبارەت بە ژینگە (واتە نازانێت چی لە دەوروبەریدا ڕوودەدات).

٣- دابڕان لە واقیع.

Generated by Foxit PDF
http://www.foxitsoftware
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

٤- دابڕان لە کەسایەتی خودی خۆی.

٥- لە بیرچوونەوەی دابڕان (واتە کەسەکە ناتوانێت لایەنێکی گرنگی زەبرەکەی بێتەوە یاد).

ج- ئەم ڕوداوە زەبراوییە لە دەروونی کەسەکە بەردەوام زیندوو دەبێت، لە یەکێك لەو شێوانە، وێنەکان بەردەوام دێنە بەرچاو، بیرۆکەکان، خەونەکان، وەهم، فلاش باك، یان لە شێوەی دووبارە ژیانەوەی ڕووداوەکە، یان لە شێوەی هەستکردن بە نارەحەتی کاتێك کەسەکە تووشی شتێك دەبێت، کە ئەم ڕووداوەی دێنێتەوە یاد.

د- خۆپاراستنێك زیاد لە ئاسایی لەو شتانەی کە دەبنە هۆی ئەوەی کە کەسەکە ڕووداوەکەی بێتەوە یاد وەك بیرۆکەکان، هەستەکان، چالاکییەکان، شوێنەکان یان کەسەکان.

هـ- نیشانەی دڵەڕاوکێی زیاد لە ئاسایی یان وروژاندنێکی زۆر وەك خەوزڕان، ئۆقرە نەگرتن، لاوازی تەرکیزکردن، وریایەکی زیاد لە پێویست، ڕاچڵەکینێکی زۆر.

و- ئەو نارەحەتییە لە ئەنجامی کاریگەرییەکی فیسیۆلۆجی ڕاستەوخۆ مادەیەك بێت، بۆ نموونە ئالودەبوون بە مادە هۆشبەرەکان، یان بەهۆی



حاڵەتێکی نەخۆشی جەستەیی بێت.

(Gold، ۲۰۰۰، ل۳٦).

هەروەها ئەم ڕووداوانەش بووەتە هۆی پەشێوی پاش زەبری دەروونی، دەتوانین دەستنیشانیان بکەین بەم شێوەی خوارەوە:

١- هەر کەسێك توندوتیژی بەرامبەر بکرێت.

٢- قوربانیانی توندوتیژی خێزان.

٣- ئەوانەی دەستدرێژی سێکسیان دەکرێتە سەر.

٤- ئەوانەی تووشی فڕاندن دەبن بەرەو ڕووی دەستدرێژی جەستەیی، یان سێکسی دەبنەوە.

٥- قوربانیانی ڕووداوی ڕێگاوبان، تەقینەوە، ئاگرکەوتنەوە، کرداری سروشتی.

٦- قوربانیانی ڕووداوە سروشتیەکان وەکو بومەلەرزە، لافاو، بورکانەکان.

٧- ئەو سەربازانەی لە جەنگدا بەشداربوون.

٨- ئەوانەی دەستنیشان دەکرێن، بەوەی کە نەخۆشییەکی مەترسیداریان هەیە، یان پێویستیان بە نەشتەرگەری گەورە هەیە.

Generated by Foxit PDF
http://www.foxitsoftware
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

٩- لە دەستدانی کەسوکار بەتایبەتی کەسوکاری پلە یەك.

١٠- لە دەستدانی ماڵ و سامان و دارایی (حسن، ٢٠٠٩، ل٩٥).

لێرەدا خاڵی ٩ ئامانجی راپۆرتەکەی ئێمەیە کە یەکێکە لە هۆکارە هەرە گرنگەکان چونکە قسەی کەس و کارەکەشیان ئاماژە بەوە دەکەن کە بەهۆی لە دەست دانی کەس و کارەوە ئەوەیان بیر نەماوە کە بیریان بۆ لە دەستدانی سامان و ماڵو دارایی بکەنەوە بۆیە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە ئەوە دەردەخات کە خاڵی نۆیەم گرنگترینەو زیاتر ئەوە بە هۆکاری ئەو نەخۆشیانە دەکەنەوە هەروەها و لە ئەنجامی ئەو توێژینەوانەشدا بە هەمان شێوە ئاماژە بەو هۆکارانە کراوە کە دەبنە هۆی ئەو نەخۆشیە دەروونیانە بەڵام کارەساتی ئەنفال بەهۆی گەورەیی و درندەییەوە زۆربەی هەرە زۆری هۆکارەکانی تیا بەدی ئەکرێت.

هەروەها سەبارەت بە نیشانەکانی ئەو جۆرە نەخۆشیانە بەسەر کەس و کاری ئەنفالەکانەوە م.**پگاه** بەم شیوەی خوارەوە باسی لێوە دەکات:-

**- دووبارەبوونەوەی وێنەی ڕووداوەکە:**

١- گەڕاندنەوەی بەردەوامی ڕووداوەکە لە شێوەی شاڵاودا بۆ سەر بیر (بیری هێرشبەر) و خەیاڵ کە دەبێتە هۆی گرژی و خەمباری.



٢- دووبارەبوونەوەی خوی ناخۆشی پەیوەندیدار بە ڕووداوەکە.

٣- وا ڕەفتارکردن یان هەستکردن بەوەی کە ڕووداوەکە دووبارە دەبێتەوە. (هەستکردن بەوەی لە ڕووداوەکەدا دەژی، یان بوونی هەڵوەستە یان بە هەڵە ڕاڤەکردنی شتەکانی دەوروبەر بە ئاقارێك کە ڕووداوەکە ڕوودەدات).

٤- گرژی دەروونی کاتێك بەرەو ڕووی شتێك دەبێتەوە، ئەوا ئەو ڕووداوەی بیر دەخاتەوە.

٥- گۆڕانکاریی فیسیۆلۆجی کاتێك بەرەو ڕووی شتێك یان ئاماژەیەکی دەرەکی یان ناوەکی دەبێتەوە، کە ڕووداوەکە دێنێتەوە یاد. (قەرەچەتانی، ٢٠٠٥، ل٨٥، حسن، ٢٠٠٩، ل٩٤).

لێرەشدا بە هەمان شێوە ئەو نیشانانە بەسەر زۆربەی هەرە زۆری بە جێماوەکانەوە دیارە و بوونی هەیە.

**- خۆ بەدوورگرتن یان خۆلادان: سیان یان زیاتر لەم نیشانانەی خوارەوەی هەبێت:**

١- هەوڵدان بۆ خۆبەدوورگرتن لەو فیکرو هەست و گفتوگۆیانەی پەیوەندییان بە ڕووداوەکەوە هەیە.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

٢- هەوڵدان بۆ خۆبەدوورگرتن لەو چالاكی و شوێن و كەسانەی ڕووداوەكەی دێنێتەوە یاد.

٣- نەتوانینی بیرهێنانەوەی بەشێكی گرنگی ڕووداوەكە.

٤- كەمبوونەوەی تواناو ئارەزووی بەشداریكردن لە چالاكییەكاندا بەشێوەیەكی بەرچاو.

٥- هەستكردن بە نامۆبوون و دابڕان لە خەڵكی.

٦- تەسكبوونەوەی لایەنی سۆزداری (ناتوانێت هیچ خۆشەویستی بكات).

٧- هەستكردن بە تەسكبوونەوەی خەونەكانی دواڕۆژ (بێ باوەڕی بەرامبەر بەوەی بتوانێت ژیانی هاوسەری پێكبهێنێت، مندالی ببێت، تەمەنی ئاسایی بێت).

(قەرەچەتانی، ٢٠٠٥، ل ٨٥، Hammer، ١٩٩٩، ل٤٥).



- **نیشانەی بەئاگایی: لانی كەم دووانی لەمانەی خوارە هەبێت:**

- بەزەحمەتە خەو لێكەوتن، یان بەردەوامبوون لە نووستن.
- گرژیی نۆبەی هەڵچوون.
- گرفتی هۆشپێدان.
- زیادەڕۆیی لە بەئاگابوون.
- زیادەڕۆیی لە وەڵامدانەوەی جەستەیی.

سەرەڕای ئەمانە دەشێت تاك هەندێ نیشانەی تر هەبێت، وەك شەرمكردن و كەمبوونەوەی چالاكی كۆمەڵایەتی و هەندێك ڕەفتاری نادروست بۆ زاڵبوون بە سەر حاڵەتەكەدا، وەك پەنابردنە بەر جگەرەكێشان و خواردنەوەو گرفت لە هۆشپێدان و بیركردنەوەدا، هەستكردن بە ئازار لە زۆربەی بەشەكانی لەشدا، بە تایبەتی ئەگەر شوێنێك لە ڕووداوەكەدا زیانی پێگەیشتبێت، دەشێ نیشانەكانی هاوشان بن لەگەڵ هەندێ پەشێوی دەروونی تردا، وەكو: دڵەڕاوكێ، خەمۆكی، ترس، تۆقین ...هتد.

بۆ ئەوەی یەكێك دەستنیشان بكەین، بەوەی كە حاڵەتی تەنگەژەی پاش زەبری دەروونی هەیە، دەبێت نیشانەكانی كۆمەڵەی (١+٢+٣) لایەنی كەم

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

مانگێــك بخایــەنێت، كاربكاتــە ســەر توانــای كــاركردن و پەیوەنــدیی كۆمەڵایەتی بە شێوەیەكی ئاشكرا.

هەنـدێ جـار ئـەو ڕووداوە دەبێتــە ســەرەتای ســەرهەڵدانی حاڵـەتێكی دەروونی، بەتایبەتی ئەگەر تـاك ئامادەباشـی تیـادا بێـت بـۆ ئـەو حاڵەتـە، هەنـدێ توێژینـەوە ئامـاژە بـەوە دەدەن، لـەو مـاوەی شـەش مـانگ دوای ڕووداوێكـی ترسـناك یـان نـاخۆش خـەمۆكی بـە (شـەش) هێنـدە و سیكزۆفرینیا (شیزۆفرینیا) بـە (سـێ) هێنـدە زیـاد دەكات. (حسن، ٢٠٠٩، ل٩٤، قەرەچەتانی، ٢٠٠٥، ل ٨٥، سایك، ٢٠٠٧، ل ١٣).

**هەروەها باس لـە هۆكـارە سـەرەكیەكانی دەكات پـاش ئـەو زەبـرە بـەم شێوەی خوارەوە:**

**هۆكاری تەنگەژەی پاش زەبری دەروونی**

١-ڕووداوەكە زۆر توندو بەهێز بێت.

٢- ڕووداوەكە ماوەیەكی زۆر بخایەنێت.

٣- پێشتر تەنگەژە یان پەشێوی دەروونی هەبێت.

٤- نەبوونی پاڵپشتی خێزان یان هاوڕێی نزیك هاوكاری بكات.



٥- ئەندامێكی تری خێزانەكە حاڵەتی خەمۆكی هەبێت.

**هەندێ هۆكاری تر هەن، حاڵەتەكە خراپتر بێت، گرنگترینیان:**

- ئەگەر ڕووداوەكە كتوپڕو چاوەڕوان نەكراوبێت.
- ئەگەر ڕووداوەكە بۆ ماوەیەكی درێژ بەردەوامبێت.
- كەوتنە ناو ڕووداوەكە وەكو گەمارۆیـەك بێـت و نـەتوانێت لێـی ڕزگار بێت.
- دەستكردی مرۆڤ بێت و لەسەر ژیـان و تەندروسـتی هەڕەشـەبێت و قوربــانی زۆری لێبكەویتــەوە، كــە لــە نێوانیانــدا منداڵیــشی تیادابێت.
- ببێتــە هــۆی شــێواوی جەســتەیی و كەمئەنــدامبوون وەك لەدەستدانی قاچ (حسن، ٢٠٠٩، ل٩٤).

Generated by Foxit PDF
http://www.foxitsoftware
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

## دڵە ڕاوكێی گشتی

## General Anxiety Disorder

زۆر نەخۆشی تر هەن كە دەتوانین بڵێین پەیوەندی ناراستەوخۆی لە گەڵ ڕووداوێكی وەك ئەنفال هەیە ئەویش دڵەڕاوكێیە.هەستكردن بە ترس و دڵەڕاوكێ وەڵامدانەوەیەكی سروشتی و بەسوودە لە هەندێك حاڵەت كە بەرەو ڕووی مرۆڤ دەبێتەوە بەتایبەتی ئەگەر حاڵەتێكی تازە بێت. بەڵام هەندێكجار ئەم حاڵەتە لەسنوری ئاساییدا تێپەڕ دەكات و نیشانەكان زۆر زیاتر دەبن و ماوەیەكی زیاتر دەخایەنێت لەوەی لە سنوری ئاساییدا جێی بێتەوەو بە نەخۆشی ناوزەردەكرێت. بۆیە دەتوانین بڵێین دڵەڕاوكێ بریتیە لە ترسێكی نائاسایی كە ناگونجێ لەگەڵ هیچ وروژێنەرێكی دیكەدا.

بۆ نمونە، دوای ئەوەی خێزانی تاكێك لە كارەساتێ وەكو ئەنفال دەكوژرێن حاڵەتێكی ئاساییە كە ئەو تاكە تا ماوەیەك هەست بە دڵەڕاوكێ بكات بەڵام ئەگەر ئەم ترسە ماوەو بوو بە ترسێكی نائاسایی كە ناگونجێت لەگەڵ هیچ وروژێنەرێكی دەرەكیدا و ژیانی ئاسایی ئەو تاكەی تێكدا دەتوانین بڵێین نەخۆشی دڵەڕاوكێی گشتی هەیە.



نزیكەی (١٠٪-١٥٪)ی ئەوانەی سەردانی پزیشك دەكەن حاڵەتی دڵەڕواكێیان هەیە ئەوانەی لە نەخۆشخانە دەخەوێنرێن نزیكەی لە (١٠٪) یان ئەم حاڵەتەیان هەیە.ڕێژەی توشبوون نزیكەی لە (٣٪) و مێینە زیاتر توشدەبێ وەك لە نێرینە.

**نیشانەكانی:**

نیشانەكانی دڵەڕاوكێ سەرجەم كۆئەندامەكانی لەش دەگرێتەوە بڕێكی زۆری ئەو حاڵەتانەش كە لەم بەشەدا باس دەكرێت بڕێكی زۆر لە نیشانەكانیان هاوشێوەن بەڵام جیاوازیش هەیە لە كاتی سەرهەڵدان، بڕی توندی نیشانەكان، چۆنێتی دەستپێكردنی نیشانەكان، ماوەی مانەوەی نیشانەكان.

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

## وەسواس

## (Obsessive Compulsive Disorder)

ئەم نەخۆشیە بریتیە لە سەرهەڵدانی حاڵەتێکی دەروونی کە هەمان بیر وبۆچوون و وێنە چەند بارە دەبێتەوە لە مێشکی تاکدا و دڵنیایە لەوەی لە ناخی خۆیدا سەرهەڵدەدات نەك لە دەرەوە بە سەریدا بسەپێنرێ و هەوڵی بەرەنگاربوونەوەی دەدات بەڵام زۆر جار بێهودەیە و ناچاردەبێت شوێنی ئەو بیرو بۆچوونانە بکەوێت و کاتێکی زۆر بەو بابەتانەوە دەکوژێت. گەر شوێن ئەو بیرانە بکەوێت بڕێك بۆ ماوەیەکی کاتی هەست بە ئارامی دەکات بەڵام کاتێکی زۆری لێدەگرێت و بەردەوام بابەتی بێمانـاتر و سەیرتر بە مێشکیدا دێت. بۆ نمونە تاك بەردەوام بە بیریدادێت کە دایك و باوکی یان خوشك و برای زیندە چاڵ بوون و بە شێوازێکی زۆر ناخۆش مردوون، بۆ ئەوەی ئەم بیرە ناخۆشە لە خۆی دوور بخاتەوە بە شێوەیەك کە ئاگای لێ نییە دەست دەکات بە دووبارەکردنی چەند ژمارە یان چەند ڕستە یان شیعر. هەندێك جاریش لە سنوری بیرکردنەوە تێپەڕدەبێت و دەچێتە بواری کردارەوە وەکو دووبارە و چەندبارە قامەت بەستن لە نوێژدا، یان شۆردنی بەردەوامی



خۆی یان دەست دان بە دەرگای ژوورەکە بۆ دڵنیابوون لە داخستنی سەرەڕای ئەوەی کە دەزانێت دەرگاکە داخراوە.

### هۆکارەکان

چەندین هۆکار هەبوو بۆ توشبوون بەم نەخۆشیە دەرونییە کە م.پگاه ئاماژەو تیشکی خستە سەر وەك(بۆ ماوە، ئاستی سیرۆتۆنین، پەروەردە،ڕووداو یان کارەساتێکی ناخۆش ) بەڵام ئەوەی ئامانجی ئێمە بوو تەنها خاڵی چوارەمە کە پەیوەندی بە بە کارەسات و ڕووداوە هەبوو چونکە "ئەنفال" گەورەترین هۆکار بوو بە توشبوون بە هەزاران نەخۆشی جەستەیی و دەروونی.

### فشاری دەرونی

### Psychological Stress

بێگومان گەلێك فشار هەن لە ژیانی تاکدا توشی شەکەتی و ماندووبونی دەکەن ئەو فشارانەی ئاشکران و کورت خایەنن تاك دەیانناسێتەوە تارادەیەك دەزانێت چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا بکات بەڵام فشارە دێرخایەنەکان بە ئاسانی درکیان پێناکرێت و هێدی هێدی تواناکانی تاك لەناودەبەن و توشی گەلێك نەخۆشی و نەهامەتی دەکەن. گرنگترینی ئەو فشارانەش بریتین لە: (- فشارە ناوخۆییەکان،جەستەیی،لە

Generated by Foxit PDF
http://www.foxitsoftware
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

دەستدان،فشاری کۆمەڵایەتی،فشاری خێزانی،فشاری کارو پیشە)بێگومان هەموو ئەمانەش خۆی بۆ خۆی بوونی لە ناخ و جەستەی هەر تاکێکی ئەو کەس و کارانەدا هەیە بەڵام لە یەکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت. فشار بەڕادەیەکی کەم پێویستە بۆ هاندانی هەستی بەرپرسیارێتی و داهێنان بەڵام هەر کاتێك لەسەرو تواناکانی تاکەوە بوو دەبێتە فاکتەری داهێزران و لەناوبردن.

کۆمەڵێك نیشانەی جەستەیی و دەرونی و ڕەفتاری هەن کە ناوبەناو لە تاکدا دەردەکەون و بێزاری دەکەن و کاریگەریان دەبێت لە سەر توانای کۆمەڵایەتی و پیشەیی تاك.

●نیشانە دەرونیەکان: دڵەڕاوکێ و توڕەبون و خەوی ناخۆش و شپرزەیی و گرفت لە بڕیاردان (ڕاڕایی) و وەسواسی و کەمی تەرکیز و بیرچونەوە و نەمانی باوەڕ بەخود و خۆ بەکەم زانین و بڕیاردانی بە پەلە بەبێ لێکۆڵینەوە لێی.

●نیشانە جەستەییەکان: دل ًتێکەڵ هاتن، سەرئێشە، خێرالێدانی دڵ، هەناسە تەنگی، ئازاری سنگ، بەرزی فشاری خوێن، لەرزین، زۆر عەرەقکردنەوە، گرژبوون لە ماسولکەکان، سکچون یان قەبزی.



●نیشانە ڕەفتاریەکان: توڕەبوون، پەنابردنە بە جگەرەکێشان و زۆر بەکارهێنانی چاو قاوە، بە کارهێنانی ئەلکحول، بەکارهێنانی مادەهێورکەرەکان. بێگومان گەر فشارەکان بەردەوام بن و تاك پەنا نەباتە بەر چارەسەر هەندێك نەخۆشی جەستەیی و دەرونی لە تاکدا بەدەردەکەون گرنگترینیان:

برینی گەدە و دوانزە گرێ، بەرزی فشاری خوێن، شەکرە، لاوازی جنسی و تێکچونی سوری مانگانە، لاوازی سستەمی بەرگری، زوو پیربوون بەهۆی پوکانەوەی هەندێك بەشی مێشك و زوو چرچ بوونی پێست و لاوازی چالاکی جەستەیی و هۆشەنگی و تاك لەسەرو تەمەنی خۆیەوە بەدەردەکەوێت، دڵەڕاوکێی گشتی و خەمۆکی.

Generated by Foxit PDF
http://www.foxitsoftware
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

## گرفتەكانی خەو

## Sleep Disorder

گرفتەكانی خەو چەند جۆرن كە هەر كامیان هۆكاری تایبەت بە خۆیان هەیە بەڵام هەندێكیان لە ناو ئەو كەسانە توشی ترۆمابونەتەوە ، ئەم نەخۆشیە دیارە یەكێكی ترە لە گرفتەكانی كەس وكاری ئەنفال كراوەكان كە زۆر بە ئاشكرایی ڕەنگدانەوەی هەیەو هۆكارەكەشی ئاشكرایە كە چیە. ئەم نەخۆشیەش بە پێی لێكۆڵینەوەی شارەزایان چەند جۆرێكە و هۆكارەكەشی بە پێی ژینگەی مرۆڤەكان دەگۆڕێت.هەروەها ئەم نەخۆشیە دەرونیە پەیوەندیەكی ڕاستەوخۆی لەگەڵ نەخۆشی جەستەیی هەیە كە دەشێت هۆكارەكەی توشبوون بێت بە یەكێك لە نەخۆشیەكانی كە پەیوەستە بە جەستەوە بێگومان ئەویش بە هۆی هەبوونی ئازارەوە دەبێت. یاخود بیركردنەوە ، گەڕانەوە بۆ ڕابردوو ، لە دەستدان...هتد.

هەر كام لە ئەم نەخۆشیانە كە تا ئێستا باسمان كرد لە بواری دەرونزانی چارەسەری تایبەت بە خۆیان هەیە و هەر كامێكیشیان ماوەیەكی زۆری پێویستە، بەڵام ئەركی دەوروبەرە بە گەڕانەوەی هیوا بۆ ئەو جۆرە كەسانە لە ڕووی دەرونیەوە بەڵام لە هەمان كاتدا چەندین چارەسەری



جەستەیش هەن كە دەكرێت جێبەجێ بكرێن ئەو كات دەتوانین كۆمەڵگایەكی تەندروستمان هەبێت بێگومان بە هاوكاری هەموو لایەك.

ئەمەوێت ئاماژە بەوە بدەم كە ئەمە تەنها توێژینەوەیەكی كورت بوو لەسەر ئەو كێشە دەرونیانەی توشی كەس و كاری بە جێماوی سەربەرزی ئەنفالكراوەكان بونەتەوە، بێگومان چەندەها نەخۆشی جۆراوجۆری تر پەیوەست بەم بابەتە هەیە كە دەكرێت بە تایبەت باسی لێوە بكرێت و بە درێژی ڕوون بكرێتەوە.م.**پگاه** ئاماژەی بە سەرجەم نەخۆشیەكان و هۆكارو چارەسەر و نیشانەكان كردووە كە زۆر زۆر لەوە زیاتر هەڵ ئەگرێت كە ئێمە لە خزمەت كەیسێكی وەك تاوانی گەورەی ئەنفالدا بین ،بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم پەرتوكەی ئێمە تایبەت نیە بەم بابەتە بۆیە بە پوختی ئاماژەمان بە لایەنە گرنگەكانی دا بۆ ئەوەی ئەم لایەنە پشت گوێ نەخەین. هەروەها لە ئەنجامی وەرگرتنی لێدوانی چەند كەسێك كە خۆیان پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە كارەساتەكەوە هەیە واتە بەركەوتوو یاخود شایەتحاڵی كارەساتەكەن ئاماژە بە چەند خاڵێك دەكەن كە لە پاش كارەساتەكەوە لەسەریان دروست بووە گەشتینە ئەو خاڵەی كە زۆربەی هەرە زۆری نیشانەكان ئەتوانم بڵێم بە زیادەوە لێیان دەركەوتووە هەروەها جگە لەوەش ئاماژە بە نەخۆشی جەستەیش دەكەن بێگومان بوونی تەنگەژەی دەروونی و پاڵەپەستۆیەكیش لەسەر

Generated by Foxit PDF
http://www.foxitsoftware
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

دەرونی کەسەکان بێت ئەوا بە دڵنیایەوە دەبێتە هۆی نەخۆشی جەستەیش کە لە ئەنجامدا ئەو کاتە نیشانەکان زۆر بە ئاشکرایی دەردەکەون و وردە وردە دەبنە هۆی لە ناوچونی خودی تاکەکان سەرەتا بێهێز دەبن دواتر ئەویش هۆکارەکەی و نیشانەکانی ئاشکران.

ڕاستە ئەوان باس لەوە دەکەن کە ناتوانن لە بیری خۆیانی بەرنەوە چونکە نەك هەر ئەوان بەڵکو کاریگەری بەسەر تەواوی کۆمەڵگەوە هەیە چ زۆر و چ کەم و ناشبێت تاوانێکی ئەوها لەو شێوە لە یادی نەتەوەیەك بچێت.بەڵام گرنگیشە گرنگی بە لایەنی دەرونیان بدرێت و کارێك بکرێت کە چیدی تاکی کورد نەبنە قوربانی بەهۆی تاوانێکی ترەوە ئەویش بەهۆی هەبوونی تەنگەژەی دەروونیەوە. [59]

[59] *ئەم لێکۆڵینەوەیە پێشتر لە ٢٠١٤/٤/١٤ بە هەمان ناونیشان لە ڕۆژنامەی "گەرمیان پۆست" ژمارە ١٠٠ بڵاو بوەتەوە لە ژمارەی تایبەت بە یادی ئەنفال و جینۆساید بەڵام بە درێژی باس نەکراوە.



## دووەم/ لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە

بێگومان وەك ئاشکرایە ئەو تاوانە سەرجەم کایەکانی ژیانی گرتەوە بە لە ناوبردنی سروشتیشەوە بۆیە لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە بە هەمان شێوە کاریگەریەکی گەورەی لەسەر کەس و کاریان بە جێهێشتووە ئەویش بە هۆی گەورەیی کارەساتەکەوە و لە دەستدانی ئەتوانین بڵێن خودی کەسەکەش.

... ئەنفال پرۆسەیەکی دڕندانەی ڕژێمی بەعسی عەرەبی بوو بۆ قەڵاچۆکردن و لە ناوبردنی گەلی کورد لە باشوری کوردستان و سڕینەوەی ناسنامە نەتەوەییەکەی ئەویش بە ڕاگواستن و کوشتن و زیندە بە چاڵکردنی دانیشتوانی لادێکانی کوردستان و پیادەکردنی سیاسەتی زەوییە سوتاوەکە بەرانبەر گەلی کورد.بێگومان ئەو کارەساتەش کاریگەری کۆمەڵایەتی و دەروونی ئێجگار نەرێنی بە جێهێشتووە لەسەر گەلی کورد بە گشتی و ناوچە ئەنفالکراوەکان بە تایبەتی، ئەمەش بوەتە هۆی پەرتەوازە بوونی بە جێماوەکانی خانەوادە ئەنفالکراوەکان و لێك دابڕانیان لە یەکتر و بە ئەستەم یەکتر ناسینیان و تێکچونی سروشت و شیرازە و ژینگە و دیموگرافیای ئەو ناوچانە و بە ئەستەم ئاوەدان کردنەوەیان و تێکچونی باری دەروونی بەشی هەرە زۆری ئەوانەی لە پرۆسە بەدناوەکەیان بینیووە و لەگەڵیدا ژیاون .ئەمەش ئەنجامی ئەو ستەم و جەور و ناڵەبارییەی کە بەسەریاندا هاتووە و بوەتە هۆی لە دەستدانی بەشی هەرە زۆری کەس و کاری ئازیز و خانەوادەکانیان. وە دەسەڵات و کۆمەڵگە ئەرکێکی زۆر قورسیان لە

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

ئەستۆدایە بۆ نەهێشتنی ئاسەواری ئەنفالی بەدناوی ئەویش لە ڕێگەی ڕەخساندنی ژینگە و کەش و هەوایەکی ئارام و تەندروست بۆ بە جێماوەکانی ئەنفالکراوەکان .لە ڕێگەی سڕینەوەی هەموو ئەو یادەوەریانەی کە ئەنفال وەبیریان ئەهێنێتەوە و خزمەتێکی ڕاستەقینە بۆ ئەو ناوچانەی کە بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتون و ئاوەدان کردنەوەیان بە زووترین کات و گەیاندنی هەموو خزمەتگوزاریە پێویستیەکان بۆ دابینکرنی ژیانێکی ئاسودە و ئارام و بێ کەم و کوڕی.هەروەها پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو سەردەمی ئەمڕۆ توانیویەتی تا ڕادەیەك کۆمەڵگە هۆشیار بکاتەوە لە مەترسی دووبارە بوونەوەی ئەو کارەساتە دژ بە مرۆڤایەتیە و ئاشناکردنی کۆمەڵگە بە ڕەنگدانەوەکان لەسەر ژیانی مرۆڤی کورد و هەروەها ناسینی ئەو کەس و لایەنانەی کە بەژدار بوون بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ لە پرۆسەکە بەدناوەکەدا بەژدار بوون بۆ ئەوەی لە ئایندەو لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا بدرێنە دادگا و سزای ڕەوای خۆیان وەربگرن بۆ ئەوەی کەسی تر بیر لەوە نەکاتەوە کە جارێکی تر ئەم تاوانە بەرانبەر گەلی کورد و هیچ گەلێکی دیکە ئەنجام بدات، بەڵام زۆر بەداخەوە ئەوەی کراوە تا ئێستا جێی چاوەڕوانی و ئومێدی خەڵکی ئەنفالکراوەکان و لە ئاست گەورەیی ئەو کارەساتەشدا نەبووە، ئەگەرچی لێرەو لە وێ هەوڵ و کار و چالاکی شەرمنانە کراوە کە لە ڕاستیدا باسکردنیان جێگای شەرمە بۆ دەسەڵات ئەوەش خۆی لە سزادانی ئەنفالکراوەکاندا ئەبینێتەوە.[٦٠]

60 چاوپێکەوتن"م.ی .خلیل محمد براخاس "بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان- زانکۆی گەرمیان.



ئەنفال بریتیە لە پرۆسەیەکی پلان بۆ داڕێژراو لە لایەن دەسەڵاتی بەعسیزم لە عێراقدا، کە ئامانج تێیدا سڕینەوەی شوناسی ڕەگەزی میللەتێکە کە هاوبەشە لە بەشێکی ئەو وڵاتەی ئەو دەسەڵاتە حوکمڕانی دەکات (بەعس) ئەمەش لە پێناو ڕەواندنەوەی مەترسی نەتەوەیی و دەنگی ئازاد لە وڵاتەکەدا. کاریگەری نێگەتیڤی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای کوردی لە پاشاندا بە جێهیشتووە، دیارترینیان وونکردن و بێ سەروشوێن کردنی ژمارەیەك ئەندام لە خانەوادەیەك و هێشتنەوەی چەند ئەندامێکی خێزان یان هەندێکجار فەناکردنی خێزانێك بە تەواوی، لە ڕاستیدا لە باری یەکەمدا مانەوەی تاقانەیەك یان چەند کەسێك وات هێشتنەوەی ئازار و خەم و چاوەڕوانیە لە نێو ئەو پاشماوانە، بە جۆرێك ئافرەت هەبووە دەستگیراندار و ژنی بێوەژن لە ڕووی یاساییەوە یان مرۆییەوە بێت هەر چاوەڕوانی یەکلابونەوەی چارەنوسیان بوون یاخود لە باری دووەمدا، ئەگەر تەنها کەسێك مابێتەوە دەبێت لایەنی سۆز و خۆشەویستی و ئینجا بۆ خانەوادەیەك چەد بۆشاییەکی گەورە بێت لە ژیانی ڕۆژانە ی ئەو مرۆڤە، چونکە تەنانەت مرۆڤە سەرەتاییەکان قۆناغی ژیانی مرۆڤایەتیش نەیانتوانیووە بە بێ ئینتیما بۆ خێزان و سۆز و خۆشەویستیەکەی بژین وات ژیانێکی کۆمەڵایەتیانە.دەسەڵات لە ڕووی یاساییەوە لەسەر ئاستی حکومەتی عێراقی فیدراڵ کار ب دانپێدانانی وەك جینۆساید (کوشتنی بە کۆمەڵی مرۆڤـ ) بێت و حکومەتی ئێستا داهاتووش ناچار بکات بۆ یاسا وەك

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

میراتگر و دەسەلاتی هەرێمیش بە جێماوە پلە یەکەکان لە ئەستۆ بگرێت لە رووی ناردنە دەرەوەیان بۆ چارەسەری نەخۆشی ئەگەر هەبێت و گەشت پێکردنیان بۆ هەندێك لە پەرلەمان و ئەنجومونی شارەوانیەکانی جیهان و کرێ خوێندنی زانکۆ و کارەبا و ئاو و هەندێك باج لێیان ببورێت. کۆمەلگاش لە رێگەی دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکانی وەك پەروەردەو فێرکردن، ئابووری، ئایینی، سیاسەت، رێز و شکۆیان بۆ دابنێن و بەژداری کارایان پێبکات لە بۆنەو یادەوەریەکاندا ، ئەمە سەرەرای دروستکردنی سەنتەر و دامەزراوەی بە ئەرشیفکردنی ئەو بە جێماوانەی لێیان بە جێماوە و نوسینەوەی مێژوو لی زاری ئەو تاقانە و ئەندامە بە جێماوانەی ئەنفال. تەکنەلۆژیا لە هەموو بارەکانی ژیاندا خۆی ئاخنیووە، دیارە لە دەرخستن و زەقکردنەوە و بلاوکردنەوە و ناساندنی تاوانەکە تەکنەلۆژیا کاریگەری باشی هەبووە لە رێگەی کەناڵە ئاسمانیی و ویب سایتەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانەوە بە پیشاندانی وێنە تراژیدیاکانی ئەنفال، لە راستیدا ئەرکی رۆشنبیران کارکردنە لە بوارەکانی ئەرشیفکردن و نوسینەوەی مێژووی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و کلتوری و رامیاری و بەردەوامیدانە بە توێژینەوەی دەروونی و رامیاری و فەرهەنگی لەسەر پاشماوەکانیان.تا رادەیەك دەسەڵاتی هەرێم توانیویەتی شوێنی نیشتەجێبوون و موچەو پێویستیە سەرەتاییەکان بۆ کەس و کاری قوربانیانی ئەو تاوانە گەورەیە دابین بکان ئەوەنەی ئێمە ئاگادار بین ، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا کارکردنی دەسەلاتی هەرێمی کوردستان لە رووی یاسایی و کلتوری و مێژوویەوە لاوازە و پێویستە



مۆزەخانەی تایبەتی ئەنفال و سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئەکتیف و دادگای تایبەت بە کارە یاساییەکانیان دابمەزرێنێت و چاودێری و پاڵپشتیان بکات، لە رووی هونەریەوە وەزارەتی رۆشنبیری بۆ نمونە دەتوانێت بە هاوکاری کۆمپانیا بە ناوبانگەکانی رۆژئاوا فیلمی دۆکۆمێنتاری بە هێز و زنجیرە درامایان بۆ بەرهەم بهێنێت و بە دنیای دەرەوەی پیشان بدات، لەگەڵ بردن و ناساندنی کەس و کاری قوربانیان بۆ پەرلەمان و دەزگا ئەکادیمیەکانی ئەو ولاتانە ئەمانە و چەندین کاری خزمەتگوزاری تر و کار ئاسانی دەسەلاّت و تواناى حکومەتی هەرێمی کوردستانە بیکات.[٦١]

**سێیەم/ لە رووی ئابووریەوە**

لە زۆر شوێن و لایەندا تا ئێستا ئاماژە بە سەرجەم ئەو لایەنانە دراوە کە بوەتە قەیران و کاریگەری نێگەتیف و نەرێنی بەهۆی ئەو کارەساتە

چاوپێکەوتن" م.ی، کریم ئەحمەد عزیز. مامۆستای  زانکۆی گەرمیان

Generated by Foxit PDF
http://www.foxitsoftware
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

بەدناوەی ئەنفالەوە. بێگومان کارەساتەکە سەرجەم جومگەکان و لایەن و کایەکانی ژیانی گرتەوە و وێرانی کردن بۆیە بوە هۆی قەیرانی ئابوریش و کاریگەری یەکجار دیارو ئاشکرای پێوە دیار بوو.

کاریگەری ئەنفال بەسەر کەس و کاری ئەنفال کراوەکان و نەوەیەك لە کاتی کارەساتەکە و دوای ئەوەش لە دایك بووە زۆرە لەوانەیە چەندەها کتێبی بوێت بۆ باسکردنی ، بەڵام دەکرێت لایەنێك دەستنیشان بکرێن وەك دروستکردنی کۆمەڵگایەکی دابڕاو لە ڕێکخستی خۆرسکی و وەك لە ناو لادێکانی کوردستاندا هەبوو. یەکێك لەو دیاردە کوشندانەی ئەنفال دروستی کردبوو ، بوونی مندالانی بێ دایك و باوك و ژنی دابڕاو لە مێرد ومنداڵ و باوکی دابڕاو لە ژن و منداڵ. ئەنفال بووە هۆی دروستکردنی یادەوەریەکی پڕ لە وێنەی تراژیدی لای مرۆڤی کورد.ژنێکی بە تەمەنی تاك و تەنیا لە شوێنێکی وەك "صمود" کە ئێستا پێی دەوترێت " ڕزگاری" کە لە ئەنفالدا مێرد و هەموو منداڵ و کوڕ و کچەزاکانی لە دەستدا، هەروەها گەنجێکی لە دایکبووی نوگرە سەلمان کە ناوی لێدەنرێت (بێکەس) و یادەوەری چەندەها ژنی گەرمیانی کۆرپەکانیان بەهۆی نەخۆشی و برسێتی گەرماو تینوێتی دەمردن.

ئەمانە هەموو ئەو کاریگەریانەن تا ئێستا وەك ناونیشان باس دەکرێت و نەبونەتە ترۆکی بابەتی مێژووی لە ناو کۆمەڵگای کوردیدا. دروستکرنی کەمپی وەك "صمود، شۆڕش ، بازیان، باینجان"، و زۆری تر لە کوردستاندا لە بنەڕەتدا تێکدانی بنەما سەرەکیەکانی ڕێکخستی دانیشتوان و خەسڵەتە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگای کوردستان بوون. هەر



لەم ڕوانگەیەوەش ڕام وایە کە ناوی کەمپانە وەك خۆیان بمێننەوە و نەگۆڕێن ، چونکە شایەتحاڵی زیندووی سیاسەتی بەعسن.

وە لە ڕووی ئابوریشەوە ئەنفال کارەساتێکی گەورەی بەسەر ئابووری کوردستاندا هێنا پێش ساڵی ١٩٨٨ لادێکانی کوردستان سەرچاوەی بەرهەمی دانەوێڵەو سەوزەو میوە بووە بۆ خودی لادێکان و شارەکانی کوردسانیش. بوونی ژمارەیەکی بەرچاو کۆمەڵگای کورد لە لادێکاندا لەگەڵ ئەوەی لایەنێکی دیاری ئاسایشی خۆراك بوو هۆکارێکی گەورەی پاراستنی ژینگەو کوردستانێکی سەوز بوو. ئەنفال ئەو بنەماو ڕێکخستنە کۆمەڵایەتی و ئابووریەی لادێکانی کوردستانی بە شێوەیەك تێکدا کە چاککردنەوەی کار و کاتێکی درێژخایەنی دەوێت.لە لایەکی ترەوە تێکدان و سوتاندنی لادێکان و چۆڵکردنیان و داماڵینیان لە دانیشتوان بووە هۆی ڕەتاندنی چەندەها جۆری ئاژەڵ و باڵندە لە ئاوەدانی و شوێنە نائاوەدانەکاندا. زۆربەی کۆلۆنیەکانی ئاژەڵی کێوی و باڵندەکانی کوردستان کە خەسڵەتی سروشتی ژینگەی کوردستان بوون لە ناوبران و کەم باس دەکرێن و هەوڵی وەهاش نیە بۆ گێڕانەوەیان. ئەمانە هەمووی زیانی ئابووری و سروشتی و ژینگەیی بوون لە ئەنجامی ئەنفالدا لە کوردستان کەوتن.لە کوردستانی دوای ئەنفال ئەوەی کراوە لە ڕووی ئاوەدان کردنەوەوە لە شارەکاندا زیاتر بووە و بەشێوەیەکی بەرچاویش گرنگی دراوە بە باڵەخانەو تەلارسازی و خەریکە نەوت دەبێتە ناونیشانی سەرەکی ئابووری. ژێر خانی وڵات کە لە کوردستاندا زیاتر پشت دەبەستێت بە کشتوکاڵ و خاکەکەشی لەبارە بۆ ئەوە، نەبوەتە

Generated by Foxit PDF
http://www.foxitsoftware
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

مانشێتی ئاوەدان کردنەوەو ئیسلاح . هەتا لادێکانمان بەم شێوە بمێننەوەو نەگەڕێنرێنەوە دۆخی پێش ئەنفال و پرۆژەیەکی درێژخایەن نەبێت بۆ ئاوەدانکردنەوەیان ناتوانرێت باس لە چاککردنی ئەو ڕێکخستنە ئابووری و کۆمەڵایەتیە بکرێت کە لە پێش ئەنفالە کوردستاندا هەبووە.[٦٢]

## کەسایەتیە کۆمەڵایەتیەکانی ڕزگاری

بێگومان وەك دەزانین کە کوردستان نەتەوەیەکی ڕۆژهەڵاتیە و زیاتر لە یاسا و دەستورە میریەکان گرنگی بە ئاین و یاسا کۆمەڵایەتیەکان

[62] چاوپێکەوتن خالد سلێمان " نوسەر و ڕۆژنامەنوس"



ئەدرێت بە تایبەتیش کۆمەڵگایەك کە لە شارستانیەوە دوور بێت ئەویش بەهۆی چەند هۆکارێکی سیاسی ولاتەوە بێت یاخود هەر هۆکارێکی تری بارودۆخی ئەو نەتەوە بێت. بۆیە ئەم شارۆچکەیە بەهۆی ئەوەی زۆربەی هەرە زۆری خەڵکەکەی بە زۆر هێنرابوونە ئێرە و بەر نەهامەتی کەوتبوون زیاتر بۆ کێشە کۆمەڵایەتیەکان پشتیان بە کەسە کۆمەڵایەتیەکان و بە ئەزمونەکانی ژیان وەرگرتووە ئەویش زۆر جار بە پێی یاسا ئایینیەکان واتە ئیسلام بەستووە بۆیە برویان وایە کە ژیان بۆ خۆی وانە و ئەزموونە بۆ مرۆڤەکان ئەو کەسانەشی کە زیاتر شارەزابوون لەو شتانە بێگومان کەسای بەتەمەن بوون و تاڵی و تەنگ و چەڵەمەی ژیان زۆر شتی فێرکردوون و ئەوانیش بۆ دووبارە نەکردنەوەی ئەو شتانە هاوکاری ئەو کەسانە بوون کە لە خۆیا بە تەمەن بچوکتر یان هەر کرمەڵگا بە گشتی بوون لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە کە زۆرجار مەرج نیە مرۆڤ بتوانێت بخوێنێتەوە و بنوسێت ئیتر ئەتوانێت ڕووبەڕووی زۆر کێشەکانی ژیان بێتەوە بەڵکو خودی ژیان خۆی وانەیە گەر مرۆڤ بتوانێت سودی لێوەربگرێت.ڕزگاری چەندین کەسایەتی کۆمەڵایەتی و شارەزای تێدایە کە توانیویانە لە زۆر کێشەو بارودۆخە هەستیارەکاندا ئامادەیان هەبێت و جێگە دەستیان هەبێت لێرەدا پێمان باش بوو کە ئاماژە بە چەند ناوێك بکەین کە دیارو بەرچاون ئەوانیش.

١ حاجی فائق حمە صالح گلاڵی

Generated by Foxit PDF
http://www.foxitsoftware
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

| | |
|---|---|
| ٢ | حاجی رفعت ملەسورە |
| ٣ | حەمەی حەمە ڕەشید ملەسورە |
| ٤ | حەسەن حاجی قادری شاتری |
| ٥ | مەلا حەسەن مستەفا سەید خەلیلی |
| ٦ | مام برایم سەمین شاتری |
| ٧ | حاجی حەمەکەیفە کارێزە |
| ٨ | عومەر فارس خەلیفە حەسەن باشکی |
| ٩ | حەمە ڕەشید عەلی عارەب |
| ١٠ | شێخ محەمەد عبدالقادر" دێبنە" |
| ١١ | حاجی کەریم کاکی " گێژ" |
| ١٢ | حاجی خەلیلی گێژ |
| ١٣ | حاجی عادل گێژ |
| ١٤ | مەلا حەسەن ئەحمەد ڕۆستەم ڕۆغزایی |
| ١٥ | حاجی حمە ئەمین شەربەت |
| ١٦ | حاجی نوری دەرەواری |
| ١٧ | حاجی حەمە فەرەج مستەفا لێخوڕەیی |
| ١٨ | خەلیفە عەزیز سەیدە |
| ١٩ | ئەحمەد کاکەبرا |
| ٢٠ | فەریق حاجی ئەحمەد کارێزە |
| ٢١ | حاجی نوری ئەحمەد |



| | |
|---|---|
| ٢٢ | نەجم عبدالكريم ئاغای زەنگەنە |
| ٢٣ | مەلا سەعید باشکی |
| ٢٤ | حاجی عارف کەماڵەیی |
| ٢٥ | خەلیفە مەحمودی تیلەکۆ |
| ٢٦ | حەمە ڕەشید حاجی مشیر تیلەکۆیی |
| ٢٧ | حاجی برایمی قەلاڕێویلە |
| ٢٨ | حاجی مامۆستا مەلا عبداللە تەپەسپی |
| ٢٩ | حەمە ڕەشید حەمە عەزیز سەرناوە |
| ٣٠ | حاجی عومەری گێژ |
| ٣١ | مەحمود عەلی عارەب کەوا چەرموو |
| ٣٢ | مام ڕەسول حەمە کارێزی |
| ٣٣ | حاجی محەمەد عەلی تەورە |
| ٣٤ | عەلی وەسمان هەوارگە قولەیی |
| ٣٥ | حاجی مەلیعەی گلاڵی/دێ بنە |
| ٣٦ | ئەحمەدی حاجی شەریف/حاجی عواد |
| ٣٧ | مامۆستا مەلا صالح کەماڵەیی |
| ٣٨ | حاجی محەمەد سلێمان/توکن |
| ٣٩ | حاجی نوری خاسە |
| ٤٠ | حاجی حسێن سەیدە |
| ٤١ | جەمال دەروێش |

Generated by Foxit PDF
http://www.foxitsoftware
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

| | |
|---|---|
| ٤٢ | مامۆستا مەلا عەزیز/عەزیز قادر |
| ٤٣ | حاجی صالح عەلی(خوری) |
| ٤٤ | حاجی مامۆستا عومەر فارس کەماڵەیی |
| ٤٥ | حاجی حسێن ناسری پوقە |
| ٤٦ | حاجی مستەفا محەمەد خورشید |
| ٤٧ | محەمەد ڕەحیم ئاغای ڕەمەوان |

## سەرچاوەکان

١-کتێبی (شەهیدی فەرماندە"مام سلێمان تەپەسپی)چاپی یەکەم ساڵی٢٠١٣ کەلار لەنوسینی (سیروان سلێمان).



٢- کتێبی (قەزای کفری .. شارە دێی کەلار لەپەنجاکاندا و پاسەکەی حاجی لەنێوان(١٩٦١ – ١٩٧٥) چاپی یەکەم ساڵی (٢٠١٢) کەرکوك لاپەرە(١٨٦-١٩٠) لەنوسینی (محمد شاكەلی) .

٣-توێژینەوەیەکی مەیدانی لەسەر(ناحیەی ڕزگاری) ساڵی ٢٠١٣ لەئامادەکردنی(کاروان عبدالله علی- هونەر علی حسن) و بەسەرپەرشتی (م.یاسین ئاشور جوهر) وەکو بەشێك لەپێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەزانستی جوگرافیا.

٤- گۆڤاری ئەنفال ..ساڵنامەیەکی تایبەتە بەئەنفال و جینۆساید .

٥- گۆڤاری ئەنفالستان ژمارە(١٠) لەساڵی(٢٠١٣)

٦- کتێبی (بیرەوەرییەکانی سەنگاوی) چاپی یەکەم ساڵی٢٠٠٤ سلێمانی ..سود لەئەلبومی وێنەکان وەرگیراوە.

٧- کتێبی(ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق ، عێراق و جیهان) لەئامادەکردن و دانانی (د.هاشم یاسین حداد -سەردار محمد عبدالرحمن) چاپی دووەم ساڵی (٢٠١١).

٨-لێکۆڵینەوەیەك لەسەر(بەکارهێنانی زەوی لەناحیەی ڕزگاری (صمود) بەشێك لەپێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی (بەکالۆریۆس لەزانستی جوگرافیا.لەئامادەکردنی (سۆران محمود عبدالرحمن-سنور حسین امین) بەسەرپەرشتی(پ.د.حسن محمد زەنگەنە) ساڵی(٢٠٠٩ – ٢٠١٠).

٨- کتێبی "کەلار لەلادێ وە بۆ شار" نوسینی د.دەربار محەمەد،چاپخانەی کارۆ،چاپی دووەم،سلێمانی (٢٠١٠).

Generated by Foxit PDF
http://www.foxitsoftware.com
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

٩- ڕۆژنامەی "گەرمیان پۆست" هەردوو ژمارە ٩٢ ی ساڵی ٢٠١٣ و ١٠٠ی ساڵی ٢٠١٤.

١٠- ئەنفال و گرێ دەروونیەکان نوسینی نەسرینی مەلا کەریم.

"سوود لە چەندین کتێبی تر وەرگیراوە وەك نەخشەسازی و ڕێکخستن و وشەکاری ڕێزمانی.

## چاوپێکەوتنەکان

| | |
|---|---|
| ١ | (فازل محەمەد حەمید) پسپۆڕی زمانی عەرەبی مامۆستا لەقوتابخانەی کۆماری بنەڕەتی |



| | |
|---|---|
| ٢ | (کاك جەلیل کۆکسی) یەکێك لەپێشمەرگە پارتیزانەکانی گەرمیان |
| ٣ | (عەلی مەلا حەسەن ڕۆغزایی) کادری بنکەی ڕزگاری،ناوەندی کۆمەڵایەتی گەرمیان |
| ٤ | م.پگاە علی مردان بەشی دەروونناسی زانکۆی گەرمیان |
| ٥ | م.ی. خلیل محمد براخاس بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکان- زانکۆی گەرمیان. |
| ٦ | م.ی، کریم ئەحمەد عزیز. مامۆستای زانکۆی گەرمیان. |
| ٧ | (عاصی حەمە کەیفە) کەسایەتی ناسراوی سنوری گەرمیان و شاعیری میللی |
| ٨ | (حاجە حەمە ئەمین شەربەت) پێشمەرگەی دێرینی خانە نشین کراو. |
| ٩ | ( محمد محمود تۆفیق) ناسراو بە (کاکە موحەمەدی براوگەل)کەسایەتی ناسراوی شارۆچکەی ڕزگاری |
| ١٠ | (فتاح ابراهیم جبار) لێپرسراوی بەشی کارگێری شارۆچکەی ڕزگاری. |
| ١١ | (ئاراز محمد محمود) سەرۆکی شارەوانی ڕزگاری |
| ١٢ | بەڕێوەبەرایەتی ئیدارەی گەرمیان بەشی ئامار |
| ١٣ | خالد سلیمان نوسەر و ڕۆژنامەنوس |
| ١٤ | (جەزا ئەحمەد) کڕیار و فرۆشیاری زەوی لەشارۆچکەی ڕزگاری |
| ١٥ | (صالح ڕۆستەم محمود) لێپرسراوی بەشی دارایی شارۆچکەی ڕزگاری |
| ١٦ | (ڕزگار ئەمین قادر) مامۆستا و پسپۆڕ لەبواری جوگرافیا لەخوێندگای ئامادەیی گەرمیان |
| ١٧ | (م.ستار قادر سەمین) یاریدەری خوێندگای ئامادەی گەرمیان و پسپۆری بواری جوگرافیا |

Generated by Foxit PDF Editor
http://www.foxitsoftware
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

| | |
|---|---|
| ١٨ | کەریم حەمید مەجید(حاجی کەریمی ئاو) لێپرسراوی فەرمانگەی ئاوی شارۆچکەی ڕزگاری |
| ١٩ | (سەنگەر هادی محەمەد) مامۆستا و پسۆڕی بواری جوگرافیا |
| ٢٠ | مفوضی پۆلیسی لێکۆڵەر (دڵشاد عەلی قادر) لێپرسراوی بەشی لێکۆڵەری بنکەی پۆلیسی شارۆچکەی ڕزگاری |
| ٢١ | ئەفسەری پۆلیس (نەقیب هەیاس حەسەن فەتاح) لێپرسراوی بنکەی هاتوچۆی شارۆچکەی ڕزگاری |
| ٢٢ | ئەفسەری پۆلیس(ملازم ئامانج عارەب غێدان) لێپرسراوی بنکەی بەرگری شارستانی لە شارۆچکەی ڕزگاری |
| ٢٣ | مفوضی پۆلیس(جەبار سلێمان ئەحمەد) لێپرسراوی بەشی کارگێری بەشی دارستان و ژینگەی کەلار |
| ٢٤ | ملازمی یەکی پۆلیس(یوسف محمد حسێن) لێپرسراوی بنکەی دارستان و ژینگەی شارۆچکەی ڕزگاری |
| ٢٥ | (حەیدەر نەزمە عەلی) سەرۆکی فەرمانگەی باری شارستانی ڕزگاری |
| ٢٦ | قادرصاڵح قادر ناسراو بە( قادری شەهیدان) لەبەرێوەبەراتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی شارۆچکەی ڕزگاری |
| ٢٧ | (کامران غفار غفور) لێپرسراوی بەشی کشتوکاڵی شارۆچکەی ڕزگاری |
| ٢٨ | (حەسەن عەلی ئەضغر) لێپرسراوی فەرمانگەی دابەشکردنی کارەبای شارۆچکەی ڕزگاری |
| ٢٩ | (د.سۆران خەلیل محمد) لێپرسراوی هۆبەی ڤێتێرنەری شارۆچکەی ڕزگاری |
| ٣٠ | (هیوا دارا محەمەد) لێپرسراوی بەشی لێکۆڵەری داد لەدادگای بەرایی ڕزگاری |



| | |
|---|---|
| ٣١ | (ئارام موحەمەد مولود) بەڕێوەبەری فەرمانگەی دادنووسی ڕزگاری |
| ٣٢ | (عادل عبدالکریم وەهاب) بەڕێوەبەری مەڵبەندی تەندروستی سەرەکی دکتۆر شەهید قاسم |
| ٣٣ | (عەدنان محمد قادر)بەڕێوەبەری مەڵبەندی تەندروستی سەرەکی گەرمیان |
| ٣٤ | (دارا حمە سعید حمەئەمین) لێپرسراوی بەشی کوتانی ڕزگاری |
| ٣٥ | (م.سندوس کازم عبداللە) لێپرسراوی دایەنگەی منداڵانی ڕزگاری |
| ٣٦ | (م.صلاح حسن حسین) لێپرسراوی سەنتەری پاراستنی مناڵانی ڕزگاری |
| ٣٧ | (حەلاو محەمەد ڕەشید) بەڕێوەبەری باخچەی ساوایانی ڕزگاری |
| ٣٨ | (چیمەن جەلال محەمەد)بەڕێوەبەری باخچەی ساوایانی دایك |
| ٣٩ | م.عبدالرحمن جمال محی الدین لێپرسراوی بەشی پلاندانان/لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی کەلار |
| ٤٠ | سامان ئەمین حەمید لێپرسراوی کتێبخانەی گشتی ڕزگاری |
| ٤١ | ( مامۆستا مەلا عبدالمجید محەمەد ئەحمەد بەرزنجی) پێش نوێژ و وتارخوێنی مزگەوتی گەورەی ڕزگاری |
| ٤٢ | (سەروەت مەحمود ئەمین) جێگری دووەمی کۆمیتەی ڕێکخستنی ڕزگاری (ی.ن.ك) |
| ٤٣ | (فەرمان ئەحمەد عەزیز) کارگێری لقی گەرمیان/یەکێتی قوتابیانی کوردستان |
| ٤٤ | ( کەریم عەلی کەریم) هەڵسوڕاوی بزوتنەوەی گۆڕان/بازنەی ڕزگاری |
| ٤٥ | (دلێر کەریم) لێپرسراوی لیژنەی ڕزگاری مامۆستایانی پیشەیی کوردستان |

Generated by Foxit PDF
http://www.foxitsoftware
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.

| | |
|---|---|
| ٤٦ | ( كازم جەمال محەمەد) ئەندامی كۆمەڵەی ڕوناكبیری و كۆمەڵایەتی كەركوك/نوسینگەی ڕزگاری |
| ٤٧ | (سەلام حەمید خورشید و محەمەد نوری خورشید) دوكاندار و دارفرۆش |
| ٤٨ | (ئەركان والی ڕۆستەم) دوكاندار و فۆتۆكۆپی و كۆمپیوتەر |
| ٤٩ | ( سامان شوكر محەمەد) خاوەنی دوكانی سەرتاشخانە |
| ٥٠ | (فضل الدین عبداالله ئەحمەد) خاوەنی دوكانی پینەچی |
| ٥١ | ( رفعت ابراهیم سلێمان) خاوەنی یەكێك لەعەرەبانە دەستگێڕەكان |
| ٥٢ | ( دانیار حەسەن مستەفا) خاوەنی دوكانی گەنم و جۆ |
| ٥٣ | ( ئەحمەد عەبدولا ڕەشید) خاوەنی دوكانی تۆمارگەی گەرمیان |
| ٥٤ | (سۆران مەحمود مەجید) خاوەنی دەرمانخانە و یاریدەری پزیشك بۆ چارەسەری نەخۆش. |
| ٥٥ | (عوسمان محەمەد فەرەج) خاوەنی دوكان |
| ٥٦ | وریا مەجید حەمە ئەمین و سمكۆ بابان حەمید |
| ٥٧ | (م.عارف عومەر ئەحمەد)لێپرسراوی كەرتی مامۆستایانی ڕزگاری/ یەكێتی مامۆستایانی كوردستان |

## پێرست


| ژمارە | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | **دەستپێك** | ٣ |
| ٢ | ***بەشی یەكەم : مێژووی دروستبوونی(صمود) ڕزگاری*** | ١١ |
| ٣ | پێش دروست بونی مێژووی شارۆچكەكە | ١٢ |
| ٤ | مێژووی دروستبونی كۆمەڵگای صمود"ڕزگاری"ئێستا | ١٣ |
| ٥ | ڕاگوێزانی گوندنیشینەكان بۆ كۆمەڵگای صمود | ١٥ |
| ٦ | كۆمەڵگای صمود لەنێوان ساڵانی (١٩٨٧ — ١٩٩١) | ١٧ |
| ٧ | هەڵبژاردنی پارلەمانی ساڵی(١٩٩٢) | ٣١ |
| ٨ | كۆمەڵگای صمود"ڕزگاری" لەنێوان(١٩٩٣ — ٢٠٠٠) | ٣٣ |
| ٩ | ***بەشی دووەم جوگرافیای شارۆچكەی ڕزگاری*** | ٣٦ |
| ١٠ | نەخشەی تەواوی ڕزگاری | ٣٧ |
| ١١ | هەڵبژاردنی شارەوانیەكان | ٣٨ |
| ١٢ | ڕووبەری شارۆچكەكە | ٣٩ |
| ١٣ | خشتەی گەڕەكانی ڕزگاری بەپێی ئاماری(٢٠١٠ | ٤١ |
| ١٤ | نەخشەی كارگێری گەڕەكانی ڕزكاری | ٤٣ |
| ١٥ | تاپۆی سەرۆكایەتی شارەوانی ڕزگاری | ٤٣ |
| ١٦ | شوێنی شارۆچكەی ڕزگاری لەسەر نەخشەی هەرێمی كوردستان شوێن و پێگەی جوگرافیای شارۆچكەكە | ٤٤ |
| ١٧ | ناوی بەرێوەبەرەكانی ڕزگاری | ٤٦ |
| ١٨ | ژمارەی دانیشتوانی ڕزگاری | ٤٧ |
| ١٩ | ژمارەی گوندەكانی ڕزگاری | ٤٨ |
| ٢٠ | بەشی دارایی ڕزگاری | ٤٩ |
| ٢١ | پێكهاتەی جیۆلۆجیای شارۆچكەكە | ٥٠ |
| ٢٢ | ئاو و هەوا | ٥١ |
| ٢٣ | دەرامەتی ئاو | ٥٢ |
| ٢٤ | خاك و ڕووەكی سروشتی | ٥٣ |

Generated by Foxit PDF Creator © Foxit Software
http://www.foxitsoftware.com For evaluation only.
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.


| | | |
|---|---|---|
| ٢٥ | پرۆژە خزمەتگوزاریەکانی ناحیەی رزگاری<br>سەرژمێری گشتی رزگاری | ٥٤ |
| ٢٦ | چۆنیەتی گەشەکردنی رزگاری | ٥٥ |
| ٢٧ | دانیشتوان بەگوێرەی تەمەن لە شارۆچکەکە | ٥٦ |
| ٢٨ | دابەشکردنی ژمارەی دانیشتیوان بەپێی رەگەز لە رزگاری | ٥٧ |
| ٢٩ | هۆکاری کۆچکردنی گوندنیشەکان بۆ شارۆچکەی رزگاری | ٥٨ |
| ٣٠ | ***بەشی سێ یەم: دامەزراوە نشتیمانەکانی حکومەت<br>لەشارۆچکەی رزگاری*** | ٥٩ |
| ٣٠ | فەرمانگەکانی رزگاری | ٦٠ |
| ٣١ | **باسی یەکەم/فەرمانگەکانی وەزارەتی ناوخۆ لەرزگاری** | ٦٠ |
| ٣٢ | یەکەم/بەرێوەبەرایەتی رزگاری | ٦٠ |
| ٣٤ | دووەم/ بنکەی پۆلیسی رزگاری | ٦٢ |
| ٣٥ | سێ یەم/بەرێوەبەرایەتی بنکەی هاتۆچۆی رزگاری | ٦٣ |
| ٣٦ | چوارەم/بنکەی بەرگری شارستانی رزگاری | ٦٤ |
| ٣٧ | پێنجەم/ بنکەی پۆلیسی دارستان و ژینگەی رزگاری | ٦٦ |
| ٣٨ | شەشەم/فەرمانگەی باری شارستانی شارۆچکەی رزگاری | ٦٨ |
| ٣٩ | **باسی دووەم/دام و دەزگا جیاوازەکانی شارۆچکەی رزگاری** | ٧٠ |
| ٤٠ | یەکەم/بەرێوەبەرایەتی کاروباری شەهیدان و<br>ئەنفالکراوەکان/گەرمیان | ٧٠ |
| ٤١ | دووەم/بەشی کشتوکاڵی رزگاری | ٧٢ |
| ٤٢ | سێ یەم/فەرمانگەی دابەشکردنی کارەبای رزگاری | ٧٣ |
| ٤٣ | چوارەم/فەرمانگەی ئاوی رزگاری | ٧٤ |
| ٤٤ | پێنجەم/هۆبەی ڤێتێرنەری رزگاری | ٧٥ |





| | | |
|---|---|---|
| ٤٥ | شەشەم/دادگای بەرایی رزگاری | ٧٦ |
| ٤٦ | حەوتەم/فەرمانگەی دادنوسی رزگاری | ٨٤ |
| ٤٧ | هەشتەم/مەڵبەندی تەندروستی | ٨٦ |
| ٤٨ | یەکەم:مەڵبەندی تەندروستی سەرەکی دکتۆر شەهید قاسم | ٨٦ |
| ٤٩ | دووەم:مەڵبەندی تەندروستی سەرەکی گەرمیان | ٨٧ |
| ٥٠ | نۆیەم/بەشی کوتانی رزگاری | ٨٨ |
| ٥١ | دەیەم/ فەرهەنگخانەی رزگاری | ٨٩ |
| ٥٢ | **بواری پەروەردەیی و رۆشنبیری و ئاینی و رۆژنامەگەری** | ٩٠ |
| ٥٣ | یەکەم/دایەنگەی منداڵانی رزگاری | ٩٠ |
| ٥٤ | دووەم/سەنتەری پاراستنی منداڵانی رزگاری | ٩٢ |
| ٥٥ | سێ یەم/باخچەی ساوایان<br>باخچەی ساوایانی رزگاری | ٩٣ |
| ٥٦ | باخچەی ساوایانی دایك | ٩٥ |
| ٥٧ | چوارەم/قوتابخانەکانی رزگاری | ٩٦ |
| ٥٨ | پێنجەم/کتێبخانەی گشتی رزگاری | ١٠٠ |
| ٥٩ | شەشەم/ بواری ئایینی | ١٠٢ |
| ٦٠ | حەوتەم/بواری رۆژنامەگەری و رۆشنبیری | ١٠٤ |
| ٦١ | ***بەشی چوارەم/ بژێوی ژیانی رۆژانەی خەڵك لە رزگاری*** | ١٠٨ |
| ٦٢ | ***بەشی پێنجەم/ رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە<br>شارۆچکەی رزگاری*** | ١١٦ |
| ٦٢ | ***بەشی شەشەم/ ئەنفال و رزگاری*** | ١٢١ |
| ٦٣ | ئەنفال و رزگاری | ١٢٢ |
| ٦٤ | کاریگەری ئەنفال لەسەر دانیشتوانی شارۆچکەی رزگاری | ١٢٦ |

Generated by Foxit PD
http://www.foxitsoftwar
Edited by Foxit PDF Editor
Copyright (c) by Foxit Software Company, 2003 - 2009
For Evaluation Only.


| | | |
|---|---|---|
| ٦٥ | یەکەم/لەڕوانگەی سایکۆلۆژی( دەرونی)یەوە: | ١٢٦ |
| ٦٦ | دووەم/ لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە | ١٤٧ |
| ٦٧ | سێیەم/ لە ڕووی ئابووریەوە | ١٥٢ |
| ٦٨ | **کەسایەتیە کۆمەڵایەتیەکانی ڕزگاری** | ١٥٥ |
| ٦٩ | سەرچاوەکان | ١٥٩ |
| ٧٠ | چاوپێکەوتنەکان | ١٦١ |
| ٧١ | پێرست | ١٦٥ |


٠٣-٠٨-٢٠١٤